دەروازەیەك بۆ

# یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دەروازەیەك بۆ

# یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

عوسمان عەلی وەیسی

ناوی کتێب: دەروازەیەك بۆ یاسای گشتیی نێودەوڵەتی
دانانی: عوسمان عەلی وەیسی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨١٢
پیت لێدان: هۆشەنگ حەمەدەمین
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + بۆکان نوری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٧٨٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

بەهۆی پێشکەوتنی بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە یاسای گشتیی نێودەوڵەتیش بەرەوام لە پێشکەوتندایە، ئەم یاسایە کە ماوەیەکە قۆناغی گواستنەوەی لە فیکری کلاسیکییەوە بڕیوە و گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ کە تێیدا تاڕادەیەکی باش باڵادەستی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ یاسای نێودەوڵەتییە، بۆیە شارەزابوون و بەدەستهێنانی زانیاری لەم بارەیەوە بەیەکێك لە ئەرکە زانستی و تەنانەت نیشتمانییەکان دەزانرێ، نەك تەنیا بۆ قوتابی و زانایانی یاسا، بگرە بۆ هەرتاکێك لە هەر کوێیەك بێن، چونکە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر باندۆری ئەم یاسایەدایە، لە لایەکی ترەوە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و شۆڕشگێر و حزبەکان و تاکی کوردی زۆر گرینگە بزانن کە ئەم یاسایە، مانا و بنەماکان، ڕەهەندەکانی ڕێساکانی، لقە جۆر بەجۆرەکانی، تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسی نەتەوەیی و دیموکراسی و پێشکەوتنمان دیاری دەکەن.

گرفتی قووڵنەبوونەوە و مامەڵە نەکردن و نەخوێندنەوەی دروست و واقیعیانەی ئەم یاسایە، کەمتەرخەمی ڕۆشنبیرانی یاسایی و سیاسی لەمەڕ تێگەیشتن لەم لقە گرینگەی یاسا و کەڵك لێ وەرنەگرتنی بەباشترین شێوە، بەڕای ئێمە گرفتێکە، کێشەیەکە، زۆر لە کێشە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کوردستانی لە سەروبەند و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پڕ ئاڵۆزتر کردووە، تا ئێستاکەش دەگات مامەڵەیەکی سەرپێی لەگەڵ ناو و ناوەڕۆکی ئەم یاسایەدا دەکرێن، هیواداریین ئەم کتێبە هەوڵێك بێ بۆ خستنە ڕووی هەندێ لایەنی ئەم یاسایە، کە بۆ یەکەم جارە دەروازەیەك بەزمانی کوردی لەم بوارەدا پێشکێش دەکرێ.

## بەشی یەکەم

# ناساندنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

یاسای نێودەوڵەتی بەردەوام لە پێشکەوتندایە، بۆیە بەپێویستمان زانی سەرەتا پێناسەیەکی سەراپاگیری بۆ بکەین، کە خۆی لە چەندین بابەتی وەك: گرینگی و قۆناغ و خستنە ڕووی کەسی یاسای نێودەوڵەتی و ناساندن و پێناسە و جیاوازی لەگەڵ چەند یاسایەکی تردا بکەین کە ڕۆڵیان هەیە لە ڕێکخستنی پێوەندییەکاندا:

باسی یەکەم

## گرینگیی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

پەرەسەندنەکان و دەرهاویشتەکانی جیهانگیری و شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و زانیارییەکان، کۆمەڵێ گۆڕانکاریی ڕیشەییان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی هێناونەتە ئاراوە، یەکێك لە دیاردە هاوچەرخەکان ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان گەلان و تاکەکانی نێوان گەلانەوە هاتووەتە دی، شێواز و جۆری پێوەندییەکان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا گەشەیان کردووە، ئەمەش گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، بەشێوەیەك ئەستەمە چالاکییەکان لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراوی سیاسی و جوگرافیدا قەتیس بکرێن. داواکاری و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وایان لە دەوڵەت و حکوومەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە کە کار بۆ جێبەجێکردن و بەرەو پێش بردنی ئەم پێوەندییە بکەن.

ئەو ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنانەی کە بەسەر پێوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا، لە بوارە جیاوازەکانی فیکری و ڕوحی و سیاسی و ئابووری و... هتد، هاتوون، دەرئەنجامی باش و سەرکەوتن و پێشکەوتنیان لە هەردوو لایەنی فیکری و مادەی بۆ مرۆڤایەتی بەدەست هێناوە(١).

بەپێی ئەوەی بەرژەوەندی گەلان لەم سەردەمیدا تا ڕادەیەکی زۆر بەیەکەوە وابەستەیە و مەودای جوگرافیی نێوان گەلان نابێتە ئاستەنگ لە

(١) د.حسن الجليي، القانون الدولي العام، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٤، ص٣.

بەردەم پەیوەندیی نێوانیاندا، هەر بۆیە بەرژەوەندی دەوڵەتان بەکەنارگیری و دابڕانیان نایەتە دی. بوارەکانی ڕۆشنبیری و شارستانی بەجۆرێك ئاوێزانی یەکتر بوون کە ئەمڕۆ بەموڵکی گشتیی جیهانی ناو دەبرێن، هەر مرۆڤێك بیەوێ دەتوانێ لێیان بەهرەمەند بێ، لە لایەکی تر زۆر لە نهێنییەکانی زەوی و گەردوون ئاشکرا بوون و دۆزراونەتەوە، بەشێوەیەك مرۆڤ لە دەست بەسەرداگرتن و زانیاری بەدەستهێنانی پێکهێنەرەکانیاندایە. دۆزینەوە زانستییەکان کە بەخێر و خۆشی بۆ سەر مرۆڤایەتی دەگەڕێنەوە، سوود لێ وەرگرتنیان پێویستی بەساغ و سەلامەتیی سیستەمی سیاسی و هێوری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکاری لە نێوان دەوڵەتان و ئارەزوومەندی لە خزمەتکردنی مرۆڤەکان و بەرجەستەکردنی مافی گەلان و دابینکردنی ئاشتی و تەبایی هەیە، بەبێ لە بەرچاو گرتنی کات و شوێن و نەژاد و ئاین و ڕەنگ و شوێنی نیشتەجێبوون، هەموو ئەمانەش پێویستە بەیاسا ڕێك بخرێن.

لەگەڵ ئەمەشدا دەزانین کە مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە چەندین شەڕ و جەنگ و کوشتار و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، کە ئەمەش ئاشتی و گیانی پێکەوە ژیان و برایەتی و تێگەیشتن تووشی قەیران دەکا.

لە پێناو ڕووبەڕووبونەوە و بەگژداچوونەوەی هۆکارەکانی ململانێیە نێو دەوڵەتییەکان و سنوور دانان بۆ جەنگ، ئەوا لایەنگرانی خێر و ئاشتی نەوە دوای نەوە، داوایان دەکرد پێویستە لە ڕێگەی ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتییەوە سنوورێك بۆ ململانێ و هەڵوێستی نابەرپرسانەی دەوڵەتان دابنرێ.

سەرەتا هەندێ لە ڕەشبینان پێیان وابوو یاسایەکی لەم چەشنە نایەتە دی، بەڵام ڕووداوەکان ئەوەیان سەلماند کە مرۆڤایەتی دوو جار لە سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی شەڕ و کاولکاری بووەوە، دەبێ سنوورێك بۆ جەنگ و کاولکاری دابنرێ و دەوڵەتان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەپەیماننامەی نێودەڵەتییەوە پێوەست بن و هاوکاری بۆ پاراستنی

ئاشتی هەبێ و لە ژێر سایەی ئاشتییەکی بەردەوامدا ژیان بگوزەرێنین، چونکە ئاشکرایە کە دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەتۆم و گەردیلە و داهێنانی رۆکێت و چەکە کۆمەڵکوژەکان و توانایان بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی، بەچەند ساتێکی کەم، هەموو ئەوانە وایان کرد کە گەلان بکەونە خۆ بۆ ئەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان بەڕیکوپێکی رێك بخەن، بەشێوەیەك لە توانایاندا هەبێ مەترسیی کوشتوبڕی مرۆڤایەتی کەم بکەنەوە، چونکە بە هەڵگیرسانی جەنگی سێیەم دەبێتە لۆکەی لێك هەڵوەشاوە(٢) وەك ئاماژەمان پێ کرد، بەدیهێنان و رێکخستنی ئەم ئامانجەش دەبێ بەپێی یاسا ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوەی یاسا رۆڵی خۆی بگێڕێ هەر پەیامی خۆی بگەیێنێ، بەو پێیەی یاسا ئەو زانستەیە کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان و نێوان گرووپەکان رێك دەخات لە پێناو بەرجەستەکردنی ئاشتی و ئارامی و هێنانە دیی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی، دیاریکردنی ماف و ئەرك و سزادانی پێشێلکارانی یاسا کە لە بواری نێودەوڵەتیدا تەرخانچێتی «اختصاص»ی گەلان و ماف و ئەرکیان لە بەرامبەر یەکتردا دیاری دەکا، رێوشوێنی رێکخستن و دەستەبەر کردنی پێوەندی و هاوکارییان نیشان دەدات، ئەو سیستەم و دەزگایانە هەڵدەسەنگێنێ کە کار دەکەن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێو دەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی ئامانج و مەبەستەکانی پێشوو بێنە دی. ئەمانەش وایان کرد کە لە سەدەی بیستەمدا چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی و لێژنە و دەزگای دوەلی بۆ داماڵینی چەك و پاراستنی ئاشتی، رێسای دوەلی بۆ بەیەکەوە ژیانی نێودەوڵەتی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بەرێگەی ئاشتییانە و پاراستن و گەشەپێدانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا هێنایە ئاراوە و پەرەسەندنی بەرچاویش لەم یاسایە هاتە دی.

(٢) د. محمد المجذوب، الوسيط في قانون الدولي العام، الدار الجامعية للطباعة والنشر، ١٩٩٩، ص ٥-٦.

## بنەما سەرەكی هزرییەكانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

یاسای گشتیی نێودەوڵەتی لەسەر سێ بنەمای فیكری دەوەستێ كە ئەمانەن(٣):

**١- بیروباوەڕی مەسیحی**

ئەم بیروباوەڕە دەڵێ ڕەگەزی مرۆڤایەتی یەك كۆمەڵگە پێك دێنێت ئەویش كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یان كۆمەڵگەی تاكەكانە.؟ ئەم تێگەیشتنە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا شێوەیەكی سیاسی وەرگرت و، دەیویست كە ڕێكخراوێكی مەسیحیی گەورە بێتە دی، كە خاوەن سیستەمێكی یاسایی هاوبەش بێ و پیادەكردنی ڕێسای گشتی لەسەر ئەم ڕێكخراوە بێنێتە دی. ئەم بابەتەش بەگوێرەی ڕێنوێنییەكی مەسیحیەت بەڕێوە چوو، زانایانی ئاینی بایەخیان بەمەسەلەی جەنگی ڕەوا دا، واتە لێكۆڵینەوە لەو مەرجانەی ڕێگەیان دەدا بەپاشاكان هێز بەكار بهێنن بەبێ ئەوەی زیان بە ڕێنوێنییەكانی مەسیحییەت بگا یان لە نرخیان ڕێنوێنییەكان كەم بكرێتەوە.

**٢- بیری ڕۆمانی**

ئەم بیرە بۆ یاسای ڕۆمانی دەگەڕێتەوە، چونكە ڕۆمەكان جیاوازییان دەكرد لە نێوان یاسای شارستانی و یاسای گەلان، یەكەمیان بەمانای ئەوەی یاسایەكە كە بەتەنیا لە ئاستی ناوخۆی دەوڵەتی ڕۆما جێبەجی دەكرێ كە بەیاسای شارستانی دەناسرا، بەڵام دووەمیان، واتە ئەو یاسایە كە پێوەندیی خەڵكی ڕۆما بەخەڵكی دەرەرەی وڵاتی خۆیان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتدا ڕێك دەخا، ئەم پێوەندییەش لە نێوان دەوڵەتان یان گرووپە سیاسییەكاندا نەبووە بەڵكو، پێوەندیی نێوان

(٣) د. محمد المجذوب، المصدر السابق، ص ١١ ومابعدها.

تاکەکان بوو، کە بەشێکیان لە ناو ڕۆما و ئەوانی تر لە دەرەوەی ڕۆما دەژیان، ئەم یاسایە گشتی بوو، پرەنسیپی هاوبەش و گونجاوی بۆ سروشتی مرۆڤایەتی تێدا بوو. کەواتە یاسایەك لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سیاسی لە ناو دەوڵەتدا و یاسایەك کە سنووری دەوڵەت دەبەزێنێ و بۆ هەموو خەڵك بێت لە ئارادا بوو کە بەیاسای گەلان ناسرا.

**٣- بیری ئیسلامی**

شەریعەیەکی سەربەخۆیە و، کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان بۆ یاسای بەراوردکاری (مقارن) ئەوەیان قبووڵ کردووە، وەك کۆنگرەی لاهای لە ساڵی ١٩٣٧، توێژینەوەی نوێنەرانی عەرەب بۆ کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٩ و بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٤٥ ئەمەیان ڕوون کردووەتەوە بیری ئیسلامی تەنیا بایەخ بە بیر و باوەڕ و خوا پەرستی و ڕێوڕەسمی ئاینی نادات. بەڵکو نیزامێکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و یاساییە، بەزانستەکانی شەریعەت ناسراوە، ئەو بەشەشی بە (السیر) ناسراوە، یان بەشی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، کە لە یاسای ناوخۆ جیا نابێتەوە و وەك ئەو مولزەمە. ئەم بەشە ڕێگەی دەوڵەت لە جەنگ و شەڕ، هەروەها بایەخدان بە پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکان وەك جیهاد و دەستکەوت و جیاوازی دین و بازرگانی و... هتد ڕوون دەکاتەوە. لە بەناوبانگترین زانایانی عەرەب، عبدالرحمان الأوزاعي لوبنان ٧٠٧م- ٧٧٤م و، محمد بن حسن الشیباني ٧٥٠ - ٨٠٤ عیراقي.

هەر لە چاخی ڕێنیسانسەوە کاریگەریی سەر زانایان یاسای ڕۆمانی لە برەودا بوو، تا گەیشتە ئەوەی کە دەبوو پێوەندیی نێوان دەوڵەتان، کۆمەڵەکان یان سیستەمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەیاسایەك ڕێك بخرێ، لێرەدا یاساناسان بەتیۆریزەکردن و توێژینەوەکانیان، پەرەیان بەپێشخستنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دا.

باسی دووەم

## قۆناغەکانی پێشکەوتنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

ئەوروپا تا کۆتاییی سەدەی پازدە، لە لایەك لە ژێر ڕکێفی حوکمڕانیەتی سیستەمی ئاینیدا دەژیا کە لە لایەن پاپا و یاسای کڵێساوە بەڕێوە دەچوو، لە لایەکی تریشەوە لە ژێر ڕکێفی سیستەمی زەمەنی (عەلمانی) کە لە لایەن ئیمپراتۆر و یاسای کاتیدا بەڕێوە دەچوو، کاتێ ڕێنیسانس لە دوای ڕووخانی ئێمپراتۆریەتی جەرمانی لە ١٤٩٣ زدا دەستی پێ کرد، کە ئەوروپا بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ پارچە پارچە بوو، بەهۆی زۆر هۆکار، گرینگترینیان ئەوەیە کە سیستەمی دەرەبەگی گواسترایەوە بۆ سیستەمی سەرمایەداری، دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا و لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی؟ چاکسازیی ئاینی و دواتر لە دایکبوونی هەستی ناسیۆنالیزم و... هتد، وای کرد یەکێتیی ئاینی لە ئەوروپا بە کۆتا بێ و دەوڵەت لە کەنیسە جیا بکرێنەوە و سەرئەنجام تێوریزەکردنی ئەم یاسایەش پەیدا بوو.

لەم ناوەشدا زانایانی بواری یاسایی نێودەوڵەتی پەیدا بوون، گرینگترین و بەناوبانگترینیشیان هۆگۆ گروسیۆس ١٥٨٣ – ١٦٤٥ هوڵەندی بوو، کە بەدامەزرێنەری یاسای گشتیی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێ و بنەما تیۆرییکە هاوچەرخەکانی دارشت و کتێبێکیشی بەناوی یاسای جەنگ و ئاشتی دانا کە دەوڵەتان بۆ ماوەی دوو سەدە زیاتر کردیان بەدەستووری خۆیان بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانیان بەهۆی ئەو حوکم و سیستەمانەی کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەن. مێژووی کۆن پڕە لە بەڵگە لەمەڕ بوونی پێوەندیی نێودەوڵەتی لە سەردەمە کۆنەکاندا، بەکورتی قۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی دەخەینە

ڕوو، کە بەپێی تێگەیشتنی خۆمان بەسەر چەند قۆناغێکی مێژووییدا بەم شێوەیە دابەشی دەکەین:

یەکەم: سەدە کۆنەکان، لە سەرەتای مێژووەوە تا ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما ساڵی ٤٧٦ز.

دووەم: سەدەکانی ناوەڕاست، لە ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆماوە دەست پێ دەکا تا پەیماننامەی ویستڤاڵیا ساڵی ١٦٤٨زاینی .

سێیەم: سەدەمی هاوچەرخ، بەئاشتیی ویستڤاڵیا دەستی پێ کرد و بەجەنگی جیهانی یەکەم کۆتاییی پێ هات.

چوارەم: سەردەمی نوێ، بەکۆتاییی جەنگی یەکەمیی جیهانی، دەست پێ دەکا تا کۆتایی شەڕی سارد[٤].

پێنجەم: سەردەمی ئێستا، لەگەڵ ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٩٠دا دەست پێ دەکات تا ئەمڕۆ.

## پەیماننامەی ویستڤاڵیا و دروستبوونی کۆمەڵی نێودەوڵەتی

شەڕی سی ساڵەی مەزهەبی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان، لە ئەوروپا کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەم بەهۆی چاکسازیی ئاینی ڕووی دا و دواتر بارێکی سیاسیی بەخۆوە گرت، سەرئەنجام (ڕێبەرانی ئەوروپا) لە شاری ویستڤاڵیا ساڵی ١٦٤٨ لە ئەڵمانیا کۆبوونەوە و بنەچە و پرەنسیپەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیی نوێیان داڕشت، ئەم پرسیارانەش کاریگەریی بنەڕەتییان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ دانا.

لە دیارترین بنەماکانی ئەم پەیماننامەیە[٥]: پرەنسیپی یەکسانی نێوان

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. محمد سامي عبدالحميد اصول القانون الدولي العام، القاعدة الدولية، مؤسسة الشباب الجاميعية ط١، ١٩٧٢، ص١٢٦، ومابعدها.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. جيرهارد فان غلان، القانون بين الأمم (١)، ص ٢٤ ومابعدها ود.محمد طلعت الغنيمي، الاحكام العامة في قانون الأمم (قانون السلام) منشاة المعارف بالأسكندرية، ص٦٨ وما بعدها.

دەوڵەتان لە ئەرك و مافدا، كاسۆلیك بیٚ یان پرۆتستانت، پاشایەتی یان كۆماری، كەواتە دەوڵەتان بەگوێرەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی هەموویان لە یەك پلەدا بوون و هیچ جیاوازییەك بەهۆی ئاین یان بەهۆی سیستەمی حوكمڕانی لە ئارادا نەبوو، ئەمەش لە میانەی كۆنگرەیەك هاتە دی كە لەسەر خواستی پاپا نەبوو، بگرە لە لایەن ئەوانەوە بوو كە خوازیاری بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان دەوڵەتان بوون.

١– پرەنسیپی سەربەخۆیی نێوان دەوڵەتان، دوای ئەوەی كە دەوڵەتان لە ژێر دەسەڵاتی پاپا و ئیمپراتۆر ئازاد بوون، لە سەدەكانی ناوەڕاست، دەوڵەتان سەربەخۆ بوون، (دەوڵەت) شێوەی سەروەریتیٚ ڕەهای وەرگرت، كە حاكمی رەها بوو لەناوخۆی وڵات، ملكەچ نەبوو بۆ لایەنێكی تر لە ئاستی دەرەوە، كەواتە ئیتر پاپا سەرۆكایەتیی دەوڵەت ناكا و تاكە سەرۆك دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا نەما.

٢– پرەنسیپی هاوسەنگی نێودەوڵەتی، ئەم پرەنسیپە، وەك گەرەنتییەك بۆ جێبەجێكردنی پەیماننامەكە هاتە ئاراوە كە دەوڵەتەكان ڕێك كەوتن بەبەڵێندان بەهێشتنەوە و پارێزگاریكردنی بارودۆخی سیاسی، هەرێمایەتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی لە ئەوروپا، بەو مانایەی كە نابیٚ دەسەڵاتی سیاسی و هەرێمی دەوڵەت لەسەر حیسابی دەوڵەتانی تر فراوان بكریٚ و، بەرهەڵستی هەر چەشنە هەوڵێكی لەم چەشنە بدرێتەوە كە تێكدانی ئاشتیی نێودەوڵەتی لیٚ بكەوێتەوە.

٣– ڕێكخستنی پێوەندییەكان، یەكێك لەو بابەتانەی كە ئەم پەیماننامەیە هێنایە دی ڕێكخستنی پێوەندییەكان بوو، ئەویش بەئاڵوگۆڕكردنی نوێنەرایەتیی دیبلۆماسی، بۆیە ئالوگۆری سیستەمی باڵیۆزخانەی كاتییان كرد كە لەجیاتی سەفارەتی بەردەوامی ئێستا باوبوو وەك وەڵامێك بۆ بەرەوپێشچوون و پێوەندیی بەردەوامی نێوان دەوڵەتان.

بەرهەمی بەرقەراربوونی پەیماننامەی ویستڤاڵیا و جەختكردن لەسەر پرەنسیپگەلی یەكسانی و سەربەخۆیی و سەروەریتی بووە هۆی ئەوەی بۆ

یەکەم جار کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە دایك بێ، واتە بوونی کۆمەڵی دەوڵەت کە دان بەسەربەخۆیی و یەکسانیی یەکتردا بنێن، و بەیەکەوە دەژین بەگوێرەی ئەو ڕێسایانەی کە بەویستی خۆیان قبووڵیان کردوون.

لە لایەکی تر یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، تەنیا ئەو یاسایە نییە کە ڕێساکانی بەیەکەوە، ژیانی نێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەری بێننە ئاراوە، واتە ئەو یاسا کلاسیکییانەی کە پێوەندییە دیبلۆماسییەکان ڕێك دەخەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە دوژمنایەتی و سنوور بەزاندن بگرێن و لانی کەمی ئاسایش و ئاشتی دابین بکەن، بگرە ئەم یاسایە ئەو کۆمەڵە ڕێسایانەش دەگرێتەوە، هاریکاری باش و بەبەرهەمی نێوان دەوڵەتان بێننە دی لە پێناو ئایندەیەکی باشتر بۆ مرۆڤ، بەمانایەکی تر، یاسای نێودەوڵەتی تەنیا ئامرازێك نییە بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی و هاریکاری لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بۆیە پێویستە کە چاوپێداخشانەوە بکرێ بەبنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و گۆڕانی پێویست بکرێ لەسەر ئەو بابەتانەی کە چارەسەری دەکات و ئەو کەسانەش کە ڕوویان تێ دەکات و گوتاریان ئاراستە دەکا(٦) لە ئەمڕۆشدا گرینگی پێدانی ئەم یاسایە، تەنیا لەوەدا نییە کە مەرجەعی سەرەکی ڕێکخستنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیاریکردنی ئەرك و مافەکان بێ و چارەسەری ئەو مەسەلانە بکا کە پێوەندییان بەکاروباری نێودەوڵەتییەوە هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە یاساناسان داوا دەکەن چوارچێوەی ئەم بوارە فراوانتر بکرێ و بابەتی فراوانتر بگرێتە خۆی، بۆ ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی ببێتە یاسای گشتیی هەموو جیهان، لە لایەکی تر ئەم یاسایە کە گرینگی تایبەتیش بەمافەکانی مرۆڤ دەدا، وەك ئامانج و مەبەست لە تاك دەڕوانێ، دەبێ دەوڵەتان لە پێناو تاك کار بکەن و هەموو ڕێسا یاساییەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بەم بوارە بەهەند وەربگرن.

---

(٦) د. محمد المجذوب، المصدر السابق ،ص ٨، ٧.

باسی سێیەم

## ناساندنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

بۆ پێناسەکردنی یاسای نێودەوڵەتی بۆچوونی جۆراوجۆر لە ئارادان، هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە مانا و ناوەڕۆکی ئەم یاسایە پێویست دەکا کە ڕێبازە یاساناسییەکانی ئەم لایەنە بخەینە ڕوو، بەڵام ئەم ڕێبازە فیقهیانە یاسای نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی باسکردن و خستنە ڕووی کەسەکانی ئەم یاسایە تاوتوێ دەکەن، هەر بۆیە سەرەتا پێویستە ناساندنێك لەسەر کەسی یاسای نێودەوڵەتی بکەین، ئینجا پێناسەی ئەم یاسایە بخەینە ڕوو.

**لقی یەکەم: کەسیەتیی یاسایی لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا**

کەس لە زمانی ئاسایی و لە دەرەوەی بواری یاسادا، وەك لە زانستی فەلسەفە و ئەخلاق و دەروونزانی، بەمانای مرۆڤە، بەڵام لە بواری یاسادا کەس مانا و ڕێسای خۆی هەیە، کەسی یاسایی هەر کائینێك دەگرێتەوە کە یاسا ڕووی دەمی تێ بکات و لێهاتوو (شیاو-گونجاو) بێ بۆ وەدەستهێنانی ماف و وەئەستۆ گرتنی ئیلتیزامات.

مەبەست لە کەسی یاسای نێودەوڵەتی، وەخۆگرتن و شمولکردنە بەپارێزگاری هەر یەکێك کە شیاو بێ بۆ وەئەستۆگرتنی ماف و ئەرك، ئەو کەسە لە ڕووی یاساییەوە دەبێتە مەبەست و خاڵی بنەڕەتی ئەو یاسایە، کە بەهۆیەوە ئەو ماف و ئەرکانە بەرجەستە دەکات کە ئەم یاسایە بۆی دیاری کردووە و، لە پێناوی ئەودا هاتووەتە ئاراوە. بۆ زانیاری سەبارەت بەکەسی یاسایی(٧).

---

(٧) بڕوانە: د. سليمان بو ذباب، المبادئ القانونية، العامة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ١٩٩٥، ص٥٩، دواتر.

**لێهاتوویی کەسی یاسایی دوو جۆرە**

١- شیاویی (لێهاتوویی هەمیشەیی - شایستەییی ماف هەبوون- اهلیة الوجوب): شیاوییەکی (مجرد)ە کە خاوەنەکەی بەهۆیەوە دەرفەتی سوودمەندبوونی هەیە لە ماف و وەئەستۆگرتنی ئەرك.

٢- شیاوی ڕاپەڕاندن (لێهاتوویی - توانایی ڕاپەڕاندن - أهلیة الأداء): بەدەستهێنانی توانایە لە لایەن کەسێکە بۆ ئەنجامدانی کار و هەڵسوکەوتی یاسایی، بە شێوەیەك یاسا قبووڵی بکات و بتوانێ ماف وەدەست بخا و ئیلتیزامات هەڵبگرێ[٨] خاوەنی شیاوی یاسایی بەهەردوو جۆری هەمیشەیی و ڕاپەڕاندن یان کەسی سروشتی یان کەسی مەعنەوی (واتایی)یە.

نموونە وەك تاك بۆ یەکەمیان لە یاسایەکی ناوەخۆدا، دووەمیان لەسەر فیکرەیەکی ئیعتیباری وەستاوە کە کۆمەڵە کەسێك هەڵدەستن بەچالاکییەکی دیاریکراو، کەسایەتیی یاسایی وەردەگرن و دەتوانن لەو ماف و ئەرکانە بەهرەمەند بن و بەهۆیەوە ئەو ئەنجامانە بەدەست دەهێنن کە ئەم کەسە لە پێناویدا هاتووەتە دی و بەکەسی مەعنەوی دەناسرێ، نموونەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا وەك دەوڵەت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یەکێتییە نێودەوڵەتییەکان، هەرێمە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتاییدا تاك کە گرینگیی زۆری لە لایەن یاسای نێودەوڵەتییەوە وەرگرتووە.

لێرەدا یاسای نێودەوڵەتی وەك هەر یاسایەکی تر ئەم دوو جۆرە لێهاتووییە دەناسێ، هەر بۆیە هەموو دەوڵەتێك توانای (مجرد)ی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو ماف و ئەرکانەی کە ئەم یاسایە بۆی دیاری دەکا کە ئەمە (أهلیة الوجوب - شیاوی هەمیشەیی)ە. بەڵام هەموو دەوڵەتێك شیاوی ڕاپەڕاندنی نییە ئەگەر خۆی توانای پراکتیکی وەئەستۆگرتنی شیاوی

(٨) بڕوانە: د. عوض احمد الزعي، المدخل الى علم القانون، دار وائل للنشر، ط١، ٢٠٠١، ص٤٣٢.

هـەمـیشەیـی نـەبـێ، وەك ئـەو دەوڵـەتـانـەی لـە ژێر سیستـەمـی پـاراستـنـدان (حمایە)، کە هـەموو ئـەو مـاف و ئـەرکـانـەی هـەیە کە دەوڵەتێکی تر هـەیەتی، بـەڵام کـەڵك وەرگـرتـن لـەو مـاف و ئـەرکـانـە لـە بـەشێکـی یـان هـەمـووی بەستراوەتەوە بەچۆنییەتیی پابەندبوون و ملکەچبوونی بەو حیمایەوە[٩].

**لقی دووەم: پێناسەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی**

دوای ئەوەی زانیمان مەبەست لە کەسی یاسایی چییە، کەسی یاسایی نـێودەوڵـەتـیـمـان ڕوون کـردەوە، پـێویستـە پـێنـاسـەی یـاسای گشتـیـی نێودەوڵەتی بکەین، کە دەکرێ ئاماژە بەرێبازەکانی یاساناسان بکەین و بەگشتی سێ ڕێبازمان هەیە بۆ پێناسەکردنی ئەم یاسایە:

**١- ڕێچکەی کلاسیکی: دەوڵەت تاکە کەسی یاسایی نێودەوڵەتییە**

یاساناسانی کلاسیکی وا سەیری یاسای نێودەوڵەتی دەکەن کە تەنیا بایەخ بەماف و ئەرکی دەوڵەتان دەدا، چونکە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کاتێ بۆ یەکەم جار بەدەرکەوتنی دەوڵەتانی نەتەوەییی دامەزرا، کە لە ئەورووپا لە سەدەی حەڤدە لە دایك بوو و، تەنیا بایەخی بەدەوڵەت دەدا. هەر بۆیە دەوڵەت بەتەنیا خاوەنی خاسیەتی کەسی یاسایی نێودەوڵەتی بوو. ئەم پـێنـاسە و نـاسـانـدنـە زیـاتـر لـە سێ سەدەی خـایـاند، لە ساڵی ١٦٢٥ەوە، گروسیوس Grotius پێناسەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی کرد، بەوەی کە «ئەو یاسایە یەکە حوکمی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان دەکا». لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم و تەنانەت ئێستاکەش لایەنگرانی ئەم پێناسەیە هەن.

هەر بۆیە دادگەی نێودەوڵەتی هەمیشەییش ئەم پێناسەیەی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٢٧دا دەڵێ: یـاسایـی نـێودەوڵـەتـی ئـەو یـاسایـەیـە کە حوکمی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکان دەکا[١٠].

---

(٩) حسن الجلبي، المصدر السابق، ص ١٦٥.

(١٠) د. علي صادق أبوهيف، القانون الدولي العام، ط ١١، الأسكندرية، ١٩٧٥، ص١٨.

**هەڵسەنگاندنی ڕێبازی کلاسیکی**

ڕێبازی کلاسیکی لەگەڵ ئامانجەکانی سێ سەدە لەمەوبەری یاسای نێودەوڵەتی و باری کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەگونجێ، کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی تەنیا لە دەوڵەت و یاسای نێودەوڵەتیش تەنیا پێوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتانەی ڕێك دەخست.

بەڵام ئەم ناساندنە لەگەڵ ئامانج و ئەو پێوەندییانەی ئێستاکە ئەم یاسایە ڕێکیان دەخا، ناگونجێ. چونکە ڕێکخستنی پێوەندییەکان تەنیا لە نێوان دەوڵەتاندا نییە، کۆمەڵی نێودەوڵەتییش تەنیا لە دەوڵەتان پێك نایەت و لەگەڵ ئامانجەکانی ئێستای ئەم یاسایەدا ناگونجێ. چونکە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و کەسی نێودەوڵەتی تر پێك دێ، یەکێتییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمی و تایبەتییەکان، یەکێتییە کارگێڕییە نێودەوڵەتییەکان، لێژنەی ڕووبارە دوەلییەکان، ئەو هەرێمانەی لە ژێر سیستەمی چاودێریدان، یان ئەم سیستەمە دەیانگرێتەوە، هەروەها تاك و کەسەکانی تری ئەم یاسایە.

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێبازی کلاسیکی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا ناگونجێ.

**٢- ڕێچکەی بابەتی: تەنیا کەسی یاسای نێودەوڵەتییە**

بەپێچەوانەی ڕێچکەی کلاسیکی، ڕێچکەی یاسای بابەتی دەڵێ: تەنیا تاك کەسی یاسایی یاسای نێودەوڵەتییە، و، بنیاتنەری ئەم بۆ چوونە یاسانناسی ناسراوی فەرەنسی (دیگی)یە. کە نکوڵی لە کەسایەتیی مەعنەویی دەوڵەت دەکا و، بەبۆچوونی ئەو دەوڵەت تەنیا گریمانەیەکە و هیچ بەهایەکی نییە.

کە پرسیار بکەین ئایا بۆچی لای لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، لە پێشیانەوە دیگی، تەنیا تاك بەکەسی یاسایی دەزانن؟ چونکە ئەم ڕێبازە نکوڵی دەکا

لەوەی کە دەوڵەت کەسایەتیی مەعنەویی هەبێ و، تەنیا تاك کەسی یاساییە، وە خاوەن ئیدراك و ئیرادەیە، کەواتە تەنیا کەسی سروشتی خاوەن ئیرادەیە و قانون دەتوانێ موخاتەبەی بکا و، بەکەسی یاسایی دابنێ و ئەمەش لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا وایە. چونکە کەسی مەعنەوی ناکرێ کەسایەتیی یاسایی هەبێ(١١).

**هەڵسەنگاندنی ئەم ڕێچکەیە**

نکۆڵی کردنی کەسایەتی لە کەسی مەعنەوی و لەوانەش دەوڵەت لە لایەن ئەم ڕێچکەیەوە بەزیادەڕەوی لە قەڵەم دەدرێ و، ڕەخنەی لێ دەگیرێ کە لە ڕادەبەدەر ڕاستی بارودۆخی کۆمەڵی نێودەوڵەتی وەلاناوە، چونکە دەوڵەت کەسایەتی سەرەکییە تێیدا، بەڵام تاك –بەگوێرەی– ڕای زۆر لە یاساناسانی نێودەوڵەتی –بەم شێوەیە تا ئێستا نەبووەتە کەسی یاسایی نێودەوڵەتیی گشتی، هەروەها مامەڵەی نێودەوڵەتیی لەگەڵ تاك لە ئاستی نێودەوڵەتی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو سەرەتا لە ڕێگەی دەوڵەتی خۆی و لە هەندێ باریشدا لە سەرووی دەوڵەت دەتوانێ مامەڵە بکا.

**٣- ڕێچکە سەردەمییەکان - نوێیەکان**

دەوڵەت کەسی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتیی گشتیی. زۆربەی یاساناسان بۆ ئەوە دەچن کە دەوڵەت تاکەکەسی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو کەسی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتی گشتییە، یاساناسانی ئەم ڕێبازە بۆ سێ گروپ دەبن(١٢):

---

(١١) ليون دگی، دروس في القانون العام، ترجمة د. رشدي الخالد، منشورات مركز البحوث القانونية، وزارة العدل، بغداد، ١٩٨١، ص٤٦ وما بعدها.

(١٢) د. عصام العطية، القانون الدولي العام، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ٢٠٠٦، ط ٦، ص١٤ وما بعدها.

**گرووپی یەکەم**

ئەم گرووپە دەوڵەت بەکەسی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتی دادەنێ، بەڵام باس لە کەسانی تری سەرەکی یان ناسەرەکی ناکا، بەلای ئەوەدا ناچێ کە کەسایەتییەکانی تر کامانەن، خۆی دەپارێزێ لە پێناسەکردنیان یان دیاری کردنی ژمارەیان. بۆ نموونە شارل ڕۆسو بەم جۆرە پێناسەی ئەم یاسایە دەکا:

یاسای گشتی نێودەوڵەتی ئەو یاسایەیە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بایەخ دەدا بەڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان، یان بەشێوەیەکی تر ئەو یاسایەیە کە پێوەندیی نێوان کەسەکان ڕێك دەخا.

**گرووپی دووەم**

ئەم گرووپە بەشێوەیەکی ئاشکرا تاك لەوە دوور دەخەنەوە کە یەکێك لە کەسەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بێت. واتە کە ناوی چەند کەسێکی یاسایی دەهێنێ، بەڵام ڕاشکاوانە تاك دوور دەخانەوەم لەوەی کە کەسی یاسایی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی بێ، بۆ نموونە بادفان دەڵێ:

یاسای نێودەوڵەتی کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی کە پێوەندی دەوڵەتە سەربەخۆکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان لە پێوەندییە دوو لایەنەکانیاندا پابەند و ڕێك دەخا.

**گرووپی سێیەم**

ئەم گرووپە لە پاڵ دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا جێگەیەکی بەرتەسك بۆ تاك دادەنێ و لە پەراوێزدا بەکەسی یاسایی دادەنێ. کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، ئەو کۆمەڵە ڕێسایەیە کە لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ دەبێ.

لە خوێندنەوەی پێناسە سەرەکییەکانی ئەم سێ گرووپەدا، ئەوە دەبینین

کە بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی ڕەچاو دەکەن. هەر بۆیە چوارچێوەی ئەم یاسا نێودەوڵەتییە گشتییە فراوان دەکەن، بۆ ئەوەی سەرەڕای دەوڵەت کەسایەتیی تری وەك ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڤاتیکان و کەسە نێودەوڵەتییەکانی تر و، لە هەندێ باردا تاکیش دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێساکانی ئەم یاسایە هەموو کەسەکان بگرێتەوە و بەسەریاندا جێبەجێ بن.

**بەکورتی**

لە هەڵسەنگاندنی هەریەکە لە ڕێچکەی کلاسیکی و بابەتی، دەبینین هەریەکە لەوانە کەموکوڕییان هەیە، چونکە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا جگە لە دەوڵەت و تاك، کەسی یاسایی ترشی هەیە و ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتییان لەسەر جێبەجێ دەبێ.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێبینییانە، دەکرێ پێناسەی یاسای نێودەوڵەتی بکەین بەوەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی کە بڕیار لە سەر پێوەندیەکانی نێوان کەسەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دەکەن و دەسەڵات و تایبەتمەندییەکان و پابەندییەتیی هەریەکەیان دیاری دەکەن.

**٤- ناوی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی**

یاسای نێودەوڵەتی کە ڕۆمەکان گوزارشتی یاسای گەلان Jus Gentium یان بۆ بەکار هێنا، لە لای ڕۆمانییەکان بەمانای کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بوو کە بێگانە لە هەموو نەتەوە و شارستانییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما سوودیان لێ وەردەگرت، لە بەرامبەر گوزارشتی یاسای شارستانی Jus civile کە تەنیا بەسەر هاووڵاتییانی ڕۆمانی جێبەجێ دەکرا.

دواتر گوزارشتی تری وەك یاسای جەنگ و ئاشتی، یاسای ڕەگەزی

مرۆڤایەتی، یاسای سیاسەتی دەرەوە و یاسای نێوان دەوڵەتان بەکار هات. ئینجا یاسای نێوان نەتەوەکان Jus inter gents کە گوزارەشتێکی لاتینی پەسندکراوە و، دواجار پرۆفیسۆری ئینگلیزی بنتام یەکەم کەس بوو کە چەمکی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیی Public International Lawی بەکارهێنا وە ئێستا ئەم چەمکە بەکار دێ.

زانایانی زمان دەڵێن پێویستە بڵێین قانوونی دووەلی (القانون الدولي) واتە دالە کە زەمەی لە سەر بێ و، واوی دووەم فەتحەی لەسەر بێ، چونکە بۆ کۆمەڵی دەوڵەت بەکاردێ و، بەمانای بەشداریی دەوڵەتان دێ تێیدا و، نەڵێن دەوڵی (الدولي)، چونکە بۆ جیاکردنەوە لە گەلی یان عورفی یان یاسای هۆزایەتی و ئەم مانایانە بەکار دێ.

باسی چوارەم

## یاسای گشتیی نێودەوڵەتی و چەند ڕێسایەکی تر

یاسای نێودەوڵەتی بەتەنیا پێوەندییەکانی نێوان کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕێك ناخا، بەڵکو چەند ڕێسایەکی تر هەیە کە جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە لەگەڵ یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا دوای ئەوەی کە پێناسەیەکی سەراپاگیرمان کرد، گرینگە کە جیاوازی بکەین لە نێوان ڕێسایەکی تری وەك موجامەلەی نێودەوڵەتیی و ڕەوشتی نێودەوڵەتی و یاسای سروشتی و یاسای نێودەوڵەتی تایبەت، وەك لە خوارەوە خراوەتە ڕوو.

**١- جیاوازی لەگەڵ ڕێسای موجامەلەی نێودەوڵەتی**

موجامەلەی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵێك نەریت کە دەوڵەتان لەسەر شێوەی موجامەلە ئەنجامی دەدەن، بۆ بەڕێوە چوونی پێوەندییەکانیان، بەبێ ئەوەی کە پابەندییەکی یاساییی ڕەوشتییان لەسەر بێ. کەواتە موجامەلەکردن ئەنجامدانی کارێکە کە هیچ پابەندییەکی یاسایی یان ئیعتبارێکی ڕەوشتی لەسەر نییە، بەڵکو ئارەزوویەکی لەپشتە بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی و توندوتۆڵ کردنی هاوڕێیەتی و نییەت پاکی و ڕاستگۆیی و پیادەکردنی پرەنسیپی مامەڵە کردنی وەك لە نێوان دەوڵەتان(١٣).

نموونەی کاری موجامەلەی دوەلی وەك(١٤):

١- بەخشینی گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەتی بێگانە لە باجی هاتنە ناوەوە و مەرجەکانی مانەوە.

---

(١٣) د. محسن افكيرين، القانون الدولي العام، النهضة العربية، ط ١، ٢٠٠٥ ص١٨.

(١٤) د. سهيل حسين الفتلاوي و د.غالب عواد حوادة، القانون الدرلي العام، الجزء الأول، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٧، ص٣٩.

٢- پێدانی جیاوکی تایبەت بۆ ئەندامانی نێرراوەکانی دەوڵەتێك، زیاتر لەوەی کە لە رێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکاندا هاتووە.

٣- ئامادە کردنی خوانی خواردن و ئێواران بۆ سەرانی دەوڵەتی میوان،

٤- پێشوازیی گەورە لێپرسراوان لە هاووێنانی لە دەوڵەتی میوان.

٥- پێشوازیی سەرۆکی دەوڵەت لە وەزیری دەرەوە یان وەزیرەکانی تر.

٦- پێشوازیی سەرۆکی دەوڵەت یان وەزیرەکان بۆ هاووێنانی لە دەروازەی نووسینگەی فەرمی.

٧- رێگەدان بەسەرۆکی دەوڵەتێکی بێگانە کە بەسەر ئاسمانی دەوڵەتدا بڕوا و ناردنی برووسکەی ڕێز و سوپاس لە کاتی ڕۆیشتنی.

٨- هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت بۆ سەرۆکایەتیی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی کە لە ناو وڵاتەکەی ئەو دا دەبەسترێ.

جیاوازیی نێوان موجامەلەی نێودەوڵەتی و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەوەیە کە ئەنجامنەدانی کارێکی موجامەلەی دووەلی بەهەڵوێستێکی ناڕەوا لە قەڵەم نادرێ و هیچ بەرپرسیاریەتییەکی یاسایی نێودەوڵەتیی لەسەر نییە، بەڵکو هەرچی لەسەر ئەم سەرپێچییە دەکرێت ئەوەیە کە لایەنەکەی تر (دەوڵەت) بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکا، دەکرێ ڕێسای موجامەلەی نێودەوڵەتی بگۆڕدرێت بۆ ڕێسای یاسایی، کاتێك لە چوارچێوەی داو و نەریت یان رێککەوتندا خاسیەتی پابەندیەتی وەردەگرێ، ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆی تایبەت بە پاراستن و جیاوکەکانی دیبلۆماسی سەرەتا موجامەلەی نێودەوڵەتی بوون، هەروەها پەلامارنەدانی ڕاوچییانی دەوڵەتێك لە کاتی جەنگدا موجامەلە بوو، پاڵنەرایەتیی مرۆڤایەتی وای کرد کە ببێ بەرێسای عورفیی ئیلزامی، دواتر لە ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٧٠دا تۆمار کرا. بەپێچەوانەشەوە دەکرێ ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی خاسیەتیی

پـابـەندیـەتی لـە دەست بدا و ببێتە موجـامـەلـە وەك سڵاوی دەریـایـی کـە سەرەتـا ڕێسایـەکی یـاسایی مولزەم بـوو، دواتر بـوو بـەموجـامـەلـەیـەکی نێودەوڵەتی(١٥).

ڕەوشتی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵێك پرەنسیپ و بەهـای مرۆڤانە کە ویـژدانـی جـیـهـانـی دەی چـەسـپـێـنـێ لـەسەر دەوڵـەتـان، بـۆ ئـەوەی لـە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریاندا بەهەندی وەربگرن کە بۆ ڕای گشتیی جیهانی گرینگە، بەبێ ئەوەی هیچ ئیلتیزامێکی یاسایی لە سەر بێ. هەر بۆیە ڕەوشتـی نـێودەوڵـەتیی لـەگەڵ ڕێسای یـاسای نێودەڵـەتیی گشتی کۆکە لەسەر ئەوەی کە بـایـەخ بە پێوەندیی نێوان دەوڵەتان دەدا و، خـاسییـەتێکی هـەیـە کـە بـەردەوام لـە پێشکەوتـندایـە، بـەڵام جیـاوازە لـەگەڵیدا چونکە خـاسییـەتی ئیلـزامیـی نییـە و، بـەرپـرسیـاریـەتیی لـە سەر نییە، تەنانەت نـاڕەزایـی و ئـەنـجـامـدانـی کـاری وەك یـەکیش، بـەڵام لـەکـەدارکردن و پشتگوێخستنی پرەنسیپەکانی ڕەوشتی نێودەوڵەتی بـەرپـرسیـاریـەتی ئـەوەی لـەسەرە کـە ڕای گشتـی نـێودەوڵـەتـی، دەورووژێنـێ. لـە نموونـەی ڕەوشتی نێودەوڵەتی(١٦):

١– پرسە و پیرۆزباییەکان بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوون و جەژنە و بۆنە نیشتمانییەکان.

٢– هـاریـکـاریـی مـرۆڤـایـەتی و پزیشکی لـە کـاتی ڕوودانـی کـارەساتی سروشتی و نەخۆشیی پەتا و یارمەتیی لە کاتی جەنگدا، لە ڕێگەی ناردنی یارمەتیی ماڵی و پزیشکی.

٣– ڕاگەیاندنی داخ و ناڕەزایی و هاودەردی بۆ کارێك یان دڵنیایی بۆ مەسەلەیەك، کارێکی لەم چەشنە، لە لایەن ئەو دەوڵەتەوە بەرێز و خۆشی و بەباش وەردەگیرێ.

(١٥) د. عبدالحسین القطیفی، المصدر السابق، ص٢٤–٢٥.

(١٦) د. سهیل حسین الفتلاوي، الجزء الأول، المصدر السابق نفسه، ص٤١.

٤- پۆشینی جلوبەرگی فەرمیی تایبەت لەسەردان و بۆنە و بەیەکگەیشتنەکان.

٥- ناردنی پەیامی پیرۆزبایی لە بۆنە نیشتیمانی و جەژنەکانی لەدایکبووندا.

لە کۆتاییدا، هەروەك ئاماژەمان پێ کرد کە ئەنجامنەدانی ئەم کارانە هیچ بەرپرسیاریەتی و گلەییەکی لەسەر نییە و، پێوەندییان بە سروشتی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانەوە نییە، دەکرێ پێوەندیی باش یان خراپ بێ، بەڵام گوزارشت لەسەر کراوەی دەسەڵاتی فەرمانرەوا و پلەی بایەخدانی بەکێشە مرۆڤایەتییەکان دەکا.

ڕێسای ڕەوشتی نێودەوڵەتی دەگۆڕێ بۆ ڕێسای یاسایی، جا لە ڕێگەی عورفی نێودەوڵەتی یا ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتییەوە بێ، وەك ڕێککەوتننامەی ژنێڤی تایبەت بە باشکردنی باری بریندار و نەخۆش کە لە ٢٢/ ئاب/١٨٦٤دا بەسترا و، چەند جار هەموار کرا تا دواجار لە ١٢/ئاب/١٩٤٩ چوار ڕێککەوتننامەی لەم بارەوە لێ کەوتەوە، هەروەها ڕێککەوتننامەکانی لاهایی (١٨٩٩-١٩٠٧) و (١٩٢٩-١٩٤٩) تایبەت بەمامەڵە کردن لەگەڵ جەنگ، ئەم ڕێککەوتننامانە هەندێ پرەنسیپی ڕەوشتییان کردە یاسای ئیلزامی لە نێوان دەوڵەتاندا. نموونەی تریش وەك بازرگانی بەکۆیلە، ئافرەت، منداڵ، بازرگانی مادە هۆشبەرەکان، لەناوبردنی بەکۆمەڵ، جیاکاریی نەژادی، هاوکاریی منداڵە کان...هتد.

ڕێسای ڕەوشتی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ لە پڕکردنەوەی هەندێ کەلەبەر و گرێیدا یاسای نێودەوڵەتیدا، وەك ئەوەی کەلە دیباچەی ڕێککەوتننامەی لاهایدا هاتووە لە ١٨/تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ ی تایبەت بەیاسا و دابوی جەنگی وشکایی، کە لەو بارانەی کە دەقێکی تایبەتی لە ڕێککەوتننامەکەدا نەهاتووە، ئەوا دانیشتوان و جەنگاوەران بە

پرەنسیپەکانی یاسای گەلان و یاساکانی مرۆڤایەتی و پێشهاتەکانی ویژدانی گشتی، پارێزگاری دەکرێن. هەروەها ئەوەی کە لە بڕگەی دوو مادەی یەك لە پڕوتۆکۆڵی یەکەمی ١٠/حوزیرانی/١٩٧٧دا کە تایبەتە بەپاراستنی قوربانییانی ناکۆکییە نێودەوڵەتی بەچەکدارانەکان هاتووە لەو بارانەی کە لەم پڕۆتۆکۆڵە و لە ڕێککەوتننامەکاندا نەهاتووە، ئەوا هاولاتییان و جەنگاوەران بەگوێرەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و ویژدانی گشتی، پارێزگاری دەکرێن(١٧).

**٣- جیاوازی لەگەڵ یاسای سروشتی**

یاسای سروشتی کۆمەڵە بنەما و پرنسیپێکی جێگیر و نەمرن کە بۆ هەموو کات و شوێنێك وەك یەکن و، گۆڕانیان بەسەردا نایەت کە وێنەی هەرە بالان و عەقڵ دەیاندۆزێتەوە.

هەروەك لوفور پێناسەی دەکات: «یاسای سروشتی کۆمەڵە ڕێسای بابەتین کە عەقڵ درکیان پێ دەکا و، پێش خواستی (ئیرادەی) مرۆڤ دەکەوێ بۆ ئەوەی حوکمەکانی خۆیان بەسەریدا بچەسپێنێن». لە مەشەوە دەزانین کە یاسای سروشتی وێنەکردنێکی یاسایی تیۆرییە کە گوزارشت لە دادوەری و نموونەی بالا و ویژدان دەکا، بەلام یاسای نێودەوڵەتی یاسایەکی دانراوە، هێزی خۆی لە جێبەجێکردندا دەبینێ. دادگەی نێودەوڵەتی ڕێساکانی یاسای سروشتی جێبەجێ ناکا، چونکە ئەم ڕێسایانە بەدوای دادی ڕەهادا وێڵن، تەنیا ئەگەر لایەنەکان ڕازی بوون بەجێبەجێکردنی(١٨) و ئەمەش بڕگەی ٢ لە ماددەی ٣٨ی سیستەمی بنەڕەتی دادگەی دادی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ داوە کە دەڵێ دادگە دەسەلاتی یەکلاکردنەوەی لە هەر کێشەیەك هەیە کە بەپێی پرەنسیپەکانی

(١٧) بۆ زانیاری، بڕوانە دەقی ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ١٩٠٧ و پڕۆتۆکۆڵی یەکەمی ژنێڤ لە ١٠/ حوزەیرانی/١٩٧٧.

(١٨) د. محسن افکرین، المصدر السابق، ص٢٠.

یەکسانیخوازی و ویژدانەوە حوکم بکا، هەر کاتێك لایەنەکانی داوا کە لەسەری ڕازیبوون.

٤- جیاوازی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیی تایبەت

یاسای نێودەوڵەتیی تایبەت، لقێکی تایبەتی یاسای ناوخۆیە، کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی دەگرێتە خۆی بەهۆیەوە بڕیار دەدات ئەو یاسا ناوخۆیە جیبەجێ دەبێ، ئەگەر پێوەندییەکی یاسایی هاتە ئاراوە و ڕەگەزێکی بێگانە لایەنێکی بوو، واتە ئەو بارانە هەڵاوێر دەکا و گرینگییان پێ دەدات کە مافی تاکی دەوڵەتێکی تری تێدا بێ.

یاسای نێودەوڵەتیی تایبەت کە یاسایەکی بابەتییە، هەڵدەستێ بەدیاریکردنی ڕەگەزنامەی ئەو کەسانە کە سەر بەچ دەوڵەتێکن (تحديد جنسية الأشخاص التابعين للدولة) و، پێگەی بێگانەکان (مركز الأجانب) تێیدا دیاری دەکا و، چارەسەر بۆئەو مەسەلانەی کە لە بواری ناکۆکیی نێودەوڵەتیی یاساکاندا هەن (التنازع الدولي للقوانين) دەخاتە ڕوو کە دەبێ پەیڕەوی لێ بکری و، تایبەتمەندی چ دادگەیەکە (الأختصاص القضائی) ڕوون دەکاتەوە.

بابەتە سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بریتین لە[١٩]:

هەردوو یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و نێودەوڵەتیی تایبەت جیاوازن لە ڕووی بابەت و شوێنی جێبەجێکردنەوە، ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی تایبەتن بەدەوڵەت و ڕێکخراوەکان و کەسەکانی تر و تایبەتمەندی و ئیلتیزاماتی هەریەکەیان دیاری دەکا، بەڵام یاسای نێودەوڵەتیی تایبەت پێوەندیی بەم کەسانەوە نییە، بەڵکو بواری تاکەکانی دەوڵەتانە، ڕەگەزنامەیان دیاری دەکا و باری بێگانە نیشان دەدات و ئەو لایەنەش ڕوون دەکاتەوە کە مافیان چەندە، ئەو یاسایەی پێویستە جێبەجێ بێ

(١٩) د. غازي حسن صباريني، المصدر السابق، ص١٧-١٨.

لەگەڵ ئەو دادگەیەی کە تایبەتمەندە بەیەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی دیاری دەکا، کە ڕەگەزە بیِّگانەکەی تیِّدا دیِّتە ناوەوە. کەواتە یاسای نیِّودەوڵەتی تایبەت، حوکمی پیِّوەندییەکانی نیِّوان تاکەکان بەدەوڵەتانی بیِّگانەوە دەکا. بۆ نموونە هاووڵاتییەکی کوردستان بۆ بازرگانی دەچیِّتە دوبەی کیِّشەیەکی بۆ دروست دەبیِّ لە گریِّبەستیِّك لەگەڵ کەسیِّك لە کۆریای باشوور ئایا چ دادگەیەك ئەم کیِّشەیە یەکلا دەکاتەوە دادگەی کوردستان، یان دادگای ئیمارات یان دادگەی کۆریای باشوور، لەم حاڵەتەدا یاسای نیِّودەوڵەتیی تایبەت ئەم کیِّشەیە چارەسەر دەکا.

باسی پێنجەم

## پێوەندیی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆ

یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆ، یەك سروشتی فەلسەفییان هەیە، ڕێسای نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێسای ناوخۆ، لە بنەماکاندا هاوبەشییان هەیە، بۆ دیاریکردنی پێوەندیی نێوان ئەم دوو یاسایە، دوو تیۆریی سەرەکی هەن، کە ئەم بارە دیاری دەکەن، ئەمانیش بریتین لە تیۆری دوانەیی یاسا و تیۆریی تاك یاسا.

**یەکەم: تیۆریی دوانەیی یاسا**

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، وەك تریبل و ئەنزیلۆتی، دەڵێن هەردوو یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوەخۆ، دوو سیستەمی یاسایی سەربەخۆ و یەکسان و لێك جیاوازن و هیچ پێوەندییەکیان لە نێواندا نییە، ئەمەش بەچەند پاساوێك ڕوون دەکەنەوە. هەردووکیان جیاوازن لە ڕووی سەرچاوە و بابەت و کەسە یاساییەکان و سزا و نیزام و چوارچێوەی جێبەجێکردن و لایەنی هەیکەلییەوە، ناکرێ ڕێسای یاسای نێودەوڵەتیی جێبەجێ بکرێ تەنیا بە (پێشوازیکردن – أستقبال– ڕەوانەکردن – أحاله) نەبێ بۆ یاسای ناوخۆ[٢٠].

**دووەم: تیۆریی تاك یاسایی**

پێچەوانەی تیۆریی یەکەم، لایەنگرانی ئەم تیۆرییە دەڵێن کە یەکگرتووییەکی لۆژیکی یا سروشتی لە نێوان هەردوو یاسادا هەیە و ڕێساکانی هەریەکەیان لە یەك نیزامی یاسایی سەرچاوە دەگرن، بەڵام لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەسەر ئەوەی کامە تیۆرییان سەرەکیترە بۆ

---

(٢٠) جيرهارد فان غلان، القانون بين الأمم (١)، دار الأفاق الجديدة، ترجمة عباس العمر، ص ٩–١٠.

کامە تیۆری، دابەشبوون بۆ دوو ڕێڕەو[٢١].

**١- تیۆریی باڵا دەستی بۆ یاسای ناوخۆیە**

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن ڕێسای یاسای ناوخۆ لە سەرووی ڕێسای نێودەوڵەتییە و، بەڵگەیان ئەوەیە دەستووری دەوڵەت دەسەڵات و تەرخانچییەکان (السلطات والأختصاصات) لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دیاری دەکا و پێوەندییە نێودەوڵەتی و پەیماننامەکان، بەخواستی تاك لایەنەی دەوڵەت دەبن، بۆیە یاسای نێودەوڵەتی لە یاسای ناوخۆوە دەکەوێتەوە و، لقیش شوێنکەوتووی ئەسڵ دەبێ.

**٢- تیۆریی باڵادەستی بۆ یاسای نێودەوڵەتی**

پاسا و بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە پلەی یاسا، وەك کە خێزان دەبێ ملکەچی سیستەمی گوند بێت و، ئەمەش ملکەچی سیستەمی شار و پارێزگا بێ، تا دەگاتە دەوڵەت کە بەرژەوەندی هەموویان دەپارێزێ، چونکە یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخەری کۆمەڵی نێودەوڵەتییە، بۆیە دەبێ ئەم یاسایە لە ڕووی پلە و دەسەڵات باڵاتر بێ.

لایەنگریی لە بۆچوونی باڵا دەستیی یاسای نێودەوڵەتی بەسەر ناوخۆ دەکەین، چونکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە مامەڵەکردنی دیبلۆماسی و لە ڕووی دادگەی نێودەوڵەتی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لایەنە نێودەوڵەتییەکان وەك دادگای دادی نێودەوڵەتیی هەمیشەیی لە ڕووی پێشینەوە کە باڵا دەستیی یاسای نێودەوڵەتی دووپات دەکەنەوە، هەروەها لەسەر ئاستی نیشتیمانی، کە سەیری دەستووری زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکەین، پابەندبوونی خۆیان بەم یاسایە دووپات، دەکەنەوە و ڕێز بۆ گرینگی و باڵا دەستیی ئەم یاسایە دادەنێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەوڵەتی و دەوڵەتان، یاسای نێودەوڵەتی لە سەرووی یاسای خۆیان دادەنێن.

---

(٢١) جيرهاد فان غلان، القانون بين الأمم (١)، المصدر السابق ص١٠ -١١. و د. غازي حسن صباريني، المصدر السابق، ص٤٠ - ٤١.

باسی شەشەم

## بنەماکانی پابەندبوون بەیاسای نێودەوڵەتی

پێشکەوتن و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سەرنجی یاساناس و بیریارانیان بەو ئاراستەیە دابرد کە پێویستە ڕێسای گشتی بۆ حوکمکردنی پیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان هەبێ. لەم بۆ چوونەدا ئەو باسە هاتە پێش کە ئایا دەکرێ وەسفی یاسای نێودەوڵەتی بکەین، بەوەی ڕێساکانی بەرکارن -دانراو- (الوضعية)، یاسای بەرکاریش بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی ڕێ و ڕەوشتیی گشتیی بێ لایەنی کە پێوەندیی کەسەکانی یاسایی ڕێك دەخەن و پەیڕەوکردنیان ئەرکە لەسەر شانی هەموو کەسێك و سەرپێچیکردنیان دەبێە هۆی چەسپاندنی سزا کە لە لایەن دەسەڵاتداریتی گشتییەوە دەسەپێنرێ[٢٢].

فەلسەفەی بەرکاری -دانراو- وەزعی- تەنیا دان بەو یاسایەدا دەنێ کە لە ناو دەوڵەتێك لە کاتێکی دیاریکراودا هەیە و، یاساو دەوڵەت بەیەکەوە پێویست و پابەند دەکا، کە یاسای دانراو ئەو یاسایەیە کە لە ئیرادەی دەوڵەت لە سەر شێوەی یاسا، عورف، دادگە، دەردەچێ، وەزعییەتی یاسایی جەخت لەسەر دوو بیر دەکاتەوە، ئەوانیش داننانە بەیاسای دانراو لە دەوڵەتێکی دیاریکراو جێبەجێ دەبێ، نکۆڵیکردنی لە فیکرەی یاسای سروشتی لە لایەکی تر[٢٣].

(٢٢) بۆ زانیازیی زیاتر بڕوانە: د. جعفر الفضلي و د. عبد الحسين الفضل، المدخل للعلوم القانونية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، ط ١، ١٩٨٧، ص١٤ ومابعدها، ود. عبد الباقي البكري وزهير البشير، المدخل لدراسة القانون، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ص٢٥ ومابعدها.

(٢٣) بڕوانە: د. سمير تناغو، المرجع السابق، ص ١٠٩ وبعدها.

بۆ ئەوەی یاسا بسەپێ و جێبەجێ بێ دەبێ خواست هەبێ، فەرمان لەسەر کراوەکان ناچار بن پێی پابەند بن، سزا لەسەر لادەران دابنێ، لە کاتێکدا خواستی دروستکەر و بڕیاردانی یاسا وا پێویست دەکا بەرزتر و بەهێزتر بن لە خواستی ئەوانەی ڕوویان تێ دەکەن، ئەوا مەرج نییە دەبێ هەر لە دەزگایەکی تایبەت بەدەرکردنی یاسا دەربچێ لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا، بەڵکو بەشێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ دەکرێ لە کۆمەڵە خەڵکێکەوە بێت لە ناو دەوڵەت (عورفی نیشتمانی) یان کۆمەڵە کەسێکی کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە (عورفی نێودەوڵەتی) بێ، یان بەئاشکرا و بەنادیاری دەکرێ لە هەندێ کۆمەڵی ناوەخۆ لە ناو دەوڵەت دەربچێ، وەك کۆمەڵە و سەندیکا و... هتد، یان لە هەندێ کۆمەڵە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەك ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەمەوە پێویستە بگوترێ جیاوازیی نێوان لایەنگرانی بەرکاری کۆمەلایەتی و بەرکاری دەوڵەت لەسەر ئەو خواستەیە کە دەکارێ یاسای بەرکار دروست بکات، کە لایەنگرانی بەرکارانی دەوڵەت جگە لە دەوڵەت دان بەهیچ شتێکی تردا نانێن کە یاسا دروست بکا، بەڵام لایەنگرانی بەرکارانی کۆمەلایەتی بەگشتی دان بەهەموو کۆمەڵێکی ڕێکخراودا دادەنێن بەمەرجێك کە بەرامبەر ئەو کەسانەی پێکی دەهێنن پیادەی بکەن. سەبارەت بەجیاوازی بۆچوون کە بەرکاری یاسای نێودەوڵەتیی گشتیش دەرئەنجامی جیاوازیی بۆچوونە لەسەر خواستی دروستکەری یاسای بەرکار(٢٤).

ئەگەر بەپێوەر یا پێناسەی لایەنگرانی بەرکاری دەوڵەت ئەم خواستە وەربگرین، ئەوا دەبێ بڵێین کە یاسا نییە، بەڵام ئەو ڕەخنانەی لەم تیۆرییە گیران یاساناسانی هاوچەرخ گەیشتنە ئەوەی دان بەیاساییبوونیدا بنرێ

(٢٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عثمان علي حسن، الوضعية القانونية (دراسة تحليلية) بحث منشور بأشراف د. شيرزاد أحمد النجار، في مجلة پاريزەر، العدد ٩، اربيل، ٢٠٠٥، ص٢١٤، ومابعدها.

و بەرکاری کۆمەڵایەتی پەسەند بکەن، لەوەشەوە یاساناسانی ڕۆژئاوا کۆدەنگن لەسەر بەرکاری یاسای نێودەوڵەتی گشتی، بەڵام دابەشبوون بەسەر دوو قوتابخانەدا ئەمانیش بریتین لە: قوتابخانەی دانراو-بەرکاری- خواستگەرایی (الأرادة -الوضعية) و قوتابخانەی سروشتی -بابەتی (الطبيعة-الموضوعية)(٢٥).

**١- ڕێبازی خواستگەرایی (دانراو)**

ئەم ڕێبازە لە لای یاساناسانی ئەڵمانی سەری هەڵداوە، بنەمای ئەم ڕێبازە لە بیری جان جاك ڕۆسووە سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێ: یاسا گوزارشتە لە ئارەزوو و خواستی گشتیی کۆمەڵ، ئەم بیرە چۆن بۆ ئەو ڕێسایانە دروستە کە حوکمی پێوەندیی نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگە دەکەن (دەوڵەت)، ئاواش بۆ ڕێسای ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان ڕاستە و سەبارەت بەیاسای نێودەوڵەتی، یاساناسان لەم تیۆرییەدا دوو ڕێڕەویان دیاری کردووە:

أ- تیۆریی خواستی تاك لایەنە

یاسانـاسی ناسراوی ئەڵمانی، یلینك کە پێی دەگوت کۆتی خودی، ئەم تیۆرییەی داناوە و دەڵێ: یاسای نێودەوڵەتی خاسیەتی ئیلزامییەتی لە خواستی هەردەوڵەتە بەتەنیا وەردەگرێ و خۆی خۆی کۆت دەکا، چونکە دەسەڵاتێکی بالاتری لە سەروو نییە، دیارە ئەمەش لەگەڵ لۆژیکی یاسایی ناکۆکە یاسا خواستەکان کۆت دەکات، چۆن دەکرێ سیفەتی ئیلزامی لە خواستی کەسەکانی وەربگرێ، هەروەها کە خواستی دەوڵەت خۆی بێ هەرکاتێ بیەوێ دەتوانێ ئەوە ڕابگەیەنێ کە پابەندنییە و خۆی ئازاد بکا.

(٢٥) د. محمد سامي عبدالحميد، أصول القانون الدولي العام، ص٢٢ ومابعدها، ود.منذر الشاوي، المدخل لدراسة القانون الوضعي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط١، ١٩٩٨، ص١٩٨ ومابعدها.

**ب- تیۆریی خواستی هاوبەشی دەوڵەتان**

زانای ئەڵمانی تریبڵ دەڵێ: لەبەرئەوەی دەسەڵاتی باڵا نییە کە خاسییەتی ئیلزامییەتی یاسای نێودەوڵەتی لێی وەربگیرێ، هەربۆیە پەنا دەباتە بەرخواستی دەوڵەتان، بەڵام خواستی تایبەتی هەر دەوڵەتە ناتوانێ سەرچاوەی ئیلزامی یاسا بێ، بەڵکو لە کۆی خواستی تایبەتی هەموو دەوڵەتان یان ژمارەیەك لە خواستی بەکۆمەڵی گشتیی دەوڵەتان سەرچاوە دەگرێ.

ئەو ڕەخنەیەی لەم تیۆر دەگیرێ ئەوەی کە هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە دەوڵەتان بەشداری لە پێکهێنانی خواستی بەکۆمەڵ دەکەن بۆ ئەوەی ڕێز لەم خواستانە بگیرێ، چ شتێك ڕێگرە کە هەر کاتێ ویستیان پابەند نەبن، (تربیل) دەڵێ هەستی (شعوور)ی دەوڵەتان بە پابەند بوون بەو خواستە بەکۆمەڵەیە کە ڕێگە دەگرێ لێی دەربچن، بەڵام ئەم هەستە چییە؟ بۆ دەوڵەتانی تازە دروست بوو کە خواستی خۆیان بەشداریی ئەو خواستە هاوبەشەیان نەکردووە چۆن پابەند بن.

ج- تیۆری هەرەمیی ڕێسای یاسایی (نظرية تدرج القانونية)

ئەم تیۆرییە کە بە قوتابخانەی نەمساوی، یان تیۆریی یاسا پاقژی (-نظرية المحضة في القانون- مدرسة القانون البحث- النظرية المجردة للقانون) ناسراوە، تیۆریی یاساییی دانراوە، بۆ هەموو یاسایەکی دانراو نەك بۆ یاسایەکی دیاریکراو، کە تیۆرییەکی گشتیی یاسایە، نەك بۆ شیکردنەوەی نیزامێکی یاساییی دیاریکراو، نیشتمانی بێ، یان نێودەوڵەتی و، دەیەوێ ماهییەتی یاسا و چۆنیەتیی پێکهاتنی دیاری بکات، بەبێ ئەوەی پرسیار بکا کە دەبێ چۆن بێ و، پێویستە چۆن پێك بێ[٢٦]. ئەم تیۆرییە کە بەناوی هەردوو زانای نەمساوی کلسن و فردوس

(٢٦) هانس كلسن، النظرية المحضة في القانون، ترجمة الدكتور أكرم الوتري، منشورات مركز البحوث القانونية (١١) بغداد، ١٩٨٦، ص٥٢.

ناوزەد کراوە، لەسەر فیکرەی پەیژەیی ڕێسای یاسایی وەستاوە کە دەڵێ: نیزامی یاسایی بەشێوەیەکی گشتی هەرەمێکە لە ڕێسا و، ئەو هەرەمە ڕێسایەکی بنەڕەتیی هەیە کە ئەحکامەکانی ڕێك دەخا و هێزی پابەندبوون دەبەخشێتە ئەو ئەحکامانە و، ئەو ڕێسایەی کە پلەی لە خوارەوەیە ملکەچ دەبێ بۆ ڕێسای سەرووتر، تا بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگەنە ڕێسا بنەڕەتییەکە. بۆ نموونە حکوومەت بۆ دەرکردنی ڕێنوێنییەکانی پشت بەو یاسایانە دەبەستێت کە لە پەرلەمان دەردەچن، یاساکان پشت بەدەستوور دەبەستن، ئەویش بەیاسای نێودەلەتی دەبەستێ بەم شێوەیە پلە بە پلە ڕێساکانی یاسا هەرەمی دەبن تا دەگەینە ڕێسایەکی گریمانەیی بنەڕەتی (قاعدة أساسة أفتراضية) کە هێزی یاسایی ئیلزامی دەبەخشێتە هەموو یاساکان، ئەو ڕێسایەش پیرۆزی ڕێککەوتن و وەفادارییە بەپەیماننامە[٢٧] ئەم تیۆرییە کە لۆژێکی شکلیی بەهێزە و جێی سەرسوڕمانە، بەڵام زۆربەی یاساناسانی هاوچەرخ دووپاتی ناکەنەوە، چونکە لە لایەك لەسەر گریمانەیەك (افترضی) دانراوە، کە لە خانەی پرەنسیپە چەسپاوەکانی یاسادا نییە و ئەو بنەمایەش ڕوون نەکراوەتەوە کە ڕێسا بنەڕەتییەکە بوون و هێزی لێ وەردەگرێ[٢٨].

**٢-تیوریی یاسای سروشتی**

بیرۆکەی یاسای سروشتی لەگەڵ لەدایکبوونی فەلسەفەوە بڵاوترین فیکرەبووە، کۆنترین فیکرە بووە، کۆنترین بیرە کە سیمایەکی فەلسەفەیی هەبێ و، لە هەموو شارستانیەتەکان کۆنی فیرعەونی و بابلی و یۆنایی و

(٢٧) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هانس کلس، ص١٠٧ ومابعدها، د.شیرزاد أحمد النجار، محاضرات (الدستور كقاعدة أساسية للنظام في الدولة) ألقيت علي طلبة الدراسات العليا -ماجستر- في كلية القانون، جامعة صلاح الدين (٢٠٠٣- ٢٠٠٤).

(٢٨) بڕوانە: د. عبدالرحمن رحيم عبدالله، محاضرات في فلسفة القانون، اربيل، ٢٠٠٠، ص١١٠، ومابعدها.

ڕۆمانی و هاوچەرخدا هەبووبێ، وتەی (یاسا بەبێ یاسای سروشتی نییە) چەسپاوە و جێگیر بووە، پوختەی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بۆ کەماڵ هەوڵ دەدا و، دەبێ یاسایەکی بەرز و باڵاتر هەبێ لە یاسای دانراو (لە خواستی مرۆڤ) کە پێوەندییەکان ڕێك بخا، کە لە سروشتی شتەکان یان لە کەرەمی خواییەوە دەردەچێ و عەقڵی پاراو درکی پێ دەکا، کە یاسایەکی جێگیر و ئەزەلییە بەگۆڕینی شوێن ناگۆڕێ و بۆ هەموو کات و شوێنێك دروستە[٢٩].

کەواتە بیرۆکەی یاسای سروشتی، بوونی ڕێسایەکە پێش یاسای وەزعی دەکەوێ و بەرزترە لێی، نەمر و جێگیرە، بۆ هەموو کات و شوێنێك و بۆ هەموو گەڵێك، کە دادوەری باڵایەو بەسەر هەموو دامەزراوەکانی مرۆڤایەتییەوەیە، کە ناکرێ وەلابنرێ و سەرپێچیی لێ بکرێ، بابەتیەتی تێدایە؛ چونکە گوزارشت لە خواستی یاسادانەر ناکا، و دوانەیی تێدایە کە سەربەخۆیە لە یاسای دانراو[٣٠] لایەنگرانی ئەم تیۆرییە دوو بەشن، باوەڕداران ئەم یاسایە بەخواستی خوا پێوەست دەکەن، و دەستەیەکی تر پێوەستی دەکەن بەعەقڵی مرۆڤ و بەسروشت. یاساناسانی ڕۆمانی بەیاسای گەلان (قانون الشعوب) ناویان ناوە، کە کۆمەڵە پرەنسیپێکە دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێ بێ لەسەر هەموو گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، کە یاسایەکی گشتییە و دەرئەنجامی سروشتی کۆمەڵایەتی و لۆژیکیی مرۆڤە، فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاست و پیاوانی کڵێسەی مەسیحی وەریان گرت و گۆتیان ئەو یاسایە کە سروشتی مرۆڤ دەیسەپێنێ و، بەشێکە لە یاسای خوایی و مرۆڤەکان لە ڕێگەی هۆشیانەوە هیدایەت دەدا. دەوڵەتانی ئەورووپی کە لە

(٢٩)د. أحمد إبراهيم حسن، مفهوم القانون الطبيعي عند فقهاء الرومان، الدار الجامعة، ص٥–١١.

(٣٠) د. منذر الشاوي، مذاهب القانون، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ط٣، ١٩٩١، ص٢٥–٢٦.

سەدەکانی شازدە و حەڤدە لە دەسەڵاتی پاپا ڕزگاریان بوو، دەوڵەت سەروەریەتیی وەرگرت، یاساناسان گوتیان کە دەوڵەتان لە پێوەندییەکانیاندا، بەو ڕێسایانە پابەند دەبن کە دەرئەنجامی سروشتی کۆمەڵایەتی بوون و هۆشی مرۆڤە، دارێژەرانی بناغەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی وەك گروسیوس و ڤاتیل، ئەم تیۆرییەیان وەرگرتووە، لەو باوەڕەدا بوون کە یاسای سروشتی دەکرێ بەڕێسایەکی ڕێکەوت (قواعد اتفاقیة) تەواو بکرێ[٣١] هەر بۆیە دەوڵەت هەرچەندە سەروەریەتیی هەیە، دەبێ یاساکانی لەگەڵ ئەو یاسایانە کۆك بن کە لە بنەڕەتدا لەو دەوڵەتەدا هەن، واتە پاشکۆیی و وابەستەییی دەوڵەت و یاسا دانراوەکان بۆ یاسای سروشتی، کە سەرئەنجام گروسیوس و لایەنگرانی دانیان نا بەوەی کە سەروەریەتیی دەوڵەت ڕەها نییە و دەبی بەو یاساوە پابەند بێ کە لە عەقڵەوە وەردەگیرێ[٣٢].

ئەو ڕەخنەیەی لەم تیۆرییە دەگیرێ، ئەوەیە کە بناغەی یاسا تەنیا نموونەی باڵاو دادوەری و یەکسانی و وێژدان، تاکە ڕەگەزی کرۆك و کاکڵەی یاسا بێ، ئەوا تەنیا ڕوویەکی ڕاستییەکەیە، ڕەگەزەکەی تر، ڕەگەزی واقیعیی ژیانی کۆمەڵایەتییە[٣٣].

ئەمەش وا دەکا کە نەتوانین بەڕوویەکی هونەری و ورد و بەهای پراکتیکی دیاریکراو وێنەی بکەین کە لەگەڵ ماهییەت و سروشتی ڕێسا یاسایی ناکۆکە، کە سازە بۆ ئەوەی لە واقیعی ژیاندا جێبەجێ ببێ، چونکە جارێك ڕێساکانی بۆ عەقڵی مرۆڤ بەجێ دێنێ[٣٤].

(٣١) د. محمد حافظ غانم، الأصول الجديدة للقانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٥١.

(٣٢) د. مأمون مصطفي، المصدر السابق، ص٢٩.

(٣٣) د. حسن كيرة، المدخل الى القانون، نشاة المعارف بالأسكندرية، ١٩٧٤، ص١٢١.

(٣٤) د. محمد حافظ غانم، الأصول الجديده، ص٥٢، ود. حسن الجليى، ص ٤٠.

بەڵام سەرەڕای ئەم ڕەخنانە بیری یاسای سروشتی کە خۆی لە پرەنسیپەکانی دادوەری و ویژداندا دەبینیٚ، لە چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتیی سەدەکانی حەڤدە و بیستەمدا هاتووە، لەوانە ڕێککەوتننامەی لاهایی ساڵی ١٩٠٧ و ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٢٨ و، ماددەی ٣٨ی نیزامی دادگەی دادی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی ١٩٧٧.

لە لایەکی ترەوە، پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، ڕۆڵی گرینگیان بینی لە دەرکەوتنی ڕێبازی وەزعی و ڕەفزکردنی فیکرەی یاسای سروشتی، بەڵام بەهۆی ئەو نائارامی و شۆڕش و جەنگ و کارە دڕندانانەی کە لە مێژوودا ڕوویان دا و لەبیری زۆر کەسدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنان و خزمەتکردنی ئامانجەکانی ملهوڕان بەکار هات، نەك بۆ خزمەتی مرۆڤ و پێشکەوتنی و بەختەوەریی، بۆیە فیکرەی یاسای سروشتی ژیایەوە(٣٥).

لە لایەکی تر ئەم فیکرە ڕۆڵی بینیوە لە بەرپابوونی شۆڕش و بەرخودان دژ بەستەمکار و چاندنی تۆوی دیموکراتییەت و چەسپاندنی بەهای مرۆڤایەتی و نموونەی باڵا لە ناو یاسا و حوکمی دادگەکان(٣٦).

هەروەها بەرهەمی جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ هێنانە ئارای پرەنسیپ و یاسای نوێی یاسای نێودەوڵەتی لیٚ کەوتەوە، کە ڕۆڵی هەبوو لە بەرجەستەکردنی یاسایەکی نێودەوڵەتیدا کە مرۆڤانەتر بیٚ لەوەی پێش خۆی، وەك مافی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان کاتیٚ گەلێك ڕووبەڕووی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و پێشێلکردنی مافەکانی دەبێتەوە(٣٧).

(٣٥) د. أحمد أبراهيم حسن، المصدر السابق، ص١٠.

(٣٦) د. حسن كيرة، ص١٢٠، و د.محمد شريف أحمد، فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين، منشورات وزارة الثقافة والأعلام، ١٩٨٠، ص ٦.

(٣٧) د. عبدالرحمن رحيم عبدالله، المصدر السابق، ص١٨.

### ٣- تیۆریی هێز

ئەم تیۆرییە دەیەوێ لە هێز، بنەمای ئەحکامەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی بنیات بنێ، ئەم بیرەش لە یۆنان و ڕۆمانەوە سەری هەڵداوە لە سەدەی حەڤدەشدا فەیلەسووفی ناسراو (سبینوزا) هێنایەوە ئاراوە، دەڵێ: دەوڵەت مافی هەیە ئەوەی دەتوانێ ئەنجامی بدات، هەروەها ئەو ڕێککەوتننامانەی کە دەیبەستێت هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندیی ناکۆك بن، (لاسون) دەڵێ: دەوڵەت دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و ملکەچ ناکا بۆ فەرمانی دەسەڵاتێکی بالاتر لە خۆی. بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی کار دەکا، ئەگەر دوو دەوڵەت بەرژەوەندییان ناکۆك بوو ئەوا هیچ ڕێگەیەك جگە لە جەنگ بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییە نییە، ئەم تیۆرییە کە بەخۆپەرستی و بەرژەوەندی زاتی ناسراوە، لەگەڵ ڕۆحی سەردەم ناکۆکە کە ماف و هێز بەیەك شت نازانێ، و ئەو پەیوەندییەش ڕەت دەکاتەوە کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای ڕووخێنەر بنیات و ڕێزی پەیمان نەگرێ. بەڵکو پرەنسیپەکانی مرۆڤ دۆستی و ڕای گشتیی جیهانی ڕۆڵ دەبینن، لەوەی کە ڕێگە بگرن لە دەوڵەتێك ئاشتی و تەناییی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە(٣٨).

### ٤- تیۆریی بیرۆکەی بەرژەوەندی

فەیلەسووفانی وەك (هیگڵ و بەندەر) دەڵێن، بەرژەوەندی بنەمای یەکەمی دامەزراندنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، سەرچاوەی پابەندبوونی دەوڵەتانە بەو ڕێسایانەی ئەم پێوەندییانە ڕێك دەخەن، بێگومان ڕەخنە لەم تیۆرییەش دەگیرێ، چونکە ئەوەی سیاسەت قبووڵی دەکا لە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندی، لەوانەیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی یاسا ناکۆك بێ، بەرژەوەندی بەگوێرەی بارودۆخ و ئارەزوو ئامانجەکان دەگۆڕێ و جیاواز دەبێ، هیچ پێوەرێکی جێگیری بۆ نییە بزانین کەی

(٣٨) د. محمد المجذوب، المصدر السابق، ص٨٢-٨٣.

ڕەوایە و کەی ڕەوا نییە، بۆیە هەڵەیە یاسای نێودەوڵەتی بەفیکرەیەك وەربگرین کە خۆی لە خۆیدا لەسەر بنەمایەکی جێگیر و ڕوون و دیاریکراو نییە[٣٩].

٥- **تیۆریی بیرۆکەی هاوسەنگیی سیاسی**

هاوسەنگیی سیاسی زادەی بیری ئەورووپییەکانە کە لە دەقەکانی پەیماننامەی ویستڤالیادا هاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا گەرەنتییەکە بۆ ئاشتیی گشتی، بێگومان ئەم فیکرەیەش ناکرێ ببێتە بنەمایەك بۆ یاسای نێودەوڵەتی، چونکە لە لایەك هاوسەنگیی نێودەوڵەتی فیکرەیەکی سیاسییە کە ناکرێ ببێتە بنەمایەك بۆ ڕێسای یاسایی و، لە لایەکی تر هاوسەنگیی نێوان زلهێزەکان تەنیا ئامرازێکە کە هاوکاری دەکا کە ڕێز لە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بگیرێ، چونکە ڕێسایەکە دەیەوێ دەوڵەتانی گەورە و بەهێز لەسەر حیسابی دەوڵەتانی لاواز فراوانتر نەبن. لۆژیك قبووڵی ناکا کە ببێتە بنەمایەك بۆ هەموو ڕێسایەکی یاسای نێودەوڵەتی[٤٠].

٦- **تیۆریی هاریکاریی کۆمەڵایەتی (نظرية التضامن الأجتماعي)**

دانانی بنەماکانی ئەم تیۆرییە و جێبەجێکردنی لە بواری ناوخۆدا بۆ یاسانا‌سی ناسراوی فەرەنسی لیون دیگی دەگەڕێتەوە و، هەردوو زانا لایەنگرانی هەریەکە لە جۆرج سێلس فەرەنسی و بولیتی یونانی بۆچوونەکانی دیگییان گواستەوە بۆ ناو بواری دیراساتی یاسای نێودەوڵەتی. دیگی نکۆڵی دەکات لەوەی دەوڵەوت سەروەریەتیی هەبێ و دان بەخواستی دروستکەری ڕێسایی یاسایی و فیکرەی کەسایەتیی مەعنەویدا نانێت.

---

(٣٩) د. محمد المجذوب، الوسيط في قانون الدولي العام، المصدر السايق، ص٨٣.

(٤٠) د. عي صادق أبو صيف، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٨٨.

دامـەزرێنـەری ئـەم تـیـۆرییـە دەڵـێ: یـاسـا بـەشێوەیـەكی گشتـی و یـاسـای نـێودەوڵـەتـی بـەتـایبـەتـی تـەنیـا ڕووداوێكی كۆمـەڵایـەتییـە، ژیـان لـە نـاو كۆمـەڵگەی مرۆڤـایـەتـی بـەدەستی دێنێ كە لـەسـەر پێداویستی (زەرورەی)ی ژیـان وەستـاوە و دەرئـەنجـامێكی هـاریكـاریی نێوان تـاكـەكـان و گـەلانـە بۆ ئـەوەی پێداویستییـە زەرورییـە جۆربـەجۆرەكانیان تێر بكـەن، كـە لـەگـەڵ ژیـانی مرۆڤـایـەتی پـەیدا دەبن، پرنسیپ و ڕێسای یـاسـایی بۆ دەسـەڵات دادەنێن و ئـەویش دایـان دەنـێ، بـۆ ئـەوەی هـاریـكـاری و تـەبـاییـی نێوان تـاكـەكـان بپـارێزێ و پێوەندییـەكـانیـان بـەهێز بكـا و كۆمـەڵ پـارچـە پـارچـە نـەبێت و لـە ڕێگـەی پێشكـەوتن و گـەشـانـەوە بڕوا[٤١].

جورج سیل ڕۆڵی گـەورەی هـەبوو لـە گواستنـەوەی ئـەم تیۆرییـە بۆ بواری یـاسـای نێودەوڵـەتـی، لـەو بڕوایـەدا بـوو ئـەم كـۆمـەڵـەش پێویستـە یـاسـای هـەبێ، ئـەمـەش دەرئـەنجـامێكی سـەرەكی و ئـامـادەیی و واقیعی كۆمـەڵی نێودەوڵـەتییـە.

(جورج سیل) ئـەم پـەیوەندییـەی لـە نێوان یـاسـاو واقیعی كۆمـەڵ ڕوون كردەوە و، بنـەمـای ئیلزامییـەتی یـاسـای بـەیـەك وشـە كـە ئـەویش پێویستییـە، دەرخست، بـەمـانـایـەكی تر، یـاسـا لای ئـەو، نـاوەڕۆك و خـاسیـەت و ئیلزامییـەت لـە پـێداویستییـە كـۆمـەڵایـەتییـەكـان وەردەگرێ، ئـەم تیـۆرییـە لـە ئـەمـڕۆی كۆمـەڵی نێودەوڵـەتی و پێوەندیی نێوان گـەلان و دەوڵـەتـاندا، چـاخی مـامـەڵـەی بـەرامبـەر و ئـاڵوگـۆڕییـە لـە نێوانیـاندا، هـەروەهـا بۆلیتس بـەهـەمـان شێوە دەڵێ: یـاسـا لـەسـەر هـاریكـاری و هۆشی یـاسـایی وەستـاوە[٤٢].

ڕەخنـە لـەم تیۆرییـە دەگیرێ كـە فیكرەیـەكی نـاڕۆشن و نـادیـار و نـاتـەواوە و بنـەمـای یـاسـا دەبێ ڕۆشن و ورد و دیـاریكراو بێ، یـاسـا مـەرج نییـە تـەنیـا گوزارشت بێ لـە هـاریكـاریی كۆمـەڵگـە، بگرە زۆرانبـازی و ململانێی نێوان

(٤١) د. علي صادق أبو هيف، دراسة متعمقة في قانون الدولي العام، ص٧٤.
(٤٢) عبدالفتاح عبدالرزاق، المصدر السابق، ص١١١.

تاك و دەستەكانیشە، جگە لەوەی كە پێویستییەكان تەنیا مادی نین، بگرە مەعنەویشن، بۆیە تیۆرە بنەمای پابەندیەتیی یاسامان بۆ دەستەبەر ناكا.

**٧- تیۆریی پرنسیپی ڕەگەزی (مبدأ الجنسيات)**

ئەم پرەنسیپە كە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە یەكێتیی ئەڵمانیا و ئیتالیای لەسەر بنیات نرا و، بنەمای دەگەڕێتەوە بۆ یاسانا‌سی ناسراوی ئیتالی مانشینی، كە پێی وایە، مافی گەلان لە ئازادی، ماف دەداتە هەموو كۆمەڵێكی هاوڕەگەز كە دەوڵەتی سەربەخۆ پێك بێنن و، ڕەخنەش لەم تیۆرییە دەگیرێ كە لە ڕووی واقیعی و پراكتیكی بۆ هەموو ڕەگەزێك لە جیهاندا دەوڵەت پێك نایەت، كە لەگەڵ ئاشتیی زۆر لە دەوڵەتانی گەورە و ئارامیی پێوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا ناگونجێ[٤٣].

لە كۆتاییی تاوتوێكردنی سەرجەم ئەو تیۆرییانەی كە بۆ سەلماندنی بنەمای یاساییی یاسای نێودەوڵەتی و ئیلزمییەتی خستمانە ڕوو (جگە لە قوتابخانەی سۆڤیەتی كە لەسەر بنەما زۆرانبازی و ململانێی چینایەتییە و پێی وایە، یاسا گوزارشتە لە خواستی چینی باڵادەست لە هەر كۆمەڵگەیەكدا و، بەرپەرچی بەرژەوەندییەكانیەتی)، تیۆرییەكانی هێز و بەرژەوەندی و ڕەگەزی و هاوسەنگیی نێودەوڵەتیی لەگەڵ پێشڤەچوونی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ لە كاتی ئێستادا ناگونجێن.

تیۆرییەكانی تر وەك تیۆریی خواستگەرایی و بابەتی، كە ڕەخنەیان لێ گیرا، خاوەنەكانیان لە هەر بارێكدا جۆرێك لە زیادەڕەوی تێدایە، بۆیە یاسای نێودەوڵەتی دێتە ئاراوە و سیفەتی ئیلزامی لە بنەماكانی هاریكاری و كۆدەنگی هەردوو هۆكاری بابەتی و خواستی مرۆڤایەتی پێك دێنێ.

ئەگەر خواستگەرایی ڕۆڵی هەبێ لە داڕشتنی فیكر و پرەنسیپەكان و لە

---

(٤٣) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. علي صادق أبوهيف، دراسة متعمقة في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٧٤.

قاڵبدانی لە شێوەی ڕێسای یاسایی بۆ ئەوەی بەباشی جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەم خواستە سەرچاوەکەی لە پێویستی و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وەك پرەنسیپەکانی دادوەری و هاریکاری و بەیەکەوە ژیان و یەکسانیی گەلان و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و بەهەند وەرگرتنی لایەنەکانی مادی و مەعنەویی مرۆڤ و کولتووری هاوبەشی مرۆڤایەتی ویژدان و پرەنسیپەکانی ڕەوشت و ڕای گشتیی جیهانی و شارستانییەت و بالایی و گەشەکردن و پێگەیشتنی هۆشیاریی نێودەوڵەتیی سەرجەم گەلانی جیهان سەرچاوە دەگرێ کە ماوە و پێشکەوتنیان بەستراوە بەوەی کە تا چەند دەوڵەتان پابەند دەبن لە ڕێزگرتنی ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی. بەتایبەتی لە ئەمڕۆی جیهاندا کە جیهان وەك گوندێکی بچووکە و جیهانگیری و پێوەندییەکان و شۆڕشی تەکنۆلۆجیا ئەو هەمیشەی دروست کردووە کە گەلان و دەوڵەتان دەبێ هاریکاریی یەکتر بن بۆ ئەوەی ئاشتی و تەنایی بەرجەستە بێ و مرۆڤ، پێداویستییەکانی وەك بەرزترین سەرمایە ڕێزیان لێ بگرێ[٤٤].

(٤٤) د. محمد حافظ غانم، الأصول الجديدة القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٥٥، د. محمد السعيد الدقاق، حول مبدأ التراث المشترك للأنسانية، المكتب العربي الحديث، ١٩٨٢، ود. حسن الجليي، المصدر السابق، ص٤٩-٥٠.

## بەشی دووەم

# هەندێ پێشهاتی نوێی یاسای نێودەوڵەتی

لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئەم یاسایەدا چەند بوار و خەسڵەت بۆ ئەم یاسایە هاتوونەتە پێش کە گرینگترینیان لەم چەند خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:

باسی یەکەم

## هۆکارەکانی بەرەو پێشچوونی یاسای نێودەوڵەتی

کۆمەڵێ هۆکار هەن کە کاریگەرییان لەسەر خێرا بەرەوپێشچوونی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی هەیە و، بەسیماکانی بەرەوپێشچوونی یاسای گشتیی نیودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێن(١).

١- هاتنە ئارای ڕێسای یاسای نێودەوڵەتیی کلاسیکی، لە سەدەکانی ١٦، ١٧، ١٨دا بەسترابووەوە بەدەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە، گەلانی تر بەشدارییان نەدەکرد، چونکە بەشێکیان لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا بوون، دوای ئازاد بوون و بەشدار بوون لە کاروباری نێودەوڵەتیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیان گەیشتە ١٩٢، لە کاتێکدا ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان واژوویان کرد (٥١) دەوڵەت بوو، ئەم دەوڵەتانەش بەشدارییان لە دانانی ڕێسای هەموارکردن و گۆڕان کرد، جگە لە زۆربوونی کەسایەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

٢- لە جەنگی دووەمی جیهانیدا و دوای وەستانی شەڕ، هەوڵ درا ئاشتی بۆ جیهان بگەڕێنرێتەوە، بەڵام دابەشبوونی جیهان بۆ دوو جەمسەری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، وای کرد پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پشێوییان تێ بکەوێ و زۆرانبازیی نێوان دەوڵەتەکانی زۆر بێ. لە بری ئاشتی جەنگی سارد هاتە ئاراوە، ئەمەش وای کرد هەندێ لە دەوڵەتان چەندین هاوپەیمانی و ڕێکخراوی سەربازی و سیاسیی

(١) د. رشاد السيد، القانون الدولي العام في ثوبة الجديد ٢٠٠١، عمان-الأردن، ص٢٤، ود.عصام العطية، المصدر السابق، ص٢٨٥.

دروست بکەن، وەك پەیمانی ئەتڵەسی و پەیمانی وارشۆ، دەوڵەتانی تازە گەشەسەندوو و، بزووتنەوەی بێ لایەن دروست بکەن، کە لە کۆنگرەی باندونغ ڕیشەی داکوتا.

٣- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەندین ڕێکخراوی جۆربەجۆری نێودەوڵەتی و هەرێمی دروست کرد، کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ پێداویستی ڕێکخستنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ هاوکاریی سەرجەم بوارەکانی سەربازی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری، دارایی، بازرگانی و... هتد و، چەندین ڕێکخراوی جیهانی و ئاژانسی تایبەتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان دروست بوون، وەك ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و تەندروستیی جیهانی و یونسکۆ و ئۆپیك و بازرگانیی نێودەوڵەتی و... هتد، کە ئەمانەش کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لە هاتنە ئارای ڕێسای نوێدا.

٤- کۆمەڵی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ سیمایەکی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی بەخۆوە گرت لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی و دروستبوونی ژمارەیەك دەوڵەتیی نوێ، کاریگەریی لەسەر هاتنە ئارای پرەنسیپی نوێ هەبوو لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا، لە کاتێکدا لە پاڵ چەمکی مافی چارەنووس لە ساڵی ١٩٦١دا، خەباتی ڕزگاریخوازانە ڕەوایی پێ درا و ماف و ئەرکی یاساییی کەوتە ئەستۆ.

٥- پێشکەوتنی بەرچاوی زانست و تەکنۆلۆجیا و دۆزینەوە نوێیەکان، لەسەر ئاستی ناوەخۆی وڵات و بۆشاییی ئاسمانی و دۆزینەوەی ئەتۆم و گەیشتن بەقووڵاییی دەریاکان و پێشکەوتنە پیشەسازییەکان، وایان کرد لقی نوێی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی و ڕێسای نوێ بێتە ئاراوە کە تا ئێستاش بەردەوامە.

٦- هاتنە ئارای سیستەمی نوێی جیهانی کە بەڕووخانی یەکێتیی

سۆڤیەت لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دەستی پێ کرد و، لەگەڵ خۆیدا جیهانگیری و باهۆزی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و شۆڕشی تەکنۆلۆجیا و زانیارییەکان و شەڕی دژە تیرۆری هێنایە ئاراوە، بوارێکی نوێی بۆ یاسای نێودەوڵەتی هێنایە ئاراوە کە چەندین لق و ڕێککەوتننامە لەخۆ دەگرێ. کە گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەر ئەم یاسایە و لقەکانیاندا هێنا.

باسی دووەم

## هەندێ گۆڕانکاری کە بەسەر یاسای نێودەوڵەتیدا هاتوون

ئەم یاسایە بەردەوام لە پێشکەوتن و نوێبوونەوە و گۆڕاندایە، کە بەردەوامیی ژیانی مرۆڤایەتی و پێداویستییەکانی دەیانهێنێتە ئاراوە. ئەمانەی خوارەوە چەند لایەنێکی ئەم بوارەن:

١- زۆربوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو، ژمارەی دەوڵەتان کە ئێستا ١٩٢ دەوڵەتە.

٢- فراوانبوونی ئەو بابەتانەی کە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی چارەسەریان دەکا، کە تەنیا جەنگ و ئاشتی ناگرێتەوە، بگرە هاوکاریی نێوان دەوڵەتان لە بوارەکانی ئابووری و تەکنۆلۆجیا و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و... هتد دەگرێتەوە.

٣- بایەخی دەوڵەتان بەمەسەلەکانی وەك گەشەپێدانی ئابووری، بازرگانیی نێودەوڵەتی، ڕێوشوێنی دابینکردنی کاڵای سەرەتایی، یارمەتیدانی دەوڵەتانی تازە گەشەسەندوو و کەمکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان دەوڵەتانی دەوڵەمەند و دەوڵەتانی هەژار و... زۆر بابەتی چارەنووسساز زیاد کردووە.

٤- ملکەچبوونی بابەتی خۆ پڕچەککردن بۆ یاسا لە کۆتاییی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە دیتووە.

٥- ئەو مەترسییانەی کە لە ژینگە و سامانە سروشتییەکان دێنە ئاراوە، بەهۆی زیادبوونی پاشماوە و دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و ماددەی کیمیاییی کارخانە و سووتان و بڕینەوەی دارستانەکان و تەقاندنەوەوە و... هتد، ڕێسا و لقی نوێی هێناوەتە ئاراوە.

٦- پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلوجی و کاریگەرییان لەسەر سنووردانان

بۆ هەندێ ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتی هەیە، لەوانە سەروەریەتی، ئازادیی دەریاوانی، ئازادیی دەستکەوتنی بەرهەمی سروشتی، ئازادیی بازرگانیی دوەلی، ئازادیی بەکارهێنانی هێز و... هتد.

٧- باهۆزبوونی مافەکانی مرۆڤ و بەجیهانیبوونی بەهاکانی مرۆڤایەتی و چەسپاندنیان لە ناو بەڵێننامە و پەیماننامەکان کە خاسییەتی ئیلزامییان وەرگرت و تاك بووە سەنتەرێکی بەهێز و کارای یاسای گشتیی نێودەوڵەتی.

باسی سێیەم

## لقەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی

بەشێوەیەکی گشتی دەگوترێ کە لە کوێ کۆمەڵ هەبێ لەوێ یاسا هەیە و، ئەمەش بەهەمان شێوە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەچەسپێ. بەنیسبەت یاسای نێودەولەتی گشتی وەك چوارچێوەیەکی یاسایی کە حوکمی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکا، بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرجەستەی بکا، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە دەبێ گونجان و هاورێکی هەبێ لە نێوان یاسا وەك چوارچێوەیەکی بنکەیی رێسایی، وە لە نێوان واقیعی ژیانی رۆژانەی نێو دەوڵەتی. هەر بۆیە یاسای نێودەوڵەتی کە پێشتر بابەتی کلاسیکی تێدا بوو کە ئێستاش گرینگی خۆیان هەیە، وەك فیکرەی سەروەریەتی و، پێویستی و زەرورەتی وەفاداری بەپەیماننامە و، نییەتپاکی لە ئەنجامدانی ئیلتیزامە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەوا ئێستا چەندین لق وەخۆ دەگرێ کە پوختەیەکیان باس دەکەین، لقە سەرەکییەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی:

١- یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ (قانون حقوق الأنسان الدولي).

٢- یاسای مرۆییی نێودەوڵەتی (القانون الإنساني الدولي).

٣- یاسای سزای نێودەوڵەتی (القانون الدولي الجنائي).

٤- یاسای پەنابەران (قانون اللاجئين).

٥- یاساکانی بەرێوەبردنی پێوەندییە دیبلۆماسییەکان (قوانين تحكم العلاقات الدبلوماسية).

٦- یاساکانی بەرێوەبردنی (رێکخستنی) پێوەندییە ئابوورییەکان (قوانين تحكم العلاقات الأقتصادية).

٧- یاسای ژینگە (قانون البیئة).

٨- یاسای نێودەوڵەتیی دەریایی (القانون البحري الدولي).

٩- یاسای ڕێکخستنی نێودەوڵەتیی بۆشاییی ئاسمانی (قوانین تحکم امجال الجوي).

١٠- یاساکانی مافی پەنابردنە بەر هێز (قانون اللجوء الی القوة).

١١- یاسای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (قانون المنظمات الدولیة).

١٢- یاسای بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی (قوانین تحکم مسؤولیة).

١٣- یاساکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان (قوانین تحکم التسویة السلیمة للنزاعات).

١٤- یاسای پەیماننامەکان (قانون المعاهدات).

١٥- یاسای - گەیاندن- بێتەل و بە سیمە نێو دەوڵەتییەکان (قانون الأتصالات الدولیة).

١٦- یاسای نێودەوڵەتیی تیرۆر (قانون الإرهاب الدولي).

لە لایەکی ترەوە یاسای نێودەوڵەتی لەسەر فیکرەی پێوەندی و بەیەکەوە ژیان و هەماهەنگی دەوەستێ، نەك هەمووی لە سەر تاکگەرایی و خود پەسەندی کە زیاتر لە ژێر باری یاسای نێودەوڵەتیی کلاسیکیدا هەبووە. کە ئەمەش کاریگەریی دەبێ لەسەر ئەومەبەستانە کە ئەم یاسایە ئامانجیەتی. کە ئێستا دەناسرێ بەوەی کە ئامانجی گشتیی هەن نەك تاکە ئامانجێك، هەروەها ڕێکخستنی مافەکانی دەوڵەتان و، هاندانی هاریکاری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و، بایەخدان بەبەرژەوەندی گشتیی نێودەوڵەتی.

هەموو ئەمانە نابێ ئەو ڕاستییەمان لەلا لێڵ بکەن کە دەوڵەتان لە پێوەندییەکانیاندا بەشێوەیەکی تایبەتی بەگوێرەی بەرژەوەندی و سۆز و

بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە دەکەن، هەروەها بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە کە دەیانەوێ زۆرترین شتیان دەست بکەوێ بەرامبەر پێدانی کەمترین شت. کارەکان بە دەنگێکی بەرزتر لە وشەکان قسە دەکەن. Actions .speak launder than words لەگەڵ ئەوەشدا یاسای نێودەوڵەتی ئێستا جیاوازە لەو یاسایەی کە لە سەدەکانی پێشتر لە ئارادا بوو، لە ڕووی ناوەڕۆك، کەسەکانی، سروشتی، یان ڕێگەی ئامادەکردنی و بەرەوپێشچوونی، وەگرینگترین فاکتەرەکانی بەشداری لەم گۆڕانەدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەو گۆڕانە جەوهەرییانە کە لە پێشکەوتنی یاسای پێوەندییەکاندا هاتووەتە دی، وە بەرەو دیموکراتییەت چوونی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە دەرکەوتنی کەس و لایەنی تری یاسایی جگە لە دەوڵەت.

باسی چوارەم

## کێماسییەکانی -کەلێنەکانی "کەموکوڕییەکانی" ئەم یاسایە

یاسای نێودەوڵەتیی گشتی چەند حاڵەتێکی لاواز و ناتەواوی تێدان، کە گرینگترین ئەو خاڵە لاوازانە ئەمانەن:

١- یاسای نێودەوڵەتی وا جێگەی گرتووە کە دەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهیچ ڕێسایەك لە ڕیسایەکانی پابەند نابێ کە بەرەزامەندی و خواستی خودی دەوڵەتەکە نەبێ، مەگەر لە چەند حاڵەتی ڕیزپەردا .

٢- یاسای نێودەوڵەتی لە زۆر باردا نەیتوانیوە وەك پێویست بەرەنگاری یان ڕووبەڕووی جەنگ و شەڕەکان یان پێشێلکاریی ڕێساکانی بوەستێ. لە توێژینەوەیەکدا کە کۆواری تایمی ئەمریکی سەبارەت بەجەنگ وەك بارێکی هەمیشەییی واقیعی ژیانی مرۆڤایەتی بڵاوی کردووەتەوە، ڕوون بووەتەوە کە لە ١٨٥ نەوە تەنیا بەئاشتی ژیاون و، لە ٣٣٥٧ ساڵدا، مرۆڤایەتی تەنیا ٢٢٧ ساڵ بەئاشتی ژیاوە.

٣- یاسای نێودەوڵەتی لە ڕووی پراکتیکی و واقیعییەوە دان دەنێ بەنایەکسانی لە نێوان دەوڵەتان (لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ڕۆشنبیری)یەوە، وەنەیتوانیوە ئەم گرفتە بکا بەوەی کە جۆرێك لێك نزیکیی پلە بەپلە لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دروست بکا.

٤- یاسای نێودەوڵەتی هەتا ئێستاش ماف دەدا بەدەوڵەت کە لە یەك کاتدا حەریف - نەیار - و ناوبژیوان بێ (واتە دادوەر بێت لە کێسی تایبەت بەخۆی)، کە ئەمەش لە مەسەلەکانی تایبەت بەمامەڵەی وەك

یەك (المعامل بالمثل) و دژە ڕێوشوین (التدابیر المضادة) و، پچڕانی پێوەندییە دیبلۆماسییەکان و... هتد. دەردەکەون و، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەك لە لایەك دادگەی نێودەوڵەتی دەبێ لایەنەکان ڕەزامەندی دەرببڕن.

٥- لە ڕووی واقیعییەوە، یاسای نێودەوڵەتی لەوە پشتڕاست بووە کە لە هەندێ ئیشوکاری نێودەوڵەتیدا کاریگەریی هەندێ لە دەوڵەتانی (بەتایبەت زلهێزەکانی) بەسەرەوەیە.

ئەم بۆچوونانە و زیاتریش کە وەك چاودێر و لە هەمان کاتدا وەك هاووڵاتییەکی ئاسایی گوێبیستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خستنە ڕووی واقیعیی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەبین، لەوانە تا ڕادەیەك ئاسایی بێ کە دڕدۆنگییەك بەرامبەر ئەم یاسایە دروست ببێ. دەستدرێژیکردنە بۆ سەر دەوڵەتانی بێ هێز، پێشێلکردنی مەرجەکانی پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان و پشتگوێخستنی مافی چارەنووسی گەلان و قۆرخکردنی سەرچاوەکانی وزە و سامانی گەلان و، تۆمەتی ئەوەی کە یاسا لایەنی بەهێزە لەسەر حیسابی لاواز، و دەستوەردانی ناڕەوا لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتدا، ئەمانە و هی تریش کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر هۆش و هەستی خەڵك بەگشتی دادەنێن، وا دەکەن نائومێدی بەرامبەر ئەحکامەکانی ئەم یاسایە دروست ببێ.

بەڵام وێنەی ڕاستەقینەی یاسای نێودەوڵەتی  کە قبووڵکراو و بەبەهایە، ئەم لایەنە نائومێدییە ناگەیێنێ، دەوڵەتانی جیهان پابەندبوون بەم یاسایە هەیە و سەرپێچیکردنی لە پرنسیپ و ڕێساکانی حاڵەتی ریزپەڕ و بەدەرن لێی، بەسەدان پەیماننامە و ڕێککەوتننامە کە زۆر لە بابەت و مەسەلەکانی جێی بایەخ و خەیاڵی مرۆڤیان گەلێکی تێدایە، ئەو دەوڵەتانەی کە واژویان کردوون پابەند بن پێیان، هەر لە چەسپاندنی ڕێساکانی دیبلۆماسی و

داواکاری و دادگەیەکانی تایبەت بەقەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زیانیان پێ کەوتووە و لە سەر دەوڵەتی سەرپێچی کاری سەپاند، کە قەرەبوو بداتەوە لایەنی زیان لێکەوتوو و، زۆر لە رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی هاتوونەتە ناو یاساکانی ناوخۆو بەپێچەوانەشەوە، وە دادگەکانی ئەو وڵاتانە جێبەجێیان کردوونو، یاسای نێودەوڵەتی کۆمەڵێ رێوشوێن و رێکاری پێشکێش کردووە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی دەوڵەتان کە جێگەی خۆیان گرتووە و، لە بواری دادگەی نێودەڵەتیدا زۆر چووەتە پێش، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەم یاسایە لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی خۆیدایە[٢].

(٢) بۆ زیاتر زانیاریی بڕوانە: جیرهارد ظان غلان، القانون بين الأمم (٣)، تعريب ايلي وريل، دار الافاق الجديدة، ص ٢٣٣ وما بعدها. و د. رجب عبدالمنعم متولي، الأمم المتحدة بين البقاء والألغاء في ضوء التطورات الراهنة، ٢٠٠٥، ص ١٣٥ ومابعدها.

باسی پێنجەم

## گرفتی جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی

لە میانەی باسکردن لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، دەبێ بپرسیت کە کێ ئەم یاسایە جێبەجی دەکا. ئەم یاسایە، ئەم رێزپەڕانە چین کە کار دەکەنە سەر جێبەجێکردنی(٣).

یەکەم: کێ یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکا؟

١– دەوڵەت پێش هەر کەسێکی تری یاسای نێودەوڵەتی، بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە رێگەی دەزگاکانییەوە و، کەمتەرخەمیی ئەم دەزگایانە یان چاودێریکردنی جێبەجێکردنی رێسایەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، وە بەرپرسیارێتی بەرامبەر کەسەکانی تری یاسای نێودەوڵەتی هەڵدەگرێ ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوە ڕەفتاری کرد. وە لێرەدا رۆڵی یاسازانان دەردەکەوێ کە دەبێ دەزگاکان بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە رێنوێنی بکەن.

٢– کۆمەڵە سیاسییەکان کە بەمانای یاسایی دەوڵەت نین، بگرە لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان لەسەر گەلێك لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاریکراو هەیە، دەبنە هۆیەك بۆ جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی، وەك لایەنەکان لە حاڵەتی ناکۆکیی چەکدارانەی ناوخۆ ئەگەر هەندێ دەوڵەت دانیان نا بەلایەنەکاندا، دەبێ پابەند بن بەڕێزگرتنی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەوانەی کە پێ وەندییان بەبواری شەڕی چەکدارانە و بێ لایەنی هەیە. هەروەها بزووتنەوەی ئازادیخوازەکانی گەلان کە لە لایەن کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە دانیان پێدا دەنرێ بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەنووس.

(٣) د. ابراهيم محمد العناني، ص٢٠٢.

٣- جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی بەهۆی ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە.

دووەم: ئەو حاڵەتانەی کە بەدەرن (استثناء) لە جێبەجێکردنی ڕێسای نێودەوڵەتی حاڵەتە بەدەرەکانی جێبەجێکردنی ڕێسای نێودەوڵەتی، کە دەوڵەت کار دەکا بەپێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی لە بارێکی تایبەتدا کە پاساوی بۆ دەداتەوە، گرینگترین ئەو حاڵەتانە بریتین لە:

١- سەروەریەتی: زۆر جار دەوڵەت بەبیانووی ناکۆکبوونی ڕێسایەك لەگەڵ سەروەریەتیی دەوڵەت، جێبەجێی ناکا، بەڵام یاسای نێودەوڵەتی بەهۆی نابابەتی و مەترسیی ئەم حاڵەتە، گوێ بەم پاساوە نادا، چونکە دەرگە بۆ هەڵاتن لە جێبەجێکردنی ڕێسایەکانی ئەم یاسایە دەکاتەوە.

٢- بارودۆخی چاوەڕواننەکراو: سیستەمە یاساییەکانی ناوخۆ ئەم بارەیان وەرگرتووە و، دادگەی نێودەوڵەتی وەك پرەنسیپێکی یاسایی گشتی دانی پێدا ناوە. کە خۆی لە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراودا دەبینییەوە کە لە دەرەوەی خواستی لایەنەکان، جێبەجێکردنی ڕێسایەکە مەحاڵ دەکا.

٣- حاڵەتی پێداویستی: لە حاڵەتێکدا کە جێبەجێکردنی ڕێسایەك باری دەوڵەت گران دەکا و تووشی مەترسی و زیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەکا، ئەم پرەنسیپە ئەگەرچی لە پرەنسیپە گشتییەکانی سیستەمی ناوەخۆیی جێی گرتووە، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتی قبووڵ نییە، بۆیە دەبێ دەقێکی تایبەت و ڕاشکاوانە لەم بارەوە هەبێ کە لایەنەکان لە سەری ڕێککەوت بن.

٤- حاڵەتی بەرگری ڕەوا: ئەم پرەنسیپە کە لە مادەی ٥١ی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، کە ئەندامان بەتاك و بەکۆ، مافی بەرگری لە خۆکردنیان هەیە، ئەگەر بەهێزی سەربازی دەستدرێژییان کرایە سەر.

باسی شەشەم

## کارایی ڕێسای نێودەوڵەتی

کارایی ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی لەسەر سێ هۆکاری سەرەکی وەستاوە[٤]:

١- سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە چوارچێوەی ڕەفتاری مامەڵەکردنی نێودەوڵەتی دیاری دەکا.

٢- بەرەوپێشچوونی بنەچەی ئیلزامیەتی یاسای نێودەوڵەتی، کە ئەمەش بۆ دان پێدانان و هەستی فەرمانڕەوایی دەوڵەتان دەگەڕێتەوە بەوەی کە دەبێ ڕێز لە حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی بگیرێ.

٣- بوونی سیستەمێکی سزا بۆ ئەو کارە ناڕەوایانەی کە لەسەر یاسای نێودەوڵەتی دەکرێ، چونکە سزا وا دەکا کە ڕێسای یاسایی بکاتە ڕاستییەکی واقیعی و هەر ئەمەش ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی یاسا.

(٤) د. غازي حسن صباريني، الوجيز في مبادىء القانون الدولي العام، دار الثقافة للنشر و التوزيع، ١، ٢٠٠٥، ص١٥-١٦. ل١٥،١٦.

## بەشی سێیەم

# سروشتی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

باسکردنی سروشتی یاسایی هەر سیستەمێکی یاسایی، بەکارێکی ئەستەم و نادیار لە قەڵەم دەدرێ. یاسای نێودەوڵەتیی گشتی وەك ماهییەت و سروشتی، یاسایەکە حوکمی پێوەندییەکانی نێوان کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکا (بەتایبەت دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان) و یەکەکانی تری ئەم یاسایە وەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و، ئەو هەرێمانەی کە خودموختارییان وەرنەگرتووە و، کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان یا فرە نەتەوەییەکان و... هتد). ئەم یاسایە کە حوکم دەکا لەسەر ڕەفتار و پرۆگرامی کەسەکان و یەکە سەربەخۆیەکان، کە لە ڕووی پرسینەوە، دەسەڵاتی هیچ یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا نییە، هەموویان ملکەچی یاسای گشتیی نێودەوڵەتین.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا دەگوترێ کە زۆربەی ڕێسایەکانی یاسای نێودەوڵەتی (ڕێسای هەماهەنگی و بەیەکەوە ژیان و میانگیرین) بۆ ڕەفتاری کەسەکان و ئەو یەکە یاساییانەی کە دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە، نەك یاسای ئیلزامی مادی و ملکەچکردنی ئەو کەس و یەکانە، تەنیا لە چەندین بارێکی کەمدا نەبێ[١].

لێرەدا پرسیار دەکرێ، ئایا ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، ڕێسای یاسایی دروستن؟ یاساناسان لەم ڕووەوە بۆ چوونیان جیاوازە، هەندێکیان دەڵێن ڕێسای یاسایی دروستن، دەوڵەتان پێیەوە پابەند دەبن، هەروەك چۆن تاك بەیاسای ناوەخۆوە پابەند دەبێ، هەشیانە نکۆڵی لەوە دەکا کە ئەم یاسایە، خاوەن ڕێسایە، خاوەن ڕێسای یاسایی ئیلزامی بێت و، بەڵگەشیان ئەوەیە هەر ڕێسایەك بۆ ئەوەی ببێتە ڕێسای یاسایی ئیلزامی دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بن:

---

(١) د. احمد أبو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، ط ٤، ٢٠٠٤، ل٢٥.

١– له دەسەڵاتێکی یاسادانانەوە دەرچووبێ.

٢– دەسەڵاتی دادوەری جێبەجێی بکا.

٣– سزایەکی هەبێ بۆ هەر یەکێ سەرپێچی بکا.

ئەوانەی نکۆڵی له نەبوونی ڕێسای ئیلزامی له یاسای نێودەوڵەتیدا دەکەن، دەڵێن ئەم مەرجانە لەم یاسایایەدا نین و بگرە ڕێساکانی کۆمەڵە ڕێسایەکی ڕەوشتین و هەرسەرپێچییەك بەرپرسیایەتی یاسایی لەسەر نییە. هەر بۆیە پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو کە یاسای نێودەوڵەتی کۆمەڵێ خاسیەتی هەیە، گرینگترینیان ئەوەیە کە پێوەستە بەلایەنی هەیکەڵی و بابەتی و کەسی، کە بەم شێوەیە دەیخەینە ڕوو(٢).

## یەکەم

## له ڕووی هەیکەلییەوە

ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە ئایا ئەم یاسایە مەرجەکانی یاسادانان و دادوەری و هەروەها سزایەکی ڕێکوپێکی هەیە بۆ پێشیلکەرانی ئەم یاسایە، بۆ ئەوەی بەیاساییبوونی بسەلمێنرێ.

**١– دەسەڵاتی یاسادانان**

له ڕووی ئەوەی کە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ئەگەرچی له دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەرنەچووە، ناتوانین بڵێین ئەم یاسایە خاسیەتی ڕێسای یاسایی نییە، چونکە (تەشریع – یاسای دانراو)، تاکە سەرچاوەی یاسادانان نییە، بەڵکو عورف و قەزا و گرێبەست و پرەنسیپەکانی یەکسانی و ویژدانی و... هتد، بەسەرچاوەی یاسا دادەنرێن و خاسیەتی ئیلزامییان هەیە. هەر بۆیە کە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی له دەسەڵاتی بالای

(٢) د. عبدالحسين القطيفي، القانون الدولي العام (الجزء الأول)، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٠، ص٣٢ ومابعدها، ود. أبو أحمد أبو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٢٥–٢٦.

یاسادانانەوە دەرنەچووە ناتوانین بڵێین یاسا نییە(٣).

لە لایەکی ترەوە ئەگەر نکۆڵی لە لایەنی پۆزەتیڤی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی بکەین، ئاژاوەی نێودەوڵەتی دێتە ئاراوە، هەر بۆیە ئەو پابەندبوونەی کە پێوەستە بەڕێسای یاسایی، بەگوێرەی بۆچوونی یاسای ئێستا، مانایەکی قووڵی مەعنەوی و کۆمەڵایەتیی هەیە، وێڕای مانا شکڵی و یاساییەکەی، واتە ئەوانەی کە ملکەچ دەکەن بۆ ڕێسای یاسایی بەگشتی لە ناخیاندا هەست دەکەن بەوەی کە پێش هەموو شتێك پابەندبوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە بەرژەوەندی هەمووانی تێدایە، ئینجا پابەندبوونی یاسایی دێ.

تێبینی دەکەین کە پێشکەوتنی سیستەمی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان، وەك ئەوە وایە کە دەسەڵاتی یاسادانانی بۆ سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی هێنابێتە ئاراوە، ئەوەش لە شێوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و کۆنگرەکان کە لە ژێر چاودێری یان لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوە دەبەسترێ.

**٢- دەسەڵاتی دادوەری**

نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری کاریگەریی نابێ لە سەر بوونی یاسا، چونکە گرینگی قازی (دادوەر) تەنیا بۆ جێبەجێکردنی یاسایە نەك دروستکردنی لە ڕاستیدا یاسا هەیە پێش بوونی دادوەر. لە لایەکی تر یاسایی نێودەوڵەتی دادوەری هەیە وەك ئامرازێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، وە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەم یاسایەدا بواری دادوەری نێودەوڵەتیش پێش کەوتووە، کە لە ئەمڕۆدا وردەکاری و ڕێکخستنی زۆری

(٣) بۆ زیاتر زانیاریی بڕوانە: د. السید محمد السید العمران، د. نبیل ابراهیم سعد، محمد یحي مطر، الأصول العامة للقانون، الدار الجامعیة، ١٩٩١، ص ٥٩.

تێدایە و، دەوڵەتان ناوبژیوانی (تەحکیم)یان زانیوە، دواتر دادگای دادوەریی هەمیشەیی لەلاهای ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە و، دادگەی دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی ساڵی١٩٢٠ و دادگەی دادی نێودەوڵەتی لە ژێر سێبەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ساڵی ١٩٤٥ و، ئێستاش دادگەی تاوانەکانی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە[٤].

**٣- سزادان لە یاسای نێودەوڵەتیدا**

وەك زانراوە ئەرکی سزا گەرەنتیدانە بۆ باش جێبەجێکردنی ئەوەی کە لە ڕێسا یاساییەکاندا هەیە، واتە سزا ئەو جێبەجێ دەکرێ کە یاسا پێشێل کرا بێ، بۆیە نەبوونی سزا یان تەواونەبوونی یان لاوازبوونی، کار ناکاتە سەر بوونی یاسا، بەڵکو کار لە ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکا و هیچ کاریگەریی نییە لەسەر سیفەتی یاسایی یاساکە[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا لە یاسای نێودەوڵەتیدا سزا هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر سزای هەیە[٦].

یەکەم: ئەو سزایانەی کە توندوتیژییان (بەزۆر سەپاندنیان) لەگەڵدا نییە کە چەند شێوەیەك دەگرێتەوە.

**١- سزا مەعنەوییەکان**

ئەم شێوە سزایە زۆر جار شێوازەکانی وەك لۆمەکردن، ناڕەزایی دەربڕینی دیبلۆماسی، ئیستینکاری ڕای گشتی، سەرزەنش کردنی... هتد لەگەڵدایە.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. حمید السعدي، مقدمة في دراسة القانون الدولي الجنائي، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧١، ص٤٢ ومابعدها، و د.ضاري خليل محمود وباسيل يوسف، المحكمة الجنائية الدولة، بيت الحكمة، بغداد ص٢٩ ومابعدها.

(٥) د. السيد محمد عمران واصحابة، المصدر السابق، ص ٥٨-٦٠.

(٦) د. عبدالحسين القطيفي، المصدر السابق، ص٣٨ ومابعدها، ود. عصام العطية، ص٢٩ ومابعدها.

وەك ئـەوەی کـە کـۆنـگـرەکـان و ڕێکخراوە نێودەوڵـەتـیـەکـان ئـاراستـەی دەوڵەتە سەرپێچیکارەکەی دەکەن. نموونە: کاتێ سەرۆکی کوردستان- سەرۆك بـارزانـی- لـە لایـەن جـۆرج بـۆشـەوە پێشوازیـی لـێ کرا، تـورکـیـا نـاڕەزایی دایە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە و داوای ڕوونکردنەوەی لێ کرد کە بۆچی بەسیفەتی سەرۆك پێشوازی لە بارزانی کرد؟ بۆش گوتی: بەڵێ سەرۆك بارزانی سەرۆکی کوردستانە.

**٢- پچڕاندنی پێوەندی دیبلۆماسی**

واتـە بـڕیـنـی پێوەندیـی دیبلـۆمـاسی نێوان دوو دەوڵـەت، بـەمـەبـەستـی ئـاراستـەکردنی گلـەیـی و گـازەندە بـۆی، لـەلایـەن دەوڵـەتێکی تـرەوە. وەك بڕینی پێوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران.

**٣- سزادانی دارایی**

ئەمەش لە ئەنجامی دانـان بە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی لە لایەن دەوڵـەتـێکـەوە دێ کـە سەرپـێچـیـیـەکـی کـردبـێ و، دەبـێ قـەرەبـووی ئـەو سەرپێچییە بدا، ئەم سزایانە بڕیاریان لەسەر دەدرێ بە ڕێگەی دیبلۆماسی یان لە ڕێگەی دادوەری یان لە لایەن دادگەی دادی نێودەوڵەتی، نموونە کێشەی لۆکەربی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لیبیا، لەسەر کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی پان ئەمریکان.

**٤- سزادانی یاسایی**

کە دەبێتە هەڵوەشاندنەوە یان وەستانی ئەو هەڵسوکەوتە قانونییانەی کە سروشتێکی نێـودەوڵـەتییان هـەیە، وەك هەڵـوەشاندنەوەی پەیماننامەیەك لەبەر نەبوونی مەرجەکانی.

**٥- سزادانە تەمبێکردنەکان - التأديبية-**

ئـەم سزایـانـە لـە لایـەن ڕێکخراوە نێودەوڵـەتـیـەکـانـەوە بڕیـاریـان لـەسـەر

دەدرێ بەپشتبەستن بەبەڵگەنامەی ڕێکخراوەکە، وەکو دەرکردن و دوورخستنەوەی ئەو دەوڵەتەی کە ئەرکەکانی بەڵگەنامەکە جێبەجێ ناکا.

نموونە وەستاندنی مافی دەنگدانی دەوڵەتێك لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەرئەنجامی ڕێزنەگرتن لە پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

دووەم: ئەو سزایانەی کە بەزۆری سەپاندن (هێز) لە خۆ دەگرن

**١- کارە پۆلیسییەکان**

ئەم جۆرە سزایە لە یاسای عورفیی نێودەوڵەتیدا هەبوو پێش دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**٢- تۆڵەسەندنەوە**

کە بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە سەرپێچیی ڕێسایەکی یاسایی نێودەوڵەتی کردووە بەهەمان شێوە بەمەبەستی وەستاندنی یان بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی، کە ئەمەش چەند شێوەیەکە، لەوانە:

أ- داگیرکردنی سەربازی: لە کاتی ئاشتی بۆ بەشێکی ئەو وڵاتەی کە سەرپێچی ئیلزامێکی نێودەوڵەتی کردووە.

ب- گەمارۆی ئاشتییانە: گەمارۆیەکە کە چەند دەوڵەتێك دەیخەنە سەر ئەو وڵاتەی کە دەستدرێژی کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دووری بخەنەوە لە دەوڵەتەکانی تر و، قەدەغەکردنی.

پێویستە بزانرێ کە ئەو تۆڵەسەندنەوەیەی کە هێزی تێدا بەکار دێ جگە لەو حاڵەتانەی کە لە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەناڕەوا لە قەڵەم دەدرێ و دروستی ئەوەیە کە دەوڵەتان کێشەکانیان بەئامراز و شێوازی ئاشتییانە چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی نەکەوێتە مەترسییەوە.

**٣- سزادانی سەربازی**

بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارهێنانی هێز و هەڕەشە لە لایەن

دەوڵەتانەوە قەدەغە دەکا، کە دژی سەروەری و سەلامەتیی دەوڵەتێکی تر بەکار بهێنرێ تەنیا لە سێ حاڵەتدا نەبێ، یەکەمیان، باری بەرگریی ڕەوا (م ٥١) و، دووەمیان، حاڵەتی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی سەرکوتکردن لە لایەن ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەگوێرەی بەشی حەوتەم لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها بەکارهێنانی هێز لە لایەن بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان.

**٤- سزا ئابوورییەکان**

واتە بەکارهێنانی گوشاری ئابووری و دارایی بۆ ئەوەی وڵاتان ناچار بکرێن کە ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی بگرن، کاریگەرترین جۆریش بریتییە لە گەمارۆی ئابووری کە دەکرێ لە کاتی شەڕ و ئاشتیشدا بەکار بهێنرێ. کە ئەمەش دەوڵەتێك لە هەمبەر دەوڵەتێك بەکاری دەهێنێ. یان لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەکار دێ، یان لە لایەن ڕێکخراوە هەرێمییەکان. وەك ئەو سزایانەی خرانە سەر عێراق لە دوای داگیرکردنی کوێت.

**٥- سزا تاوانکارییەکان**

ئەم سزایانە لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەرکەوتن، کاتێ کە دادگاییکردنی گەورە لێپرسراوانی هەڵگیرسێنەرانی جەنگی دووەمی جیهانی بۆ سەرانی ئاڵمان و یابان و دادگەی نۆرنبرگ ١٩٤٥ و تۆکیۆ ١٩٤٦، دانرا. کۆششی نێودەوڵەتی هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی بنەمایەکی باش بۆ سیستەمی نێودەوڵەتیی تاوانکاریی هەمیشەیی دابنێ و ئەم دوو دادگەیە بوونە بنەمای سەرەکیی ئەم مەبەستە. نموونەی چەند دادگەیەك:

**١- دادگەی تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان**

لە ساڵی ١٩٤٨ەوە و دوای هەوڵێکی درێژخایەن کە زیاتر لە ٥٠ ساڵی خایاند، لێژنەی یاسایی نێودەوڵەتی پڕۆژەی پڕۆگرامی بنەڕەتی بۆ

دادگەی تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان تەواو کرد و پێشکێشی خولی چل و نۆیەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد. لە ١٧ تەموزی ١٩٩٨ لە کۆنگرەی ڕۆما پڕۆگرامی بنەڕەتیی ئەم دادگەیە متمانەی وەرگرت و لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە خراوەتە واری جێبەجێکردن. ئەم دادگەییە لە چەند تاوانێك دەڕوانێ:

١- تاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

٢- تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی.

٣- تاوانی جەنگ.

٤- تاوانی دوژمنکاری.

کۆنگرە ڕای سپارد کە تاوانی تیرۆر و مادده سڕکەرەکانیش لە ئایندەدا پێناسە بکا[٧].

**٢- دادگای تاوانکارییە تایبەتییەکان**

لە دوای ڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەتی و لەگەڵ دەستپێکی سیستەمی نوێی جیهانی و، لەگەڵ باشناخبوونی باهۆزی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ، دوو دادگەی تایبەت بۆ لێپرسینەوە و دادگەییکردنی تۆمەتباران بەئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی هاتنە ئاراوە. کە تایبەتمەندیی ئەم دوو دادگەیە سنووردارە، لە ڕووی شوێن و ڕوودانی تاوانەکە و کاتی تاوانەکە. وەك دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی تایبەت بەیوگسلافیا لە ساڵی ١٩٩٣، کە تایبەت بوو بە لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، لەسەر بنەمای کوشتن و لەناوبردن و کۆیلەکردنی و ڕاگواستن و بەندکردن و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سێکسی و چەوساندنەوە لەبەر هۆیەکانی سیاسی و نەژادی و ئاینی و کارە نامرۆڤایەتییەکانی تر.

---

(٧) بۆ زیاتر بڕوانە: د. محمود شريف بسيوني، المحكمة الجنائية الدولية، ط١ ٢٠٠٤، ص٦ ومابعدها.

هەروەها دادگەی نێودەڵەتیی روەندا لە ساڵی ١٩٩٤، بۆ دادگەییکردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیاربوون لە کردەوەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەژادی و پێشێلکارییەکانی تردا[٨].

**٦- گەرەنتی - الضمان**

بریتییە لە بەڵێندانی دەوڵەتێك لە پەیماننامەیەك بۆ گەرەنتیی جێبەجێکردنی ئیلتزامی نێو دەوڵەتی یان گەرەنتیی زاڵبوون بە سەر پێشێلکردنی ئەو ئیلتزامە.

لەم روونکرنەوە و شرۆڤەکردنەی سەرەوەدا، دەردەکەوێت کە رێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، رێسای یاسایین و هەموو مەرجەکانی یاساییبوونی تێدایە و دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی گشتی هەیە کە هەڵدەستێ بە پاراستنی ئاشتی و تەنیایی نێودەوڵەتی و دابینکردنی رێز لە یاسا لە جیهاندا کە ئەویش نەتەوە یەکگرتووەکانە[٩].

دەوڵەتان دانیان بە رێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا ناوە لە دەستوورەکانیاندا سەرەڕای بڕوانامە فەرمییە دوو قۆڵی و چەند قۆڵییەکان و، لە ڕێگەی دادگەی نێودەوڵەتییەوە.

**دووەم**

لە ڕووی بابەتییەوە: بەوە جیا دەکرێتەوە کە یاسایەکی پێشکەوتووە، وە کار دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانەکاندا بڕوات و، پێوەندییەکان تەنیا سیاسی نین بگرە ئابووری و ڕۆشنبیری و... هتد، هەروەها چوارچێوەی یاساکە چەندین بوار دەگرێتەوە وەك پێشتر باسمان کرد.

**سێیەم**

لە ڕووی لایەنی کەسییەوە: تەنیا پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و ڕێك ناخات بگرە کەسی تری یاسایی هەیە.

(٨) د. حسین طه بالیسانی.

(٩) د. علی صادق أبو هیف، القانون الدولی العام، المصدر السابق، ص٧٧.

## بەشی چوارەم

# لقەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی

بەگوێرەی چەند پێوەرێکی سەرەکی، دەکرێ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی بۆ چەند لقێك دابەش بکرێن، چەند ڕێوشوێنێك بۆ ئەم دابەشکردنە هەیە، ئێمە دوو شێواز هەڵدەبژێرین، یەکەمیان، دابەشکردنی یاسای نێودەوڵەتی بەگوێرەی بابەتەکانی، دووەمیان، بەگویرەی چوارچێوەی جوگرافی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەم

## دابەشکردن بەگوێرەی بابەتەکان

بەگوێرەی ئەو بابەتانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتە خۆی، لقی هەمەجۆری هەیە، کە گرینگترینیان لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**١- یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ**

تێگەیشتنی جیهان لە پێش سەدەی بیستەم وابوو کە مامەڵەکردن لە چوارچێوەی دەوڵەتاندا لەگەڵ هاوولاتیان دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی. بەڵام کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەر لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە زیاتر درکی بەوە کرد کە دەبێ لانی کەمی گەرەنتی بۆ پاراستنی مافەکانی تاك هەبێ، لەمەوە مافەکانی مرۆڤ بوون بەجێی بایەخی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، بەو پێیەی کە ئەم مافانە سروشتی و بنەڕەتین بۆ زاتی کەسایەتیی مرۆڤ و بۆ هەمووان یەکسانن پابەندبوون بە ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ ئەرکە(١).

لە ڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە بۆ مافەکانی مرۆڤ لە مێژووی هاوچەرخدا

(١) بۆ زانیاری سەبارەت بەمێژووی مافەکانی مرۆڤ، بڕوانە: مافەکانی مرۆڤ لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دراسات و توێژینەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، دراسەی ژمارە ٢٣، ١٩٩٦، د. ابراهیم احمد خلیفە، الألتزام الدولی باحترام حقوق الإنسان وحریاتە الأساسیە، دار الجامعە الجدیدە، ٢٠٠٧، ص٢١ ومابعدها.

بـەدی دەكـرێ، چـونـكـە چـەنـدیـن یـاسـا لـە دەوڵـەتـانـی پـێشكـەوتـوو و بـۆ پـاراستنی مـافـەكـانـی مـرۆڤ (هـاووڵاتـیـیـانـی خـۆیـان) هـاتـنـە ئـاراوە، لـە دیـارترین ئـەو ڕاگـەیـانـدنـانـە كـە كـاریـگـەرییان لـەسـەر ڕەوتـی بـەیـاسـاییكـردنـی مـافـەكـانـی مـرۆڤ هـەبـوو[٢].

أ- **ڕاگەیاندنەكانی ئینگلترا**: كە لە سەرەتا بەشێوەی بڕوانامە (وەسیقە) دەرچوو.

١- بڕوانامەی ماگنا كارتە (العهد الأعظم)

پەیماننامەی مەزن كە لە ساڵی ١٢١٥ جاڕ درا، كاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر سەربەخۆیی گەلان، كۆكراوە و تەواوكەری ڕاگەیاندنەكانی تری پێش خۆیەتی، كە كۆمەڵێك پرەنسیپی زۆری مرۆڤدۆستی تێدا بوو.

٢- گەلاڵەنامە -لائحة-ی مافەكان

ئـەم ڕاگـەیـانـدنـە لـە سـاڵـی ١٦٢٨ز هـاتـە ئـاراوە، بـۆ بـەرجـەسـتـەكـردنـی بەشداربوونی پەرلەمان و ئەنجوومەنی (بازرگان و خاوەن زەوییەكان) لە بڕیاردان، لەسەر دانان و ڕەزامەندی لەسەر باج شان بەشانی پاشا.

٣- ڕاگەیاندنی مافەكان

یـەكێكە لـە گرینگترین ڕاگـەیـانـدنـەكـان، بـەپێی ئەم ڕاگەیاندنە مەلیك ناتوانێ قانون دەربكا و جێبەجێی بكات یا هەمواری بكات بەبێ پرسی هاووڵاتییان. واتە سەروەری تەشریعی دەستوری ئینگلترا گەیشتە ئەو باوەڕەی كە پاشا لە هەموو بارەكاندا دەبێ پرس بەهاوڵاتییان بكا و ڕایـان وەربـگـرێ، بـەپێی ئـەم ڕاگـەیـانـدنـە دەسەڵاتێكی فراوان و ڕێزێكی شایستە بۆ تاك دانرا.

---

(٢) د. جبار صابر طة، النظرية العامة الحقوق الإنسان، منظمة نشر الثقافة القانونية، ط١، اربيل، ٢٠٠٤، ود. محمد يوسف علوان ود.محمد خليل المرسي، القانون الدولي لحقوق الإنسان، دار الثقافة، ط١، ٢٠٠٥

٤- ڕاگەیاندنی خەلافەت

ئەمەش ناوەڕۆکێکی هەبوو کە سنووردارکردنی دەسەڵاتی مەلیك بوو، سەروەریەتی قانون و حاکمیەت و گەرەنتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان و داواکردنی ئازادی بۆ تاکەکان و جێگیرکردنی پەرلەمان لە مەبەستە سەرەکییەکانی بوو.

**ب- ڕاگەیاندنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

کە لە ١٤ی تەمموزی ١٧٧٦ سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیا ڕاگەیاند. گرینگترین ڕاگەیاندنەکانی ئەمانەن:

١- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

یەکێکە لە گرینگترین ئەو ڕاگەیەنراوانەی کە لەگەڵ سەربەخۆییی ئەمریکا ڕاگەیەنرا، کە باسی مافەکانی گەل و ئازادییە گشتییەکانی تاك دەکا، لە گرنگترینیان ئەگەر مافەکانی گەل پێشێل کران، گەل مافی یاخیبوونی هەیە.

٢- ڕاگەیاندنی یاسای مافەکان (شریعه الحقوق) ١٧٧٦- ١٧٩١

دوای ئەوەی دەستووری ئەمریکا دانرا کە بەچەند هەموارکردنێکدا ڕۆیشت، ناوەڕۆکی ئەم ڕاگەیاندنە باس لە ئازادیی تاك و بیروباوەڕ و مەسەلەی کۆیلایەتی و نەهێشتن و قەدەغەکردنی و، دیاریکردنی شێوازی ڕێکخستنی هێزی سەربازی و مەرجەکانی هەڵگرتنی چەك و جۆرەکانی دەکا. ئەمانە گرینگترین ئەو ڕاگەیاندنانەن کە لە دەستووری ئەمریکادا باس لە ئازادی و ماف و ئەرکەکانی مرۆڤ دەکەن.

**ج- جاڕنامەی فەرەنسا**

لە ٢٦ی ئابی ١٧٨٩ ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیی فەرەنسی ڕاگەیەنرا، کە بەپێشکەوتووتر دادەنرێ و کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر مرۆڤایەتی و لەسەر هەست و سۆزی گەلان و، لە ژێر

کاریگەریی دوو هۆکار ئەم بەڵێننامەیە ڕاگەیەنرا:

١- کاریگەری ڕووناکبیران: فەیلەسووف و هزرمەندانی فەرەنسی کە زیاتر لە سەدەی ١٧، ١٨ سەریان هەڵدا، وەك، لۆك، ڕۆسۆ، مۆنتسکیۆ، ڤۆڵتێر کە بوونە هەوێنی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی.

٢- گەشەسەندنی چینی ناوەڕاست لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە: کە ئەمانەش بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕاگەیاندنی ئەم جارە مێژووییە[٣] و، لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ١٩٤٢/١٢/١دا دووپاتی بابەتی مافەکانی مرۆڤ کرایەوە و، لە ساڵی ١٩٤١دا سەرۆکی ئەمریکا ڕوزڤلت لە نامەیەکیدا بۆ کۆنگرێس، باسی ئەوە دەکا کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا مەسەلەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ جێی بایەخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبن.

لە ساڵی ١٩٤٥ەوە مەسەلەکانی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ناوەخۆی دەوڵەتاندا نەمان، بەڵکو بوونە جێی بایەخی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دامەزراوە یاساییەکانی و، بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوەخۆی هەر دەوڵەتێك و لە ئاستی جیهانیشی بەستووەتەوە بەبیرۆکەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان و، ئەم کۆنسێپتە لەم بڕوانامانەدا هاتووە وە بەئیلتیزامێکی نێودەوڵەتی داناوە لەسەر شانی دەوڵەتان و، لە کاتی پێشێلکردنیان بەماف و ئەرك و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دادەنێ کە دەستێوەردان بکا بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ[٤].

---

(٣) بڕوانە: د. حسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة تحليل وثائق، جامعة بغداد، ٢٠٠٤، ص١٦.

(٤) بڕوانە: بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان مادەکانی:
(١، ٤، ٦، ١٠، ١١، ١٣، ١٤، ٢٤، ٢٥، ٣٤، ٣٩، ٥٥، ٥٦، ٦٠، ٦٢، ٦٨، ٧٢، ٧٦).

هەروەكو لە مادەی یەكەمی بەڵێننامەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا هاتووە پێویستە نەتەوە یەكگرتووەكان كار بكا بۆ ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەكانی سەرجەم خەڵك، بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و زمان و ئاین و بەبێ جیاوازی كردن لە نێوان پیاو و ئافرەت، لەم پێناوەشدا و، بۆ بەرجەستەكردنی ڕێزگرتنێكی ئیجابی لە مافەكانی مرۆڤ، ئەنجوومەنی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٤٦ەوە لە ڕێگەی لێژنەی مافەكانی مرۆڤەوە، كۆششی كردووە بۆ ئەوەی بگاتە ڕێككەوتننامەی جۆراوجۆر و كە لایەنەكانی مافەكانی مرۆڤ بگرێتەوە. كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ١٠ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٨ جاڕی جیهانیی مافەكانی مرۆڤ ڕاگەیاند بەبێ دژوەستانی ئەندامان و بەبێ دەنگدانی هەشت دەوڵەتی (كوتلەی سۆڤیەت و یوغسلافیا و شانشینی عەرەبیی سعودی و خوارووی ئەفریقیا) و، هەنگاوی دووەم داڕشتنی پەیماننامەكان بوو، بەناوی هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەكان و، مافە ڕۆشنبیری، ئابووری، كۆمەڵایەتییەكان و، پرۆتۆكۆڵی ئارەزوومەندانەی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەكان، لە ساڵی ١٩٦٦دا، كە ئەمانە بەسەریەكەوە یاسای نێودەوڵەتی مافەكانی مرۆڤ پێك دێنن(٥).

لەم سەردەمەدا سەرچاوەكانی یاسای مافەكانی مرۆڤ بەشێوەیەك فراوان بوون و ڕێك خراون، كە ئەم یاسایە ڕێسا ئیلزامییەكانی خۆی لێ وەردەگری و، دابەش دەبن بۆ سەرچاوەكانی ڕەسمی (سەرەكی) و ناڕەسمییەكان بریتین لە سەرچاوەی نێودەوڵەتی، سەرچاوەی هەرێمی و، سەرچاوەی ئاینی. سەرچاوەی نێودەوڵەتی، پێك دێ لە سەرچاوەی جیهانی كە پێك دێ لە بڕوانامەی گشتی (كە هەموو یان زۆربەی مافەكانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وە لەجیاتی شەریعەی گشتی مافەكانی

---

(٥) د. عبدالكريم علوان خضير، الوسيط في القانون الدولي العام، الكتاب الثالث وحقوق الانسان، مكتبة الثقافة والنشر والتوزيع، ط١، ١٩٩٧.

مرۆڤ sthgiR namuH - fo lliB lanoitanretnI - کە بریتییە لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووکان وە هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٦٦) و، بڕوانامەی تایبەت (کە تایبەتە بەمرۆڤێکی دیاریکراو وەك ژن، منداڵ، بەساڵاچوو، کەمئەندام، پەنابەر... هتد، یا تایبەتە بەمافێکی دیاریکراو وەك ڕێککەوتننامەکانی نەهێشتنی کۆیلە و ئەشکەنجەدان و... هتد، یا ئەو مافانەی کە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا هەیە وەك ڕێککەوتنەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لە کاتی ناکۆکی و ململانە چەکدارانەکاندا، نێودەوڵەتی بن یان ناوەخۆیی) و، سەرچاوەی هەرێمی وەك ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوە هەرێمییەکان وەك بڕوانامەی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی ئەورووپا.

سەرچاوەی ڕەسمیی دووەم، سەرچاوە نیشتمانییەکانن کە بریتین لە دەستوور و ئەو یاسا و دانراوە نیشتمانییانەی کە دەقی جۆراوجۆری تایبەت بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤیان تێدایە.

سەرچاوەی سێیەم سەرچاوەی ئاینە. کە هەر ئاینە بەپێی خۆی ڕۆڵی هەبووە لە بەرەو پێشبردنی ڕەوتی مافەکانی مرۆڤ و، هەرسێ سەرچاوە تەواوکەری یەکترن(٦). لە ژێر ڕۆشنایی ئەم شیکردنەوەیەدا، دەڵێین مافەکانی مرۆڤ هاوبەشییەکە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمەکان و تاکەکان و، پێشێلکردنیان ڕەوایی دەداتە دەستتێوەردانی مرۆیی(٧).

هەروەك یەکێکە لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ مەرجە بۆ وەرگرتنی دەوڵەت و بەردەوامیی ئەندامیەتیی

(٦) د. الشافعي محمد بشير، قانون الإنسان، منشأه العالرف بالأسكندريه، ٢٠٠٤، ط٣، ص٤٣ ومابعدها.

(٧) بڕوانە د. جابر مهدی، السياده والتدخل الإنساني، منظمه نشر الثقافه القانونيه، سلسله (١٣)، ط١، هەولێر، ٢٠٠٤، ص١٥.

دەوڵەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و، ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ بەهای یاسایی و فەلسەفییان لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا هەیە، لە مێژووی هاوچەرخیشدا ئەم بایەخە تۆکمەتر بووە[٨].

**٢- یاسای مرۆییی نێودەوڵەتی - القانون الأنساني الدولي**

پانتاییەکی فراوانیی ژیانی مرۆڤایەتی بەجەنگ و شەڕ ناسراوە، لەم ناوەشدا لە هەموو شارستانییەکاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕێسای عورفی و نووسراو هەبووە کە سنوور بۆ رەفتاری جەنگاوەران دادەنێ لە زیان گەیاندن بەنەیاران، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا هەندێ ڕێسای عورفی هاتنە ئاراوە و جێیان گرت و، لە ناو بەرهەمەکانی یاساناسان و ڕاگەیاندنی سەرکردە سەربازییەکان باس کران و، لە نیوەی دووەمدا، بۆ ئەوەی کە ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە بکرێ و یاسایەك بۆ جەنگ دابنرێ، هنری دوونان مرۆڤدۆستی ناسراوی سویسری بەهۆی ئەو دیمەنە تراژیدیایانەی کە لە جەنگی سۆلڤرینۆی بینی، کتێبێکی دانا بەناوی یادەوەری سولڤرینۆ لە ساڵی ١٨٦٣دا، دواتر لە ساڵی ١٨٦٤ یەکەم ڕێککەوتننامە لەم بوارەدا بۆ چارەسەری بریندار و نەخۆش لە جەنگدا هاتە ئاراوە، کە شازدە دەوڵەتی ئەورووپی لە ژنێڤ کۆبوونەوە و ئەم ڕێککەوتننامەیان ڕاگەیاند و بەم ناوە ناسرا، لەم ڕێکەوتننامە تا دەگاتە سەرجەم ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ و تا هەردوو پرۆتۆکۆلی ١٩٧٧، ئەم یاسایە کە سەرەتا بەیاسای جەنگ، دواتر بەیاسای ناکۆکییە چەکدارییەکان و ئێستاش بە ناوی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی یان

(٨) بۆ زانیاری زیاتر لە ڕووی فەلسەفی و سیاسی و بەهای یاساییەوە، بڕوانە: د. کەمال سعدي، حقوق الإنسان في المذهب الفكرية، مجلة تەرازوو، مجلة اكاديمية، تصدرها نقابة حقوقي كوردستان، العدد ٢٥. عثمان علي حسن وەیسی، البعد القانوني لحقوق الأنسان، بحث منشور في مجلة تەرازوو، مجلة قانونية وسياسة أكاديمية فصلية، يصدرها أتحاد حقوقي كوردستان باللغتين الكوردية والعربية، العدد ٢٩- ٣٠، ٢٠٠٦، ص٢٩١.

مرۆڤایەتی ناسراوە، کە سەربەخۆیە و لە لایەن خاچی سووری نێودەوڵەتی و مانگی سووری نێودەوڵەتییەوە لە ژێر سەکۆی لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریی یاسای مرۆڤایەتی بەڕێوە دەچێ(٩).

کەواتە ئەم یاسایە لە کاتی جەنگدا پیادە دەکرێ، کە دوو بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێ، یەکەمیان، بۆ ڕێکخستنی شێواز و ئامرازەکانی جەنگە و، دووەمیان، بۆ پارێزگارییە لە قوربانیانی ململانە سەربازییەکان، مرۆڤ و ئەو شوێنانەی کە پارێزگاری ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و، پێناسە دەکرێ کە کۆمەڵە ڕێسایەکی یاساییە بەگوێرەی پەیماننامە و عورفی تایبەت بەچارەسەری ئەو گرفتانەی کە لە میانەی جەنگی نێودەوڵەتی یان نا نێودەوڵەتی هاتووەنەتە ئاراوە، کە بۆ مەبەستی مرۆڤایەتی سنوور دادەنێ بۆ بەکارهێنانی شێواز و ئامرازی جەنگ، وە پارێزگاری لەو کەس و کەلوپەل و سامان و شوێنانە دەکا کە بەهۆی ئەم ناکۆکییەوە تووش دەبن(١٠).

**٣- یاسای سزادانی نێودەوڵەتی**

مرۆڤایەتی کۆششی کردووە بۆ ئەوەی کە پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ، ئەوانەی کە تاوانی نێودەوڵەتیی ئەنجام دەدەن، کۆمەڵی نێودەوڵەتی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکا و بەسزای دادپەروەرانەیان بگەینێ لە ڕێگەی ڕێسای نێودەوڵەتیی دادوەرانە و، کۆمەڵێ هۆکاری مێژوویی و بابەتی

(٩) د. عمر محمود المخزومي، القانون الدولي الإنساني في ضوء المحكمة الجنائية الدولية، الثقافة للنشر والتوزيع، عمان ط، ٢٠٠٨، ص٣٦ ومابعدها، ود.احمد ابو الوفا، النظرية العامة للقانون الدولي الإنساني، دار النهضة العربية، ط١، قاهيرة، ٢٠٠٦.

(١٠) عوسمان عەلی حەسەن، جیاوازییەکانی نێوان یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی و یاسایی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کۆواری تەرازوو، کۆوارێکی ئەکادیمی وەرزییە، بەهەردوو زمانی کوردی عەرەبی، سەندیکای مافناسانی کوردستان، ٢٠٠٨، ژمارە ٣٢.

هەبوون کە کۆمەڵی نێودەوڵەتییان هان دا بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی سزادان لە ئاستی نێودەوڵەتی بەیاسایی بکا لەو کردەوە تاوانکارییانەی کە لە دەرەوەی سنووری دەوڵەت ئەنجام دەدرێن، وەك جەردەیی دەریایی دژ بەکەشتی و ماڵ و کەسەکان و، بڵاوبوونەوەی بازرگانیی کۆیلەی نێودەوڵەتی و ئەو ئاکامە فراوانە نا مرۆڤانانەی کە لە جەنگەکاندا دێنە ئاراوە، وەك تاوانی دژ بەئاشتی و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید و تاوانی تیرۆری نێودەوڵەتی و... هتد(١١).

مەسەلەی بەنێودەوڵەتی کردنی بەرپرسیاریەتیی سزای تاك لە ئاستی یاساناسیی نێودەوڵەتی بەگشتی و لە ئاستی سزادان بەتایبەتی، نوێیە و، چوار بۆچوونی سەرەکی لە ناونانی ئەم یاسایەدا هەیە(١٢).

١- یاسای سزادانی نێودەوڵەتی، کە جەخت لەسەر سیفەتی یاسا دەکاتەوە و سیفەتی نێودەوڵەتیی بۆ زیادە دەکا.

٢- یاسای نێودەوڵەتیی سزادان کە بایەخی زیاتر بەسیفەتی نێودەوڵەتی دەدا لە سیفەتی سزایی.

٣- یاسای سزادانی سەروو نیشتمانی و، سیفەتێکی سەروو نیشتمانی بەسزا دەبەخشێ و لە یاساکانی نیشتمانی بالاترە.

٤- یاسای سزادانی نێودەوڵەتیی گشتی، کە ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان یاسای گشتی نێودەوڵەتیی و تایبەتی دەکا و، لەسەر یاسای سزادان سیمای یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دادەنێ.

دەتوانین بڵێین کە سەرجەم ڕێسا یاساییەکانی سزادانی نێودەوڵەتی لە هەڵوێستێکی ناوەندگیر دەوەستن لە نێوان یاسای گشتیی نێودەوڵەتی کە

(١١) بڕوانە: حمید السعدی، المصدر السابق، ص١٢، ومابعدما.

(١٢) د. ضاری خلیل محمود وباسیل یوسف، المحکمە الجنائیە الدولیە، بیت الحکمە، بغداد، ط١ ٢٠٠٣، ص٧.

پێوەندیی نێوان کەسەکانی ئەم یاسایە رێك دەخات، یاسای سزادانی نیشتمانی، کە یاسای سزادانی نێودەوڵەتی کۆششی بۆ دەکات بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی نێودەوڵەتی بەسزادانی کە شکلێکی دوەلیی هەبی و، یاسای سزادانی نیشتمانی کە دەیەوێ پارێزگاری لە سیستەمی گشتیی نیشتمانی بکا بەسزادانی کە **شکلی ناوەخۆیی هەبێ**(١٣) لە پێناو سزادانی تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان چەندین دادگە دامەزراون:

١- دادگەیی ناوبژیوانی هەمیشەیی (محكمة التحكيم الدائمة) کە لە کۆنگرەی لاهای لە ساڵی ١٨٩٩ دامەزرا و، لە کۆنگرەی لاهای دووەم گۆڕانی بەسەردا هات.

٢- دادگەی دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی کە لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا.

٣- دادگەی دادی هەمیشەیی لە لاهای کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزرا، وەك یەکێك لە دەزگا سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قەڵەم دەدرێ.

٤- دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی: کە لە میانەی کۆنگرەی رۆما لە ١٧ی تەمموزی ١٩٩٨ دامەزرا، کە ١٢٠ دەوڵەت دەنگیان بۆ دا و لە ٢٠٠٢ەوە لە بواری جێبەجێکردندایە و لە تاوانەکانی وەك: جینۆساید، تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، تاوانی دوژمنکاری دەڕوانێ، کۆنگرە رای سپارد کە پێناسەی تاوانەکانی تیرۆر و مادە هۆشبەرەکانیش بکرێ هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە.

**٤- یاسایی نێودەوڵەتی پەنابەران**

مادەی یەکەم لە رێککەوتنی تایبەت بەپەنابەرانی ساڵی ١٩٥١، پێناسەی پەنابەران دەکا بەوەی کە ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە بنچینەیەکی بەهێزی چەوساندنەوە، لەبەر هۆی رەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی، ئەندامیەتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان بۆچوونی سیاسی، لە دەرەوەی ئەو

(١٣) د. عبدالوهاب حومد، الأجرام الدولي، جامعة الكويت،١٩٨٧، ص١٠.

ولاتەیە کە هاوولاتی بووە تیایدا، بەهۆی ئەو ترسەشەوە ناتوانێ یان حەز ناکا لە ژێر پارێزگاری ولاتەکەیدا بژی. یان ئەو کەسەیە کە ڕەگەزنامەی نییە و لە دەرەوەی ئەو ولاتەیە کە پێشتر تێیدا نیشتەجێ بووە لە دەرئەنجامی ئەو ڕووداوانەوە نابێت یان ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو ولاتە بەهۆی ئەو ترسەوە.

ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقی و بانگەوازی قرتاجینە ئەم پێناسەیان فراوان کردووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە ولاتیان بەجێ دەهێڵن لە دەرئەنجامی ئەو ڕووداوانەی کە بەشێوەیەکی ترسناك ئاسایشی گشتی تێك دەدەن وەك ناکۆکی چەکدارانە و ئاڵۆزی و پەشێوی[١٤] و یاسای نێونەتەوەیی بۆ پەنابەران بنیات نراوە لەسەر ئەم دەقانەی خوارەوە:

١- ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٥١ دەربارەی باری پەنابەری.

٢- پرۆتۆکۆڵی ١٩٦٧ پێوەندیدار بەپەنابەری.

٣- ڕێککەتننامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقی بۆ ڕێکخستنی لایەنەکانی پێوەندار بەگرفتی پەنابەران لە ئەفریقادا.

٤- بانگەوازی قرتاجینەی ١٩٨٤ سەبارەت بەپەنابەران.

٥- بەپێی چەند بڕیارێکی پەسەندکراو بەتایبەتی لە لایەن ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە. پەنابەران مافی پاراستنیان بۆ دابین کراوە، بەپێی یاسای پەنابەران، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی نووسینگەی کۆمسیۆنی بالای پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان U.N.H.C.R دەیانگرێتەوە.

---

(١٤) بڕوانە: د. فیصل شطناوی، حقوق الإنسان والقانون الدولی الإنسانی، دار ومکتبە الحامد للنشر والتوزیع، ط٢، ٢٠٠١، ص٢٣٥ ومابعدها.

**٥- یاسای پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان**

دیبلۆماسییەت Diploma tie زاراوەیەکی یۆنانییە گواستراوەتەوە بۆ زمانی لاتینی، ئینجا زمانە ئەوروپییەکان. وەك لە زمانی عەرەبیدا بەناوی نێرراو یا پەیامنێر هاتووە. ئەگەرچی مێژووی پێوەندییەکان کۆنە، بەڵام یاساناسانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی وا دەبینن کە لە میانەی ئەو جەنگە خوێناوییانەی کە لە نێوان دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا هاتنە ئاراوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەوە بهێنن و ڕێککەون لەسەر پێوەندی دیبلۆماسی و کێشەکانیان بەئامرازەکانی دیبلۆماسی چارەسەر بکەن. لە میانەی مامەڵەکردنی ئەم پێوەندییانە ڕێسای یاسایی عورفی لە نێوان دەوڵەتان دامەزرا، کە نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاتە ئاراوە، مەسەلەی نووسینەوەی عورفی نێودەوڵەتی لە ڕێککەوتننامەکەدا بەلێژنەی شەشەم سپێردرا، ئەم لێژنەیەش کۆششێکی زۆری کرد کە ڕێسا عورفییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە دیبلۆماسیەت لە سێ ڕێککەوتننامەی گرینگدا جێبەجێ بکا کە ئەوانیش:

١- ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پێوەندییە دیبلۆماسییەکان لە ساڵی ١٩٦١.

٢- ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پێوەندییە قونسوڵییەکان لە ساڵی ١٩٦٣.

٣- ڕێککەوتننامەی تایبەت بەنێرراوە تایبەتەکانی ساڵی ١٩٦٩[١٥].

لەگەڵ ئەوەدا کە زانایان بۆچوونی جیاجیایان هەیە بۆ پێناسەکردنی دیبلۆماسیەت، دەکرێ پێناسەی دیبلۆماسییەت بکرێ بەوەی کە زانست و هونەری نوێنەرایەتیکردنی هەڵوێستی کەسە یاساییەکان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەرەوەدا لە ڕێگەی دەزگایەکەوە کە پێی دەگوترێ نوێنەرایەتیی بەردەوام، هەمیشەیی بێ یان کاتی[١٦] و، دیبلۆماسییەت،

---

(١٥) د. سهيل حسين الفتلاوي، الدبلوماسية بين النظرية والتطبيق، دار الثقافة عمان، ط١، ٢٠٠٥، ص٧٧ ومابعدها.

(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

ئامرازی سەرەکیی دەوڵەتانە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە، بۆیە نابێ تێکەڵیان بکەین، واتە لە نێوان چەمکی دیبلۆماسیەت و چەمکی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت. وەزیفەی سەرەکیی دیبلۆماسیەت بەڕێوەبردنی دیالۆگ و دانوستانی دیبلۆماسییە لە نێوان دەوڵەتان بەئامانجی دەستەبەرکردنی ئامانجە هاوبەشەکان. بەم شێوەیە دیبلۆماسیەت دوو ئامانجی سەرەکیی هەیە، یەکەمیان: نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتان و پاراستنیان، دووەمیان: بەڕێوەبردنی پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان کەسەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتییە(١٧).

یەکێك لە دەستە گرینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووەتە ئاراوە کە لە مادە (١) برگەی ٣دا ئاماژەی پێ کردووە و لە مادەی ٥٥دا درێژەی پێ داوە، مەبەستەکانی لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە.(١٨):

١– دابینکردنی ئاستێکی ژیان و دەستەبەرکردنی هۆیەکانی بەکارهێنان بۆ هەموو تاکێك وە بەرەوپێش بردنی هۆیەکانی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٢– دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ هەموو کێشە نێودەوڵەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و ئەوانەی کە پێوەندییان پێیانەوە هەیە و، زیادکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە کاروباری ڕۆشنبیری و زانستی.

٣– کارکردن بۆ ئەوەی کە لە جیهاندا ڕێز لە مافی مرۆڤ و ئازادیەکانییدا بگیرێ بەبێ جیاوازیی نەژادیی ئاینی و، بێ جیاوازیی نێوان پیاو و ئافرەت و، بۆ چاودێریی ئەو ماف و ئازادییانە.

(١٧) د. ابراهیم احمد خلیفە، القانون الدولی الدبلوماسی والقنصلی، دار الجامعە الجدیدە، ٢٠٠٧، ص ص ٦–٧.

(١٨) بڕوانە بڕگەی ١ و ٥٥ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئـەوەی لـەم نـاوە گـرینـگ بـێ، بـایـەخـدانـی نـەتـەوە یـەکگـرتـووەکـانـە بەکێشەگەڵی ئابووری. کە چەندین وەزیفەی جۆربەجۆری هەیە. لە لایەکی تر دوای بەرەوپێشچوونی ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی هاتووەتە ئاراوە، گرینگترینیان ئەوانەن کە لە بواری پێوەندییە ئابوورییەکانەوە هـاتـووەتـە دی. ئـەمـەش لـەوەدا بـەرجـەستـە بـوو کـە پـێوەنـدیـی هـاوکـاریـی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی تەنیا لە ئاستی دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا نـەمـایـەوە، بـەڵـکـو پـێوەنـدیـی ئـابـووریـی نـێوان دەوڵـەتـانـی پێشکەوتوو دەوڵەتانی تازە گەشەسەندووش هاتە ئاراوە.

هـەربـۆیـە یـاسای ئـابـووریـی نـێودەوڵـەتـی، لـقێکی گـرینـگی یـاسای نێودەوڵەتیی گشتیی هاوچەرخە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە مەسەلەکانی (بـازرگـانـی، دراوی، دارایـی) بـەرگـێکی نـێودەوڵـەتـیـان وەرگرت. دەوڵەت دەتوانێ دەست بخاتە کاروباری ژیانی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە، جا بۆ هاندان و ئاراستەکردنی بێ یان بۆ سنووردارکردنی، لە ڕێگەی کاری یاسایی یان کاروباری تری تاك لایەن یان دوو لایەن، یان زیاتر بێ و، یاسای نێودەوڵەتی ئابووری چەند کاروبارێك دەگرێتەوە لەوانە:

١- بەرهەمەکانی کەرەستە و خزمەتگوزاری ڕێك دەخا، لەوانە ناردن و هـاوردە، لـەمـیـانـەی ڕیککەوتـنـنـامـە نـێودەوڵـەتـیـەکـان و، ڕێکخستنی کاروباری بەرهەمهێنانی بێگانە.

٢- گـرنـگـی بـەئـاڵـوگـۆڕە ئـابـووریـیـە نـێودەوڵـەتـیـەکـان دەدا، بـەلایـەنـە جۆراوجۆرەکانی (بارزگانی، دارایی، دراوی).

٣- لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا کار بۆ سیستەمی ئابووریی نێودەوڵەتی نوێ دەکرێ، کە عەدالەتی زیاتری هەبێ بێ لە دابەشکردنی کەرەستە و خزمەتگوزاری و پارە و لایەنە باشەکانی ئابووریدا.

٤- گرینگی بەلایەنی ڕێکخستنی پێوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان دەدا کە لە بنەڕەتدا بایەخ بەڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ئابوورییەکان

لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی دەدات و، گرنگترین سیماکانی پێوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بریتین لە (بازرگانیی نێودەوڵەتی، سەرچاوەکانی وزە، گواستنەوەی تەکنەلۆجیا، پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی، هاوکاریی دەرەکی، ئابووریی نێوان دەوڵەتانی خواروو، گفتوگۆ لە نێوان سەرووی (دەوڵەمەند) و خوارووی (هەژار)، گرفتی قەرزە دەرەکییەکان. بنیاتنانی سیستەمێکی ئابووری جیهانی نویێ... هتد.

لە پەراوێزی ئەمەدا بۆ پێناسەی یاسای نێودەوڵەتیی ئابووری دەڵێین: کۆمەڵە ڕێسایەکی یاساییە کە لەسەر پێوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان کەسانی یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەبێ. کە لەسەر سێ پرەنسیپی سەرەکی وەستاوە کە ئازادیی بازرگانیی نێودەوڵەتی و یەکسانی لە سەرەوەریەتی و هاریکاریی نێودەوڵەتییە(١٩).

**٧- یاسای ژینگە**

لە سەدەی ڕابردوودا مەسەلەکانی تایبەت بەژینگە لە سەرجەم بوارەکانی چالاکیی مرۆڤدا، لە ئاستەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانیدا هاتنە ئاراوە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە مەسەلەکانی تایبەت بەژینگە تێکچوون و مەترسی بۆ سەر ژیانی نەوەکانی ئێستا و ئایندە هەیە، لەوانە سامانی سروشتی، جۆری زیندەوەرەکان و، دیاردەی شەپۆڵەکانی وشکانی و لافاو و ئەو گۆڕانانەی بەسەر کەشوهەوادا هاتوون، ئەمەش بەهۆی مامەڵەی خراپی مرۆڤ لەگەڵ دارستان و فراوانبوونی بە وشکانی بوون و زیادبوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و خورانی چینی ئۆزۆن و سەرجەم بوارەکانی تری تێکچوونی ژینگە.

لە لایەکی تر مافێکی ئاساییی مرۆڤە کە لە ژینگەیەکی پاکدا بژی و،

---

(١٩) بۆ زیاتر بڕوانە: د. عبدالواحد محمد الفار، طبيعة القاعدة الدولة الإقتصادية، في ظل نظام الدولي القائم، دار النهضة العربية، ١٩٨٥، ص٥ ومابعدها.

مافی  دەوڵەت و کۆمپانیا و گرووپ و تاکەکان نییە کە کاریگەری خراپ بکەنە سەر ژینگە و بەدووکەڵ و هەڵم و تەپوتۆز و پاشەڕۆك و پاشماوەکانی تر ژینگە پیس بکەن و زیان بەتەندروستیی مرۆڤ بگەیەنن. هەر زیانێکی لەم چەشنە دەبێتە دەستتێوەردان لە هاوسەنگیی سروشت و زیان بەهاوسەنگیی بارودۆخی ئاسایی ژیان دەگەیەنێ کە مافی خۆشگوزەرانیی مرۆڤ دەیخوازێ.

لە ڕوانگەی هەستکردن بەم مەترسییانەوە، وەك ئەوەی کە مافەکانی مرۆڤ دەیخوازێ، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦ی حوزەیرانی **١٩٧٢دا** داوای بەستنی کۆنگرەیەکی کرد و، سەرئەنجام ڕاگەیاندنی کۆنگرەی تایبەت بەژینگەی مرۆڤایەتی ڕاگەیەنرا، بەو مەبەستەی کە ڕێنوێنی و ڕاسپاردە بدا و ئامۆژگاری پێشکێشی گەلانی جیهان بکا بۆ پاراستنی سروشتی ژینگەی مرۆڤایەتی و گەشەپێدانی، کە داوا دەکا بۆ ئەوەی مافی ژیانی ئاسایی مرۆڤ بەرجەستە بێ و، خۆشگوزەرانی بۆ بێتە دی، پێویستە کە پارێزگاری لە ژینگە بکرێ. لەم پێناوەشدا چەندین ڕێککەوتننامە هاتووەتە دی لەوانە:

١- ڕێککەوتننامەی بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ژینگە، (UNEP)    لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO)، ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی خۆراك و کشتوکاڵە.

٢- ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO).

٣-ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی دەریاوانی نێودەوڵەتییی (IMO).

٤- ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN).

٥- ڕێککەوتننامە هەرێمایەتییەکان.

٦- لێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئابووری لە ئەورووپا (لێژنەی UNECE).

٧- لـێژنــەی (OSPAR). بـۆ پـارێزگـاری ژیـنـگـەی سەرووی دەریـای ئەتڵەنتی.

٨- لێژنەی هلسنکی.

٩- ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی ڕێگرتن لە چەکی کیمیاوی (OPCW).

١٠- ڕێککـەوتـنـنـامـەی کـاری نـەتـەوە یـەکگـرتـووەکـان تـایبـەت بـەگۆڕانی کەشوهـەوا و پرۆتۆکۆڵی کیوتو ١٩٩٢/٧/٩[٢٠].

لە لایەکی ترەوە ئەرکە لەسەر دەوڵەتان، کە لە بوارەکانی یاسایی و پراکتیکدا کار بکەن بۆ نەهێشتن و ڕێگرتن لە زیان گەیشتن بەتەندروستیی مرۆڤ و گیاندار و ڕووەك، وە ئاوی پاك و خاوێن بەرجەستە بکەن و، ڕێگە لە پیسبوون بگرن و، پاشەڕۆك فڕێ نەدەنە ناو دەریا و ڕووبارەکانەوە و ناوچەکانی ئابووری، ڕووبارو، دەریاچە و ئاوەڕۆکان بپارێزن، بەتایبەت کە پێشکەوتنە زانستییەکان، خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا کاریگەریی خراپیان کردووەتە سەر ژینگە و سامانەکانی ڕووەکی و ئاژەڵی و سامانی دەریایی و.. هتد، چونکە ڕووبەڕووی گرفت و کێشە بوونەتەوە.

لـەم ڕووەشەوە لـە نـاوەخـۆی دەوڵـەتـان، گـرووپ و پـارتـی جـۆراوجـۆر دروستـبـوون کـە کـار دەکـەن بـۆ پـاك و خـاوێن ڕاگـرتـنـی ژیـنـگـە و ڕووبەڕووبوونەوەی ژینگەی پیس. هەروەها سەنتەری یاسای نێودەوڵەتیی ژینگەیی هەیە کە دامەزراوەیەکی یاسایی ژینگەییە کە مەبەستی سوود و قازانج نییە، لە ساڵی ١٩٨٩ دامەزراوە، بۆ ئەوەی یاسای نێودەوڵەتیی ژینگە کارا و بەهێز بکا و سیاسەتی ژینگەیی لەسەر ئاستی جیهان پەرە پێ بدا، وە لەسەر ئاستی هەرێمی و دوو قۆڵیش چەندین ڕێککەوتننامە هەیە، سەرەڕای ئاژانسەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە.

---

(٢٠) بۆ زیاتر بڕوانە:

http://www.assr.org/general topics.asp?tid= 1098cr=

**٨- یاسای نێودەوڵەتیی دەریایی**

پرەنسیپی ئازادیی دەریاوانی وەك ڕێسایەكی یاسای نێودەوڵەتی، لە نێو سەدەی نۆزدەدا جێی گرت. پێش ئەوە هەر دەوڵەتە خۆی بەخاوەن سەرداریەتی دەزانی لەسەر بەشەكانی كەناری خۆی و، هەندێ جار لەسەر هەندێ ناوچەی دوورتریش: بۆ نموونە ڕۆما داوای سەروەریەتیی دەكرد لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاست، بوندوقییە (ڤینیسیا) داوای سەروەریەتی دەكرد لەسەر دەریای ئەدریاتیك و، پورتوگال داوای سەروەریەتی دەكرد لەسەر دەریایی ڕۆژئاوای ئەفریقا و ڕێگەی لە كەشتیوانیی بێگانە دەگرت، هەركەسێ بیویستیایە بگاتە هیندستان دەری دەكرد، ئیسپانیا داوای سەروەریەتی دەكرد لەسەر بەشی خوارووی دەریای ئەتڵەسی، بەریتانیا لەسەر بەشی سەرووی خۆی و دەریای مانشن، دانیمارك و سوید لەسەر دەریای بەڵتیك. دۆزینەوەی ئەمریكا و ئەو بازرگانی و كەشتیوانییەی هاتە ئاراوە هانی دەوڵەتانی دا بۆ زیاتر لەم داواكارییانە وەك سڵاوی دەریایی و هەروەها چاودێریی پۆلیس هاتە سەر ئەوەی كە هەر كەشتییەك دەبێ بەوەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختی تێپەڕ بێ. ئەم حاڵەتە وای كرد كە ئەوانەی بایەخ بەیاسای نێودەوڵەتی دەدەن گرینگی بەم كێشەیە بدەن، هەندێكیان فیكرەی دەریاوانیی ئازادیان هێنایە بەر باس، هەر بۆیە گروسیوس لە كتێبە بەناوبانگەكەی (دەریای ئازاد) كە هێرشی كردە سەر ئەو دەوڵەتانەی كە داوای سەروەرێتی لەم چەشنە دەكەن، داوای كرد كە پێویستە دەریاوانی بۆ هەموو دەوڵەتان ئازاد بێ، بەڵام بەریتانیا وەك زلهێزێك بەتوندی وەڵامی ئەم بۆچوونەی دایەوە، یاساناسی ئینگلیزی، جون سلدن، كتێبێكی بەناوی «دەریای داخراو» دانا، بەپێچەوانەی بۆچوونەكانی گروسیوس، سەرئەنجام چەمكی ئازادیی دەریاوانی سەركەوت[٢١].

---

(٢١) د. على صادق أبو هيف، القانون الدولى العام، ص ٣٧٨ ومابعدها.

یاسای نێودەوڵەتیی دەریایی، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پێوەندییان بەدەریا و ڕوونکردنەوەی سروشت و ئەو سەرچاوە یاساییانەوە هەیە کە حوکمی دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارە گرینگانەی کە کار لە یاسا دەکەن، لەگەڵ پێناسەکردنی کەشتی و ڕوونکردنەوەی سروست و دیاریکردنی جۆرەکانی.

کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەستی کرد بەتۆمارکردنی بەشێکی کەم لە ڕێسایەکانی ئەم بوارە و، سەرەتا بەو ڕێسایانە دەستی پێ کرد کە تایبەتەن بەجەنگی دەریایی و ڕاگەیاندنی پاریسی تایبەت بەجەنگی دەریایی ساڵی ١٨٥٦ دەستپێك بوو، دوای ئەوە ڕێکەوتنی لاهای تایبەت بەجەنگی دەریایی، ساڵی ١٩٠٧ و ڕاگەیاندنی لەندەن کە پەسند نەکرا لە ساڵی ١٩٠٩دا هاتە ئاراوە، دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلانیش چەند ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بەڕێکخستنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەریایی لە کاتی ئاشتیدا هاتە دی، بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی بەرشلۆنە لە ساڵی ١٩٢١ کە تایبەت بوو بەئازادی ترانزێت و سیستەمی ڕێگاکانی دەریاوانی کە گرینگیی زۆری نێودەوڵەتیی هەبووە و، ڕێککەوتننامەی ژنێڤ ساڵی ١٩٢٣ی تایبەت بەسیستەمی نێودەوڵەتی بۆ شوێنی مانەوەی کەشتییەکان و، پرۆژەیی ڕێککەوتنی تایبەت بە«یاسای دەریاییی هەرێمی» کە دواتر کۆنگرەی لاهای ساڵی ١٩٣٠ی لێ کەوتەوە(٢٢).

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٤٧ەوە لێژنەی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بەئامادەکردنی توێژینەوە و پرۆژەی داڕشتنی ڕێسا یاسایی نێودەوڵەتیی لەم بارەیەوە دانا، پرۆژە یاسایەك پێشکێشی کۆنگرەی ژنێڤی ساڵی ١٩٥٨ کرا لەم بارەیەوە چوار ڕێککەوتننامە پەسەند کران کە تایبەت بوون بە: یەکەمیان، دەریای هەرێمی و هەرێمی دراوسێیی

(٢٢) د. محمد سامي عبدالحميد و د.محمد سعيد الدقاق، القانون الدولي العام، منشأة المعارف بالأسكندرية، ٢٠٠٤ ص ٣٧٦.

و، دووەمیان، بە دەریا ئازادەکان – **أعالی البحار**– و، سێیەمیان، بە ڕاوکردن و پارێزگاری لە سامانە بایۆلۆجییەکانی دەریا ئازادەکان و، چوارەمیان، تایبەت بوو بەپانتاییی وشکایی. هەروەها کۆنگرە نۆ بریاری دەرکرد کە لە بنەڕەتدا پێوەندییان بە تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە دەریا ئازادەکان و گرفتی پیسبوونی ئاو بە ماددەی تیشکهاوێژ و پاراستنی ڕاوکردن و سیستەمی ئاوە مێژووییەکانەوە هەبوو، هەروەها کۆنگرە ڕەزامەندی لەسەر پرۆتۆکۆلێکی ئارەزوومەندانەش دا کە تایبەت بوو بەیەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە بە هۆی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامانەوە دێنە دی[٢٣].

**٩– یاساکانی بەڕێوەبردنی بواری هەوایی (بۆشایی) «قوانین تحكيم المجال الجوي»**

بۆ تێگەیشتن لەم لقە گرینگەی یاسا، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە جیاوازی بکەین لە نێوان هەرێمی هەوایی (الأقليم الجوي) و بۆشاییی ئاسمانی (الفضاء الكوني)، کە بەم شێوەیە دەیخەینە ڕوو[٢٤]:

أ– بەرگە هەرێمی هەوایی، توخمی سێیەمی دەوڵەتە لەگەڵ توخمەکانی وشکایی و ئاوی. ئەو بەشەیە لە بۆشاییی ئاسمانی کە ڕاستەوخۆ لە سەرووی زەوییەوە هەوادارە و ئەو بەشەیە لە دەوڵەت کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی سەروەریەتی، یان ئەو بەشەیە کە دەوڵەت بەگوێرەی ڕێککەوتنێك یان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتەکانی خۆی لەسەر پراکتیزە دەکا.

ئەو ڕێسایەی کە ئەم هەرێمە هەواییە ڕێك دەخا پێی دەگوترێ یاسای نێودەوڵەتیی هەوایی، گرینگیی ئەم هەرێمە هەواییە کە بەچینە

(٢٣) بۆ زیاتر بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٧ و دواتر.

(٢٤) د. عبدالكريم علوان، الوسيط في القانون الدولي العام، (الكتاب الثاني)، مكتب دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، ١٩٩٧، ص١٣٠ وما بعدها.

هەواییەکان دیاری دەکرێ، لەگەڵ یەکەم هەوڵی فرۆکەوانی دەستی پێ کرد کاتێ لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٧٨٣ز باڵۆنێك درایە هەوا کە کەسێکی هەڵگرتبوو، کە ئەمەش سەردەمێکی نوێی دروست کرد لە مێژووی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و کاریگەریی لەسەر زۆر لە بیر و بۆچوونە سیاسی و سەربازییەکان دانا. بەبەکارهێنانی فڕۆکە لە جەنگی یەکەمی جیهانی، چەکی ئاسمانی بایەخی زۆرتری پەیدا کرد، دواتر پیشەسازیی فڕۆکەوانی بەرەو گواستنەوەی بازرگانیی دوەلی چوو، ئەمەش وای کرد کە فڕۆکە زۆر بەفراوانی بەکار هات، بەهۆی ئەم پێشکەوتنەش چەندین توێژینەوەی یاسایی لە ساڵی ١٩٠١ەوە و، کۆمەڵی نێودەوڵەتیی چەندین ڕێککەوتننامەی بۆ ڕێکخستنی ئەم بارانە ڕێك خستووە، کە بەناوبانگترینیان ڕێککەوتننامەی شیکاگۆی ساڵی ١٩٤٤[٢٥].

لێرەوە دەکرێ پێناسەی ئەم یاسایە بکەین. بەوەی کە کۆمەڵە ڕێسایەکە کە کاروباری ئاسمانیی نێوان دەوڵەتان ڕێك دەخات و، ئەحکامەکانی و ڕەگەزنامەی فرۆکەوانی لە ئاسماندا ڕێك دەخات و، سەروەریەتیی دەوڵەت لەسەر هەرێمی هەوای بەشێوەیەکی شاقوولی تا ئەو ئاستە درێژ دەبێتەوە کە فرۆکە دەتوانێ هاتوچۆی هەوایی بکا ئەم ڕووبەرە بە ٣٠-٤٠کم دەخەملێنرێ[٢٦].

لە ڕێککەوتننامەی شیکاگۆ مادە (١)دا هاتووە کە دەوڵەتان دان بەوەدا دەنێن کە هەر دەوڵەتێك سەروەریەتیی تەواوی لەسەر بۆشایی ئاسمانی خۆی هەیە و، پێنج چالاکی ئازاد (الحريات الخمس)ی فڕۆکەوانیی هەیە کە ئەمانەن[٢٧].

(٢٥) د. حامد سلطان، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٥٥٠ ومابعدها، ود.محمد سامي عبدالمجيد ود. مصطفي سلامة حسين، القانون الدولي العام، مركز مكتب الثقافة، الدار الجامعية، ١٩٨٨، ص ٢٠٥، ومابعدها.

(٢٦) د. سهيل حسين الفتلاوي ود.غالب عواد حوامدة، موسوعة القانون الدولي العام، الجزء الثاني، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٧، ص١٤٦.

(٢٧) د. محمد سامي عبدالحميد وصاحبة، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٢٠٦.

١– فڕین بەسەر هەرێمی دەوڵەتێکی بێگانە بەبێ نیشتنەوە.

٢– نیشتنەوە بۆ مەبەستی نابازرگانی بگرە بۆ کاری هونەری سووتەمەنی و چاککردن.

٣– مافی فڕۆکەکانی بازرگانییە کە لە هەرێمی دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێککەوتننامەکەدا بنیشێتەوە، سەرنیشین و کەلوپەل و پۆستەی دەوڵەتە دابەزێ کە لێیەوە هاتووە.

٤– مافی فڕۆکەی بازرگانییە هەڵگرتنی سەرنیشین و بارکردنی کەلوپەل لە هەرێمی دەوڵەتێکی بێگانە بۆ دەوڵەتی خۆی.

٥– هەڵگرتنی نەفەر و بارکردنی لە دەوڵەتێکی ئەندام بۆ یەکێکی تر.

هەروەها ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بەئەنجامدانی تاوان لەسەر فڕۆکە و... هتد هەیە لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە جۆربەجۆرانە چارەسەر کراون.

بەڵام بۆشاییی ئاسمانی ئەو بەشەیە کە لە باری ئاساییدا دەست نادا بۆ ژیانی و نیشتەجێبوون بەهۆی نەبوونی ئۆکسجین و نەمانی کێشی زەوی. هەر بۆیە هەندێ یاساناسان چەمکی ئەم یاسایە بۆ دوو لقی سەرەکی دابەش دەکەن، یەکەمیان، پێوەستە بەو دەقە یاساییانەی کە چالاکی مرۆڤ ڕێك دەخەن لە بەرگەهەوادا، کە ئامرازە سەرەکییەکەی فڕۆکەیە، کەپێی دەگوترێت یاسای فڕۆکەوانیی بازرگانی، دووەمیان، تایبەتە بۆ چالاکیی مرۆڤ لە دەرەوەی بەرگەهەوا. کە هەوا نامێنێ و سەروەریەتیی دەوڵەتیش نامێنێ، کە لێرەدا پێی دەگوترێ یاسای ئاسمانی هەوایی، کە ئامرازەکانی کەشتییە ئاسمانییەکانن(٢٨).

ب– بۆشاییی ئاسمانی لەسەرووی هەرێمی هەوایی، لەگەڵ

---

(٢٨) د.أبو زيد رضوان، القانون الدولي الجوي وقانون الطيران التجاري، دارالفكر العربي، القاهرة، ص٨.

بـەرەوپێشچوونـی زانست و تـەکنۆڵـۆجیـا، یـاسای ئـاسمـانـیی دەرەوە پێش کەوت و، لەگەڵ بوونی گرفت و هـەڵوێستی و دەرهـاوێشتەی نوێ، بێگومـان پێویستی بەڕێسای یاسای دیاریکراو هـەیە. لەگەڵ ناردنی یەکەم کەشتیی ئـاسمـانـیی ڕووسیی (سەلونتیك) لـە ساڵی ١٩٥٧، دواتر نـاردنـی یـەکەم کەشتیوانیی ڕووسی ئاسمانی گاگارین لە ساڵی ١٩٦١ و دابەزینی یەکەم کـەشتـی لـەسەر ڕووی مـانگ (ئـەپـولـۆ)ی ئـەمـریـکـی لـە ساڵـی ١٩٦٩ بـەکـەشتـیـەوانـەوە. پـێویستـی دانـانـی ڕێسا بۆ ئـەم لقـە گرینگـەی یـاسای نـێودەوڵـەتـییش هـاتـە ئـاراوە، بـەتـایـبـەت کـە کێبڕکێیـەکـی تـوند لـە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا هـەبوو، هـەر بۆیە کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٥٨ و بەبڕیاری ١٣٤٨ دەزگایەکی دانا بۆ دانانی ڕێسای یاسایی کە حوکمی بۆشاییە ئاسمانی بکات بەناوی «لێژنەی بەکارهێنانی ئاشتییانەی فەزای دەرەوە». بەپێنج ڕێککەوتننامەی سەرەکیی تایبەت بەدۆزینەوە و دەست بەسەرداگرتنی فەزا هـاتنە ئاراوە کە ئەمـانەن(٢٩).

١- پەیماننامەی تایبەت بەو پرەنسیپانەی کە حوکمی چالاکیی دەوڵـەتان دەکەن لە دۆزینەوە و بەکارهێنانی بۆشاییی ئاسمانی دەرەوە بەمانگ وتەنە ئاسمانییەکانیشەوە لە ٢٧ی کانوونی ١٩٦٧، کە لەسەر ئازادیی دۆزینەوە و بەکارهێنان و خستنە ژێر ڕکێفی فەزایە، کە سەروەرییەتیی هیچ دەوڵەتێکی لەسەر نییە.

٢- ڕێککەوتننامەی ڕزگارکردنی کەشتییەوانان و، گەڕانەوەی خۆیان و ئەو شتانەی کە چوونە بۆشایی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨، کە لەسەر چـۆنـیـەتـیی یـارمـەتیدانـی کەشتییـەوان لـە کـاتـی ڕووداودا بـەسترا، هـەروەهـا گەڕانەوەی کەشتییەکە بۆ دەوڵەتی خۆی.

---

(٢٩) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٤٣٥، و د. أحمد أبو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام، ص ص ٢٧٦-٢٧٧.

٣- ڕێککەوتننامەی تایبەت بەبەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتیی تایبەت بەو زیانەی کە کەشتیی ئاسمانی دروستی دەکا لە ٢٩ی ئازاری ١٩٧٢. ئەمەش لەسەر هەموو ئەو داوایانە جێبەجێ دەبێ کە لە هەر زەرەرێکی کەشتییەوانیی ئاسمانییەوە سەرچاوەی گرتبێ، سروشتی سەرباز بێ یان شارستانی.

٤- ڕێککەوتننامەی تۆمارکردنی ئەو شتانەی کە بۆ بۆشایی هەڵدەدرێن. لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥، کە دەبێ دەوڵەتان کەشتییەکانیان لە لای سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار بکەن.

٥- ئەو ڕێککەکوتننامەی کە حوکمی چالاکیی دەوڵەتان سەبارەت بەمانگ و تەنە ئاسمانییەکان دەکا لە ساڵی ١٩٧٩، کە نزیکە لە دەقەکانی پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٧، ئەگەرچی دانی بەوە داناوە کە مانگ و بەرووبوومەکانی کولتووری هاوبەشی مرۆڤایەتین.

هەروەها گرفتەکانی تر سەبارەت بەم چالاکییانە لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا چارەسەر کراون.

**١٠- یاسای پەنابردنە بەر هێز - قانون اللجوء الي القوة**

لە بواری یاساناسیی نێودەوڵەتیدا یاسای نەهێشتنی شەڕ یان مافی شەڕکردنیشی پێ دەگوتری. پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێز، تا کۆتاییی جەنگی یەکەمی جیهانییش کارێکی ناڕەوا نەبوو، بگرە وەك ڕێگەیەکی پەسەندکراو بۆ کۆتاییهێنانی بەململانێکان دادەنرا. ئەم بۆچوونە ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە ئایا جەنگ کارێکی ڕەوایە؟ ئەگەر شەڕی دەوڵەت بۆ بەرپەرچدانەوەی کاری دوژمنکارانە بێت لە سەری، یان بۆ پاراستنی مافێکی بێ، کە بەبێ پاساو پێشێل کراوە، ئەوا جەنگ لەم بارەوەدا لە لایەك لە خانەی بەرگری لە خۆ کردندایە و، لە لایەکی تر سزایە کە پارێزگاری لە مافی ئەو دەوڵەتە دەکات بۆ پاراستنی ماف و ڕەتدانەوەی کاری

دوژمنکارانە. بەڵام ئەگەر جەنگ بۆ زاڵبوون و داگیرکردن و دەسەڵات سەپاندن و خستنە ژێر رکێفی دەوڵەتانی تر بێ، ئەوا کارێکی نارەوایە کە دەبێ بەرەهایی قەدەغە بکرێ، بۆیە زۆربەی یاساناسان باس لە جەنگی رەوا دەکەن کە دەوڵەت پەنای بۆ دەبا، بۆ ئەوەی بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانی بکا و ئەم شەرە رەوایی وەردەگرێ، بەڵام جەنگی نارەوا یان دوژمنکارانە، ئەوا سیفەتی نارەواییان پێ دابوو وە هەر کارێکی لەم چەشنە ئەوا بەوەحشەت و شەرانگیزی لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە یاسای جەنگ و بەکارهێنانی هێز هەیە تا ئەم کارانە رێك بخا و لەگەڵ لایەنی مرۆڤایەتی بگونجێ(٣٠).

بەروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیەکجاری قەدەغەی کرد کە ئەندامانی ئەم رێکخراوە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیاندا هێز بەکار بێنن یان هەرەشەی بەکارهێنانی بکەن، بەڵام لە کاتێکدا دەوڵەتێك یان کۆمەڵە دەوڵەتێك پەلامار دەدرێن لە لایەن دەوڵەتێك یان کۆمەڵە دەوڵەتێکەوە، ئەوا بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی خۆ پاراستن و بەرگری لەخۆ کردن چ بەتاك چ بەکۆمەڵ دەپارێزێ و، ئەنجوومەنی ئاسایش، بەگوێرەی بەشی حەوتەم، دەتوانێ بۆ سەرکوتکردن و گێرانەوەی ئاشتی هێز بەکار بێنێ، هەروەها بۆ پاراستنی ئاشتی و، بۆ بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلەکانیان خەبات دەکەن، بەکارهێنانی هێزیان بەرەوا زانیوە، وەك پێشتر روون کراوەتەوە. و مافی بەرگری رەوایە کە لە مادەی دوانزەی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، لە لایەك لە چوارچێوەی ماف و ئەرکی دەوڵەتانە و، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ پێداویستیی یاسایی و لایەنەکانی یەکسانی پارێزی و دادخوازیدا دەگونجێ و ناساندنێکی یاسایی سیستەمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخە(٣١).

---

(٣٠) د. علی صادق أبو هیف، المصدر السابق، ص٧٨٢.

(٣١) د. حسن الجلیی، المصدر السابق، ص٤٣٨.

**١١- یاسای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە دایکبووی دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتییە، لە سەدەی نۆزدەدا کاتێك کە بیری دەوڵەتی نەتەوەیی هاتە ئاراوە و، ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە چەمکی بەرژەوەندی و جۆری پەیوەندییەکانی نیوان دەوڵەتان دەیخوازێ. دەرکەوتنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پێشکەوتنیان بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە[٣٢]:

١- باری ململانێ و جەنگی ئەورووپا و جیهان بەگشتی و، سەرنەکەوتنی کۆنگرە و هاوپەیمانییەتییەکان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش، ئەمەش وای لە رووناکبیر و بیریاران کرد کە داوای هاتنە ئارای ڕێکخراوی لەم جۆرە بکەن.

٢- پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی و شۆڕشی پیشەسازی و باری ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەهۆی نزیکیی نێوان کیشوەرەکان، پێویستی دەکرد کە ڕێکخستنێك هەبێ، بەردەوام و جێگیر تا گەیشتە ئەوەی کە ئەمڕۆ هەیە.

یاساناسان پێناسەی جۆربەجۆریان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە، دەکرێ لە ناویاندا ئەو پێناسە وەربگرین کە دەڵێ «ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دامەزراوێکی نێودەوڵەتیی هەمیشەییە، خاوەن خواستی زاتیی خۆیەتی و، خاوەن کەسایەتیی نێودەوڵەتی سەربەخۆیە کە بەرێکەوتنی چەند دەوڵەتێك دێتە دی، بۆ ئەوەی ئەو تایبەتمەندی و دەسەڵاتانە پیادە بکا کە ڕێککەوتنەکە دەیانگرێتە خۆی». لەمەوە تێ دەگەین کە ئەم ڕێکخراوانە چەند توخمێکیان تێدا هەیە وەك، خاسیەتی نێودەوڵەتی، بەردەوامی، خواستی سەربەخۆ، خاسییەتی ڕێککەوتن[٣٣].

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەند جۆریکن لەوانە[٣٤]:

---

(٣٢) د. فخري رشيد المهنا ود. صالح ياسين داود، المنظمات الدولية، وزارة التعليم العالي والبعث العلمي، جامعة الموصل، ص ٥-١٣.

(٣٣) د. رشاد عارف السيد، الوسيط في المنظمات الدولية، ط٢، ٢٠٠٧، ط١١-١٤.

(٣٤) د. سهيل حسين الفتلاوي، التنظيم الدولي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٧.

١- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئامانجدار: کە بۆ ئامانجێکی تایبەت کار دەکەن وەك ڕێکخراوی ئابووری، سەندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بازاڕی ئەوروپی، ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی و... هتد.

٢- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، سیاسی: وەك یەکێتی ئەوروپا، بزووتنەوە بێ لایەنەکان، کۆمکاری عەرەبی و... هتد.

٣- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەربازی: کە بەهاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانیش ناوزەند دەکرێ، وەك پەیمانی ئەتڵەسی، پەیمانی وارشو و... هتد.

٤- ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکان هونەری: وەك ڕێکخراوی تایبەت بەپارێزگاری لە موڵکییەتی ئەدەبی و هونەری، یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندنی پێوەندیی بەسیم و بێتەل، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کەشوهەوا و، ڕێکخراوی فڕۆکەوانیی مەدەنی و... هتد.

٥- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆمەڵایەتی: وەك ڕێکخراوی پەرەوەردە و زانست و، یەکێتیی پەخش و بڵاوکردنەوە و وێستگەکان و، ڕێکخراوی تر کە بایەخ بەزانست و ڕۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردن و توێژینەوەی زانستی و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و... هتد دەدەن.

٦- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی: وەك ڕێکخراوەکانی مرۆڤدۆستی و خێرخوازی، نموونە لیژنەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ یەکێتی ئەوروپا... هتد و، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان، وەك ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆتش و، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و، ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنور.

٧- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دارایی: وەك سندووقی دراوی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و... هتد.

٨- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ڕۆشنبیری: بۆ ڕێکخستنی پێوەندییە

ڕۆشنبیرییەکان لە نێوان دەوڵەتان و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و ئیسلامی وەك یونسکۆ.

٩- ڕێکخراوە دادوەری و یاساییەکان: وەك دادگەی دادی نێودەڵەتی و دادگەی سزادانی هەمیشەیی و... هتد.

١٠- ڕێکخراوی فرەکار و مەبەست: بەمەبەستی ئەنجامدانی چەندین ئامانجی سیاسی و ئابووری و سەربازی و مرۆڤایەتی و خێرخوازی، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان و، ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و، کۆنگرەی ئیسلامی و کۆماری دەوڵەتانی عەرەبی.

دووەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەگوێرەی پێگەی جوگرافی. کە ئەمەش دابەش دەبن بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکان و ڕێکخراوە هەرێمییەکان:

أ- ڕێکخراوە جیهانییەکان: کە تیایدا ئەندامیەتی بۆ هەموو دەوڵەتانە، چەند جۆرێکن لەوانە:

١- ڕێکخراوی جیهانیی بێ مەرج: کە لە کۆندا هەبوو، وەك ئەوەی دەوڵەت قبووڵ دەکا بەبێ هیچ مەرجێك کە لە ئەمڕۆدا ئەم ڕێکخراوانە نەماون، وەك ڕێکخراوی بەریدی جیهانی تا ساڵی ١٩٤٧.

٢- ڕێکخراوی مەرجدار: دەبێ دەوڵەت مەرجی تێدا بێ و ڕێکخراو قبووڵی بکا، دەوڵەت داوا پێشکێش دەکا بۆیە ئەندامبوون، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.

ب- ڕێکخراوە هەرێمییەکان: ئەو ڕێکخراوانەی کە پێوەندیی نێوان دەوڵەتان ڕێك دەخەن کە چوارچێوەیەکی هەرێمی یان ناوچەیی یان بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، گۆتەی ڕێکخراوی هەرێمی زۆر پێشکەوتووە، کە سەرەتا گوزارشتێکی هەرێمی بوو ئەوا ئێستا

هـۆکـاری جـوگـرافـی، هـۆکـارێکـی بـنـەڕەتـی نـییـە بـۆ دیـاریکـردنـی ڕێکخراوی جوگرافیی هـەرێمی، بگرە دەوڵـەتـان دەگرێتەوە کە لە یەك هـەرێمدانین وەك کۆماری دەوڵـەتانی عەرەبی کە دەوڵـەتانی ئاسیا و ئەفریقیا دەگرێتەوە. چەند جۆرێکن:

١– فاکتەری جوگرافی لە ڕێکخراوە هـەرێمییەکان.

فـاکـتـەری جـوگـرافـیـا بـنـەمـایـەك و پێویستییەکە کە بۆ دیـاریکـردنـی ڕێکخراوە هـەرێمییـەکـان و، ڕێکخراوە جیهـانییـەکـانیش، بـۆ ڕێکخستن و جێبـەجێکردنـی ئـامـانجەکـانیـان کـار بـۆ دابـەشکردنـی جیهـان دەکـەن بـۆ نـاوچـەی هـەرێمی جوگرافی. نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان نـاچـار بـوو کـە چالاکییەکانی دابەش بکا لە ڕێگەی ئاژانس و نووسینگەی هـەرێمی تایبەت بـەخـۆیـان لـەو ڕێکـخـراوە هـەرێمـیـانـەی کـە لـەسـەر بـنـەمـای جـوگـرافـی دروستبوون، وەك ڕێکخراوی دەوڵـەتـانـی ئـەمریکـای لاتـینـیی، ڕێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا، ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقا و ڕێکخراوی ئـاسیـان.

٢– هۆکاری سیاسی لە ڕێکخراوە هـەرێمییەکاندا.

جگـە لـە هـۆکـاری جـوگـرافـی، هـۆکـاری هـاریکـاری هـاتـە ئـاراوە، هـەیـە لەسەر بنـەمـای لێك نزیکیی سیستەم یـان ئـایدۆلۆجی وەك یەکێتی ئەوروپا، یـان بـەهـۆی نـاردنـی سـامـانـی سروشتی بنـەڕەتی وەك ڕێکخراوی دەوڵـەتـانـی هـەنـاردەی نـەوت (ئۆپێك)، یـان هـۆکـاری نەتـەوەیی کـۆیـان دەکـاتـەوە، وەك کۆمکاری عەرەبی، یـان هـۆکـاری ئـاینی وەك کـۆنگرەی جیهـانـی ئیسلامی، یــان فــاکــتــەری ئــارامــی و ئــاسـایش وەك بـزووتـنــەوەی بـێ لایـەن و کۆمۆنوێڵسی بـەریتـانی و یەکێتی ڕووسیا بۆ دەوڵـەتە سەربـەخۆکـان و پـەیمـانی بـاکـوری ئـەتڵـەسی، دەکرێ ڕێکخراوی هـەرێمی کراوە بێ بۆ ئـەو دەوڵـەتانـەی کە دەیانگرێتە خۆی، وەك ڕێکخراوەی کۆنگرەی ئیسلامی کە بۆ هـەمـوو دەوڵـەتانی ئیسلامی کراوەیە، یـان داخراوە وەك ئـەنجومـەنی هـاریکـاریی دەوڵـەتـانی کەنداوی عەرەبی.

٣- ڕێکخراوی هەرێمیی سنووردار لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی هەرێمیدا، وەك ئەنجوومەنی هاریکاریی دەوڵەتانی کەنەدا، یەکێتیی مەغریبی و... هتد.

**١٢- یاسای بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی**

بەرپرسیاریەتی responoler وشەیەکی قانوونیی ڕۆمانییە، کە سەرەتا مانایەکی ئابووری و دارایی دەبەخشی و هیچ ئاماژەیەکی هەڵە (خطأ)ی تێدا نەبوو، لە نێوان خاوەن قەرز و قەرزدار و کەفیلی خاوەن قەرزدا. بەڵام ناوەڕۆکی بەرپرسیاریەتی لە سەدەکانی ناوەراست گۆڕا، بەهۆی یاسای کڵێسا و جێ گۆڕانی پیاوانی لاهوت بە یاساناسان. کە پوختەکەی ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی تاك بەشێکی گرینگی بەرپرسیاریەتییە، هەڵە پێوەری سەرەکیی بەرپرسیاریەتییە، تاك ئەنجامی هەڵەکەی وە ئەستۆ بگرێ، گرۆسیۆس ئەم کۆنسێپتەی لە بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە[٣٤].

یاساناس ئەنزیلۆتی مەسەلەی بەرپرسیاریەتیی بەستەوە بەقەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوو. دادگەی هەمیشەییی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەم ڕێسایە داوە لە کێشەی کارخانەی شاروف، کە دەڵێ پرەنسیپێك هەیە لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا کە دەڵێ هەرچشنە پێشێلکارییەکی ڕێسایەك دەبێ بەشێوەیەکی گونجاو چاك بکرێتەوە، قەرەبوو بکرێتەوە، کە ئەمەش دەرئەنجامێکی گرینگی پێشێلکردنی هەر پەیماننامەیە کە ئەگەر لە پەیماننامەکەشدا نەهاتبێت. کەواتە هەڵسوکەوتی زیانبەخشی کەسێکی یاساییی نێودەوڵەتی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیی دەکەوێتە سەر[٣٥].

لیژنەی یاساییی نێودەوڵەتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، پرەنسیپیی بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی. جێگیر کردووە لەسەر بابەتی

(٣٤) د. غسان الجندي، المسؤولية الدولية، مطبعة التوفيق، ط١، ١٩٩٠، ص ٣-٤.
(٣٥) نفس المصدر السابق، ص٤.

بەرپرسیاریەتیی دەوڵەت بەهۆی ئەو زیانەی کە تووشی کەس و پارەی بێگانە دەبێ لە خاکەکەیدا. بۆیە لە مادەی یەکدا هاتووە کە دەبێ دەوڵەت قەرەبووی بکاتەوە[٣٦].

سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی وەك سیستەمە یاساییەکانی تر، ئیلتیزامات لەسەر کەسەکانی دروست دەکا کە دەبێ جێبەجێی بکات وە مافیان دیاری دەکات هەر بۆیە کەسی یاسایی نێودەوڵەتیش کە ئەرکەکانی جێبەجێ نەکرد، ئەوا بەرپرساریەتی دەکەوێتە ئەستۆی.

ئەمەش عورف قبووڵی کردووە، هەندێ حوکم لەم بارەوە لە ڕێککەوتننامە نێودەڵەتییەکاندا هاتوون، لەسەر یاسای نێودەوڵەتیدا پێگەی یاسایی بەهێزی بۆ پەیدا بوو[٣٧].

کەواتە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی، سیستەمێکی یاساییە کە هەر کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتی کارێکی ناڕەوا بکا، واتە کارێك بکا پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی یان کارێك نەکا کە بێ ئیلتیزامیی یاسایی لێ بکەوێتەوە و زیان بەکەسێکی تر بکەوێ ئەوا بەرپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوەی دەکەوێتە سەر[٣٨].

بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی یان ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆ، کاتێ دەوڵەت لە ژێر سیستەمی «حیمایە، یان ماندێت، یان چاودێری» دابێ، مەرجەکانی ئەوەیە کە کارەکە دەبێ بدرێتە پاڵ دەوڵەت، یان ناڕەوا بێ، لە دەرئەنجامی ئەو کارە ناڕەوایە زیان کەوتبێتەوە. لە ساڵی **١٩٩١**ەوە، پرۆژەیەك لە لایەن لێژنەی یاسای نێودەوڵەتییەوە سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی پێشکێش کراوە.

(٣٦) د. علي صادق أبوهيف، المصدر السابق، ص٢٤٨.
(٣٧) د. حامد سلطان، المصدر السابق ص٢٢١.
(٣٨) فالا فريد ابراهيم، المسؤولية المدنية الدولية عن جريمة الأبادة الجماعية، مطبعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٤، ص٥٩ وما بعدها.

### ١٣- یاسای چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان

مەبەست لە چەمکی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، ئەو داوا دژانەن کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتری نێودەوڵەتی هەیە، بەگوێرەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بەیەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان یەکلادەبێتەوە و چارەسەر دەبن(٣٩).

لە بڕیاری دادگەی دادی هەمیشەیی نێودەوڵەتی ڕۆژی ٣٠/ئاب/١٩٢٤ هاتووە کە مەبەست لە ناکۆکیی نێودەوڵەتی تێکگیرانی نێوان دوو دەوڵەتە لەسەر مەسەلەیەکی یاسایی یان ڕووداوێکی دیاریکراو، یان بەهۆی جیاوازیی بیر و بۆچوونی یاسایی، یان بەهۆی جیاوازیی بەرژەوەندییەکانیان، یاساناسان و مامەڵەی نێودەوڵەتی جیاوازی لە نێوان دوو جۆر، ناکۆکیی سەرەکی نێودەوڵەتی دەکەن.

یەکەمیان: ناکۆکیی یاسایی، کە ئەو ناکۆکییەیە کە سیمایەکی یاسایی هەیە، یان لە دادگە چارەسەر دەکرێ بەگوێرەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە یەکلا دەکرێتەوە، چونکە لەم جۆرە ناکۆکییەدا جیاوازی لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی حوکمێك یان شیکردنەوەیەتی.

دووەمیان: ناکۆکیی سیاسی کە سیمایەکی سیاسیی هەیە بەو پێیەی یەکی لە لایەنەکان داوا دەکا باری وەستاو و ئەوەی کە هەیە بگۆڕێ و، دەبێ بەڕێگەی تری دیبلۆماسی چارەسەر بکرێ.

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەناکۆکیی هونەری یان زانستییش دەکەن کە لە ڕێگەی ئاژانسەکانی تایبەتمەندی هونەرییەوە چارەسەر دەکرێ، ئامرازەکانی یان ڕێگەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان چەند جۆرێکن(٤٠).

---

(٣٩) د. سهيل حسين الفتلاوي، ود. غالب عواد حوامدة، القانون الدولي العام، الجزء الثاني والمصدر السابق، ص١٧٢.

(٤٠) د. سهيل حسين الفتلاوي، وصاحبه. المصدر السابق نفسه.

١- ڕێگەی دیبلۆماسی: کە دانوستان و کۆششی چاکەکارانە و ناوبژیوانی و لێکۆڵینەوە و بەیەك گونجاندنە (میانەکردنە).

٢- ڕێگای سیاسی: کە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ترەوە بەڕێوە دەچێ.

٣- ڕێگەی ناوبژیوانیکردن: کە بەزانیاریی کەسێك یان دەستەیەکەوە بەڕەزامەندیی هەردوو لا و قبووڵکردنی بڕیارەکە بەڕێوە دەچێ.

٤- ڕێگای یەکلاکردنەوەی دادوەری: کە پرەنسیپێکی سەرەکیی هەیە کە دادوەریی بەسترا بەخواستی دەوڵەتانەوە، کە زیاتر مەسەلە یاساییەکان دەگرێتەوە و، دادگە بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی یەکلایان دەکاتەوە.

**١٤- یاسای پەیماننامەکان**

یاسای پەیماننامەکان، کە سەرچاوەیەکی گرینگی یاسای نێودەوڵەتی دەگرێتەوە کە ئەوەش پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە، ئەم یاسایە پەیماننامەکان ڕێك دەخات و، مەرجەکانی بەستنیان نیشان دەدا، ڕۆڵی پەیماننامە نێودەوڵەتییە دوو قۆڵی و سەرا پاگیرەکان و فرە لایەنەکان دەخاتە ڕوو، لەگەڵ چۆنیەتی بەستنی ئەو پەیماننامانە، یاسای پەیماننامەکان پێناسەی پەیماننامە و جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تر و ئەو مەرجانەش کە پێویستە لە پەیماننامەدا هەبن دەخاتە ڕوو، هەروەها چۆن پەسەند (تصدیق) دەکرێت و چۆن کەسی یاسای دوەلی دەچێتە ناویەوە. هەروەها چۆن دروست دەبێت، دەوڵەتان چۆن پابەند دەبن پێیەوە، سەرپێچیکردنی چی لێ دەکەوێتەوە، چۆن دەستی پێوە دەگیرێ (تحفیظات- خۆگیری)، یا هەموار دەکرێ یان هەڵدەوەشێتەوە، یان پاشەکشەی لێ دەکرێ و لە کار دەخرێ، هەروەها کاریگەریی پەیماننامە لەسەر کەسێ کە لایەن نەبێ لە پەیماننامە و، ئەحکامەکانی پەیماننامە بەگویرەی

ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان کە لە ١٩٦٩دا بەستراوە ڕێك خراون، دواتر بەدرێژی باسیان لێ دەکەین.

**١٥- یاسای تیرۆری نێودەوڵەتی**

توندوتیژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕیشەی داکوتاوە، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕۆژگاردا پێشڤەچوونی بەخۆوە دیتووە، دواتر تاوانەکان ڕەهەندی نوێی لە شێوە و قەبارە، وە شێوازی ئەنجامداندا بەخۆیانەوە گرتووە، لەو تاوانانەش تاوانەکانی توندوتیژی و تیرۆرە. زۆر لە کردەوە تیرۆریستییەکان ڕۆڵی گرینگیان لە ڕێڕەوی مێژوودا بینیوە، هۆکاری سەرەکیی هەڵگیرسانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بوون، هەزارەی سێیەمیش بەکارەساتی جیهان هەژێنی تاوانی ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١، کە بەتاوانی تیرۆری نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێ گۆڕانگاری بنەڕەتیی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان هێنایە ئاراوە.

سەدان پێناسە بۆ تیرۆر لە لایەن دەوڵەتان و ڕێکخراوە هەرێمی و کۆمەڵەی گەلان و ئاژانس و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و یاساناسانی بواری نێودەوڵەتی و... هتد کراوە. بەڵام تا ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە بگاتە ڕێککەوتنێك بۆ پێناسەکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی.

لە گرینگترین ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامانەی کە باسیان لە لایەنی ناساندنی تیرۆر کردووە، لەوانە پەیماننامەی پاریس کە کۆتی خستە سەر بەکارهینانی هێز لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە کۆنگرەی برۆکسل تایبەت بە تیرۆر کرد ساڵی ١٩٢٦ بەسترا، توانرا چەمکی تیرۆری سیاسی بخرێتە گەڕ، تاوانەکانی یاسای گەلان لە کۆنگرەی یەکەمی یەکخستنی یاساکانی سزادان لە وارشۆ لە ساڵی ١٩٢٧، بەڵێننامەی پاریس «بریان کیلۆج»، لە ساڵی ١٩٢٨دا جیاوازیی کرد لە نێوان جەنگی ڕەوا و ناڕەوا وە کۆتی خستە سەر بەکارهێنانی هێز و جەختی کرد لەسەر پرەنسیپی

قـەدەغـەكـردنـی جـەنگ وەك هـۆیـەك بـۆ یـەكلاكـردنـەوەی نـاكـۆكـیـیـە نێودەوڵەتییەكان، وە گرینگی پێدان لە لای دادوەران لە كۆنگرەی زانستی سێیەمی یەكخستنی یاساكانی سزادان لە برۆكسل لە كاتی ١٩٣٠ دەستی پێ كرد و چەمكی تیرۆری نێودەوڵەتی هاتە ناوباسان و، پێناسەی تیرۆر كرا بەوەی كە بەكارهێنانی بە ئەنقەستی ئامرازەكانی ئەنجامدانی ئەو كارانەیە كە ژیانی تاكەكان ڕووبەڕووی مەترسی و لەناوبردن دەكاتەوە ڕەگـەز یـان هـەر چـیـیـەك بـێ، هـەروەهـا مـوڵـكـی مـادیش وەك سووتـان، بـەكـارهـێـنـان و تـێبـەردانـی مـادەی زیـانبـەخشن و بـەكـارهـێـنـانـی مـادەی خنكێنەر، وروژاندنی ئاژاوە گێڕی ئامرازەكانی گواستنەوە و گەیاندن و، لە كارخستنی خزمەتگوزارییەكانی دامەزراوە گشتییەكان و پیسكردنی ئاو و بەرووبوومی كشتوكاڵی و ئاژەڵی و بەرووبوومی خۆراكی. وە لە كۆنگرەی چوارەمدا كە لە پاریس بەسترا لە ساڵی ١٩٣١ و، كۆنگرەی پێنچەم لە مـەدریـد لـە ساڵـی ١٩٣٤ تـیـرۆری دابـەش كـرد بـۆ دوو بـەش: سیـاسی و كۆمەڵایەتی وە ئاماژەی كردووە كە تالان و كاری تێكدەری و بەكارهێنانی توندوتیژی لە تاوانەكانی تیرۆری سیاسی لە قەڵەم دەدرێن، وە كۆنگرەی شەشەمی یەكخستنی یاساكانی سزادان لە كۆپنهاگن لە ساڵی ١٩٣٥، لە تاوانی تیرۆر لە هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆی كۆڵییەوە، تێیدا هـاتـووە كـە ئـەو تـاوانـانـەی كـە مـەترسی گشتی یـان حـاڵـەتێكی ترس و تۆقاندن دێننە ئاراوە، بەتاوانی سیاسی لە قەڵەم نادرێن(٤٢).

هەروەها كۆمەڵەی گەلان لە ١٦/١١/ ١٩٣٧ گەیشتە ڕێككەوتننامەی نەهێشتنی تیرۆر و سزادان لەسەری، كە بەڕێككەوتننامەی ژنیڤ ناسراوە دوو پێناسەی بۆ تیرۆر كردووە، پێناسەیەكی پێوەری و وە پێناسەیەكی ژمـاردنـی، كـارە تـیـرۆریـەكـان. نـەتـەوە یـەكـگـرتـووەكـانـیش ئـەگـەرچـی

(٤٢) عثمان علي حسن، الأرهاب الدولي ومظاهرة القانونية والسياسية في ضوء القانون الدولي العام، مطبعة المناره ، هەولێر ، ٢٠٠٦، ص ٨١.

نەگەیشتووەتە پێناسەیەکی یەکگرتوو، بەڵام بۆ رووبەڕوونەوە و نەهێشتن لەناوبردنی تیرۆر، گەیشتووەتە چەندین بڕیاری کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش گەیشتووە[٤٣].

هۆکارەکانی تیرۆر زۆرن وەك نموونە، بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی، سایکۆلوجی، ئابووری، سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی، ئیدۆلوجی، هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانستی، تەکنۆلۆجی و رەواییی دەسەڵات و دیموکراتییەت و مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ، دووڕوویی سیستەمی نێودەوڵەتی و... هتد دەگەڕێتەوە[٤٤].

پێناسەی ئێمە بۆ تاوانی تیرۆر، بریتییە لە ئەنجامدانی کردەوەیەکی توندوتیژی ئامێز «ماددی یان مەعنەوی» یان هەڕەشەکردن پێی، بەشێوەیەکی ناڕەوا بۆ دروستکردنی بارێکی ترس و تۆقاندن، کە تاك و کۆمەڵەکان و کیانات و رێکخراوەکان و دەوڵەتان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو ئەنجامی دەدەن[٤٥].

**١٦- خستنە ڕوو و شیکاریی چەند لقێکی تر**

یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخ، باس لە چەندین چالاکی دەکا کە پێشتر تەنیا لە لایەن یاسای ناوەخۆوە باس دەکران. چەند وێستگەیەك دەخەیتە ڕوو کە یاسای نێودەوڵەتی باسوخواسی لە بارەوە کردوون[٤٦].

**١- یاسای دەستووری نێودەوڵەتی**

ئەم یاسایە باس لە ئەرك و دەسەڵات و چۆنیەتی دابەشکردنی

(٤٣) عثمان علي حسن، المصدر السابق ص ٨١ ومابعدها.

(٤٤) عثمان علي حسن، المصدر السابق، ص٣٨- ٥٧.

(٤٥) بۆ زیاتر بڕوانە: المصدر السابق نفسه، ص ٧٥.

(٤٦) بڕوانە، د. محمد طلعت الغنيمي، الأحكام العامة في القانون الأمم (القانون السلام) و منشاة المعارف بلأسكندرية، ص ٢٢٥ ومابعدها.

دەسەڵاتەکان دەکا لە نێوان دەزگا جۆربەجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی و، هەروەها لە نێوان ڕێکخراوە هەرێمییەکانیشدا.

بەبۆچوونی ئێمە ئەم یاسایە جارێکی تر لەوەدا نوێ دەبێتەوە کە باس لە ڕێسا هاوبەشەکانی نێوان دەستوورەکانی ناوەخۆی دەوڵەتان بکا، جا چ بەهۆی پەیماننامەوە دروست بوو بن یان بەهۆی گوزارشتی ناوەخۆییەوە، بواری پشتگیری و یارمەتیدانی نێودەوڵەتی لە بواری یاساییدا بۆ دەوڵەتی جیهانی سێیەم دەکرێ، وەك نموونەیەکی زیندوو بزانین.

ئیستا کۆنسیپێکی تر بۆ ئەم یاسایە دروست دەبێ بەهۆی ئەو چوونە ناو یەکە فراوان و گەورەیەی کە لە نێوان یاسای نێودەوڵەتیی و یاسای ناوەخۆدا هەیە، کە گەیشتووەتە ئەوەی «ئەم لقە بەمانایەکی تر خۆی بنوێنێ – دانەر»، بەتایبەتی لقێکی نوێ لە بواری یاسای دەستووریدا دەردەکەوێ، لەو بوارەدا کە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەت و دژایەتیکردنی تیرۆر هەیە، کە وۆرك شۆپ و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر زۆری بەستراوە، وەك کۆنگرەی ئەسینای کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی یاسای دەستووری بەراورد کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٧دا بەسترا و، کۆنگرەی سۆربۆن لە مانگی ١٠ی ٢٠٠٧(٤٧).

**٢- یاسای بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی**

کرۆکی ئەم یاسایە ناساندنی بڕیارە کارگێڕییەکانە، واتە باسکردنە لە گونجاندنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکانی تر کە ئیدارە لەگەڵ مافەکانی تاك باسیان لەسەر دەکا، جا ئەوانە هاوولاتی یان فەرمانبەر بن، بەمەبەستی پاراستنیان لە دەستێوەردانی حوکم

(٤٧) بڕوانە جواس حسين رسولو طبيعة الاتحاد الأوروبي، رسالة ماجستير، كلية القانون جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٧، ص ١٧٦.

بەسەرداکردن (التدخل التحكمی)و، لە ئاستی  نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم لقە لە ڕێگەی یاسای خزمەتکردنی مەدەنیی نێودەوڵەتییەوە بەرەو پێش چوو، واتە ڕێسا و مەرجەکانی بەکارهێنانی فەرمانبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی. هەروەها دادگەی دادی ئەوروپی، کە سەیری ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن دەکا و لە نێوان حکوومەتەکانی و پرۆژە تایبەتییەکانی دەوڵەتانی ئەندام، بۆ ئەوەی ئەوە دیاری بکرێ کە ئایا حکوومەت لە دەوڵەتێکی ئەندامدا یاسای پێشێل کردووە، یان دەسەڵاتی خراپ بەکار هێناوە، یان دەسەڵاتی نرخاندن و خەملاندنی بەزاندووە، بەشداری لەم بوارەدا کردووە[٤٨].

**٣- یاسای کاری نێودەوڵەتی**

ئەم لقەش پێشکەوتووە بەهۆی بوونی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییەوە، کە نزیکەی سەدەیەکە هەیە، کە بەردەوام لە پێشکەوتندایە، بەهۆی ئەوەی پرەنسیپی شارستانی لە بواری کاردا دەگرێتە خۆ، بەشێوەیەك کە وێڕای ئەوەی هەر دەوڵەتە فەلسەفەی خۆی هەبوو یاسای کاری هەیە، بەڵام باوەڕی نێودەوڵەتی لە باشکردنی باری ژیان و یەکسانی لە کاردا تا ئاستێکی زۆر پێش کەوتووە و لەم ڕووەوە چەندین ریککەوتننامە هەیە. کە چەندین ڕێککەوتننامەی تایبەت بەم بوارە هەیە کە بۆ شرۆڤەکردنی پێوەندیی کار و خاوەن کاروباری کار هەیە.

**٤- یاسای کۆمەڵایەتیی نێودەوڵەتی (القانون الدولي الإجتماعي)**

مەبەست لە یاسای کۆمەڵایەتی لە سیستەمی یاسای ناوەخۆ ئەوەیە کە کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی دەگرێتە خۆ کە پارێزگاریی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاووڵاتییەك لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەکات لەهەر مەترسییەکی کۆمەڵایەتی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە. وەك پاراستنی لە نەخۆشییەکانی، بەساڵاچوون، بێکاری، پاراستنی چینی کرێکار لە زۆری

(٤٨) د. محمد طلعت الغنيمي، المصدر السابق، ص٢٢٦- ٢٢٧.

خاوەن کارەکان و، بەرامبەر بەکارەساتەکانی کار و قەرەبووکردنەوەی و، ڕێکخستنی کۆچی کارگەران لە دەوڵەتەوە و هاتنیان بۆی و پاراستنیان و بەشێوەیەکی گشتیی ڕێسایەکانی یاسای کۆمەڵایەتی پایەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا پتەو دەکەن. پێشکەوتنەکانی جیهان، گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەر یاسای گشتی نێودەوڵەتیی کلاسیکیدا هێنا، بەشێوەیەك کە جگە لە لایەنی سیاسی ئەم یاسایە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووری و... هتد دەگرێتەوە کە پێشتر لە دەسەڵاتەکانی ناوەخۆی دەوڵەت دەهاتە ژماردن. لە لەم ناوەدا چەندین ڕێککەوتننامەی جۆربەجۆر هاتنە ئاراوە. هەر بۆیە دەکرێ پێناسەی ئەم یاسایە بکەین بەوەی لقێکی نوێی یاسای گشتیی نێودەوڵەتییە کە ڕێسایەکانی بایەخ بەبەدیهێنانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەدەن و بایەخ بەهەر کارێکی تر دەدەن کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە بکەن(٤٩).

هەروەها ئەم یاسایە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوارەکانی وەك، یاسای پاراستنی کار و نەخۆشییەکان و بەرەنگاربوونەوەی تاوان و پیسبوونی ژینگە و بوارەکانی موڵکییەتی ئەدەبی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان و... هتد، دەگرێتەوە.

---

(٤٩) د. محمد منصور الصاوي، أحكام القانون الدولي، دار المطبوعات الجامعة، ص٧٣.

باسی دووەم

## دابەشکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە ڕووی چوارچێوەی جوگرافی

کاتێ باس لە دابەشکردنی ئەم یاسایە دەکرێ لە چوارچێوەی جوگرافیدا، لەوانەیە لەگەڵ چەمکە نێودەوڵەتییەکەدا نەگونجێ کە دەبێ لەسەر هەموو دەوڵەتان و هەموو کەسە یاساییەکانی تر جێبەجێ بێ، بەڵام لە بواری پراکتیکدا سەرەڕای بوونی ڕێسای لەم جۆرە، ڕێسای تریش هەیە کە لەسەر هەرێمێکی جوگرافیی تایبەتدا جێبەجێ دەبێ بۆیە دەکرێ لەم ڕووەوە یاسای نێودەوڵەتی دابەش بکەین بۆ(٥٠):

١- یاسای نێودەوڵەتی گشتی: کە بەسەر هەموو کەسەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەبێت بەبێ جیاوازیکردن لەسەر هەرێمێك یان شوێنێکی جوگرافی، واتە یاسایەکی جیهانییە و هۆکاری شوێن و ڕۆڵی ئەوتۆی نییە تێیدا.

٢- یاسای نێودەوڵەتیی هەرێمی، کیشوەری یان ناوچەیی: کە تایبەتە بەهەرێمێکی دیاریکراو یان کیشوەرێك، وەکو یاسای نێودەوڵەتیی ئەمریکی، یان ئەوروپی، یان ئیسلامی، یان ئەفریقی، یان عەرەبی و... هتد، کەواتە یاسایەکی نێودەوڵەتیی کیشوەری یان هەرێمی هەیە کە سیمایەکی هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان کەسەکانی ئەو هەرێمە یان سیستەمی سیاسی لێك نزیکیان هەیە، شان بەشانی بوونی یاسای نێودەوڵەتی (گشتی)، کە لەوانەیە گرفتێك بێنێتە پێش لەوانە:

١- ئایا بواری کارایی هەریەکە لە یاسای جیهانی و هەرێمی چۆنە؟

٢- کە ناکۆکی بوو لە نێوانیاندا، کامەیان لە پێشتر دەبێ و... هتد.

---

(٥٠) د. أحمد الوفا، المصدر السابق، ص ص ٣١-٣٢.

بـیـروڕای جـۆربـەجـۆری هـەیـە، بـۆ نموونـە هـەنـدێك وا دەبـیـنـن کـە دەرهــاوێشتـەی هــەریـەکـە لـە یـاسای نـێودەوڵـەتـی و یـاسای ئـەوروپـی جیاوازن، چونکە یاسای نێودەوڵەتی، دەوڵەتان بەتێپەڕبوونی چەندین سەدە پێشیان خستووە، بۆ بەڕوو وەستانی چەند پێداویستییەکی گرینگ و، چـەند مـەسەلـەیـەکی وەك مـامـەڵـەی چوونـیـەك و، پێداویستـیـی لانیکەمی ئــەمــان و ئــاسایش و، واقـیـعـیـیـەت و، نـیـیـەتـپـاکـی، بـەشداریـیـان لـە بەرەوپێشبردنیدا کردووە، بەڵام یاسای ئەوروپی، بەپێچەوانەی ئەمەوە بەهۆی پەیماننامە و کاری یاسادانانەوە گەیشتوونەتە هەندێ ئامانجی گرنگ و بەردەوام، بەپلەی یەکەم سروشتێکی ئابوورییان هەیە لەسەر زۆربەی ئەو ئامانجانەی کە پێویست بوو جێبەجێ بکرێت، ڕێك کەوتوون، ئەگەرچی گرفتی قووڵ هەیە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ جـێبـەجـێ کـردنـیـان بـەهـۆی ڕێسای یـاسای گشتیی نێودەوڵـەتـیـیـەوە، لـە لایەکی ترەوە هەندێ وا دەبینن کە گرینگترین پرەنسیپی یاسای ئەمریکی، مــافـی پــەنــابــەری دیـبـلــۆمـاسی، سەروەریـەتـی، پرەنسیپی هـێشتـنـەوەی سنووری میراتگریی ئیمپریالیزم وەك خۆی و، کەشتییەوانی لە دەریای نێودەوڵـەتـی و، دەست نـەخستـنـە نـاو کـاروبـاری یـەکتر، وە دیـاریکردنی بەرپرسیـاریەتیی نێودەوڵەتی و، پیادەکردنی پاراستنی دیبلۆماسییەت و... هتد.

بەڵام لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دەڵێین کە باڵادەستی بۆ ئەو ڕێسایانەیە کە سیمـایەکی جیهانییان هـەیە، نەك هـەرێمی نـاوچـەیی(٥١).

---

(٥١) المصدر السابق، ص٣.

بەشی پێنجەم

# سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی

وەزیفەی یاسا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانەیە کە دەکەوێتە چوارچێوەکەیەوە. ئەم ڕۆڵەش بۆ هەر کۆمەڵگەیەك، نیشتمانی (ناوەخۆیی) بێ یان نێودەوڵەتی وەك یەك وایە.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو یاسایانە چۆن لە دایك دەبن؟ چۆن گەشە دەکەن؟

لە کۆمەڵگە نیشتمانییەکاندا کە ڕێکخستن و دامەزراوەیی دەزگاکانی هەیە، دەڵێین کە سەرچاوەکان هەژموونگەریین (مصادر سلطوية) sources authorities واتە لە دەرەوەی چالاکیی خەڵك و لە سەرەوە دێن و، هەرەمیین لە ڕووی هێزی یاساییەوە وەك ئەوەی کە یاسای دەستووری هەیە، دواتر یاسا و نیزام و ڕێنمایی و... هتد.

هەروەها لە یاسای ناوەخۆدا، سەرچاوەی هەندێ ڕێسا لەو چالاکییە کارگێڕییانەوە دێن کە حوکمەکانی ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە، وەك لە دانانی هەندێ گرێبەستی یاسایی کە بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی لایەنەکان دێتە ئاراوە کە ڕێسای (گرێبەست یاسای لایەنەکانە – العقد شريعة المتعاقدين) هاتووەتە ئاراوە.

لە لایەکی تر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پێشکەوتنی بەردەوامدان لە ژێر کاریگەریی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و... هتد و، لەمەشەوەیە کە پێشکەوتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان دێتە پێش، لە کات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، ئەم گۆڕانەش هانمان دەدا کە گۆڕان لە یاساکان بێتە دی، یان لە ڕێگەی یاسادانانەوە، یان بەهۆی چالاکییە دادوەرییەکان کە ڕۆڵی گرینگ دەبینێ، نەك هەر لە سیستەمی ئەنگلوسکسۆنی common law بگرە لە ژێر سیستەمی لاتینی.civil lawدا بەڵام لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە دەوڵەت کارەکتەری سەرەکی و پێکهاتەی بنەڕەتییەتی و، هیچ دەسەڵاتی لە سەرووی دەسەڵاتیەوە نییە، دەستووری یان تەشریعی بێ، لە سەرووی

خـواست و ڕەزامـەنـدیـی ئـاشکرا و پـەنـهـان دەوڵـەتـەوە، ڕێسای یـاسایـی لـەسەری قـەرزبکـا و، بـەڵکو لـەم کۆمـەڵگـایـەدا ئـەوا چـەمکی «تجاور فی السیـادات» هـەیـە کـە لـە ڕێگـەیـەوە دەتـوانین بـەسەرچـاوەی یـاسای نێودەوڵەتی بگەین. لە لایەکی تر مەسەلەیەکی لۆجیکیی گرینگە کە بزانین سەرچـاوەی ڕێککـەوتـن «وەك پـەیمـانـنـامـە نێودەوڵـەتـیـیـەکـان» پـێشەنگی سەرچـاوەکـانـی یـاسای نـێودەوڵـەتین، لـەگـەڵ ئـەمـەشدا کـۆمـەڵـگـەی نـێودەوڵـەتـی لـە سەرەتـای سەدەی بـیستـەمـەوە بـەرەو دەستـەبـەرکـردن و دانـانی سەرچاوەی بـاڵادەسەڵات لـەم یاسایەدا ڕۆیشتووە کە هـەر ئەمەش هـاندەری سەرەکیی دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە(١).

بەگشتی دوو چەمکی جیاواز سەبارەت بەفیکرەی سەچاوەکانی یاسای نـیودەوڵـەتی هـەیـە، کـە ئـەوانیش چـەمکی دانـراو «المفـهـوم الوضـعي» و چەمکی بـابـەتی «المفهوم الموضوعي»ن(٢).

**١- چەمکی دانراو**

لەم چەمکەدا کە دەڵێ بەیەکگەیشتن و ڕێککەوتنی خواستەکان تەنیا سەرچاوەی یاسای نێودەوڵەتییە، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا پەیماننامەمان هـەیـە، بـەشێوەی پـەنـهـانـی عـورفـمـان هـەیـە. کـە ئـەمـانـە لـە یـەك کـاتدا دروستکەری ڕێسای نێودەوڵەتین و، ملکەچیشن بۆی.

**٢- چەمکی بابەتی**

ئـەم جـیـاوازی دەکـا لـە نـێوان سەرچـاوەکـانـی دروستـکـردنـی یـاسا و «المصادر المنشئة»، سەرچاوە شکلییەکانی یاسای «المصادر الشكلية»، کە یـەکـەمـیـان سەرچـاوە ڕاستـەقـیـنـەکـانـی یـاسا دەگرێتـەوە کـە سەرچـاوە

(١) د. محمد سعيد الدقاق، مصادر القانون الدولي، من كتاب- القانون الدولي العام، د. محمد سامي عبدالمجيد، ود. محمد السعيد الدقاق، إبراهيم أحمد ضيفة، منشأة بالأسكندرية، ٢٠٠٤، ص ٦،٧.

(٢) شارل روسو، القانون الدولي العام، ترجمة شكرالله خليفة وعبدالمحسن سعد، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٢، ص٣١.

مادییەکانی وەك «ڕای گشتی، ویژدانی بەکۆمەڵ، بیرۆکەی دادپەروەری، باوەڕهێنانی یاسایی، هاریکاری، هەستکردن بەپێوەندیبوونی کۆمەڵایەتی و... هتد» بەهۆی کۆمەڵێ لە وەقایعی مادی وەك پێداویستیی ئابووری و ڕێکخستنی سیاسی و... هتد، چەمکی میسالی وەك بیر و کاری سوننەتی «تقالید»، بیروباوەڕ، پێداویستییە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکان... هتد» دەگرێتەوە، ئەم سەرچاوە مادیانە پێوەندییان هەیە بەزانستی کۆمەڵایەتیی یاسایی و فەلسەفەی یاسا نەوەك بەیاسای دانراوەوە. بەڵام دووەمیان، سەرچاوە شکڵییەکان «پەیماننامە و داب» کە یاسا دروست ناکەن، بگرە تەنیا ڕۆلی داڕشتنەوە دەبینن. بەگشتی هەر ڕیسایەکی یاسایی دوو جۆر سەرچاوەی هەیە، سەرچاوەی سروشتیی ناڕاستەوخۆ کە ئیلهامی لێ وەردەگیرێ و ڕێسایەکی ڕوحیی پێ بنیات دەنێ و هۆی وجودی لێوە سەرچاوە دەگرێ، وەك پێویستیی ژیان لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرەنسیپەکانی عەدالەت و هەستکردن بەهاریکاری لە نێوان تاکەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و... هتد. هەروەها سەرچاوەی دانراوی ڕاستەوخۆ کە ڕێسای ڕواڵەتی بوون و کیانی دەرەوەی لێ وەردەگرێ.

بەم شێوەیە سەرچاوەی بنەڕەتیی ڕەسمی «ئەسلی» کە ڕێسای یاساییی پێ دیاری دەکری و، سەرچاوەی ناڕەسمی – یاریدەدەر هەیە کە دەلالەتی پێ دەکرێ لە بوونی ڕێسا و بواری جێبەجێکردنەوە.

لە دوو سەرچاوەی دانراودا، بە دوو دەقی ڕوون، سەرچاوەکانی، یاسایی نێودەوڵەتی خراونەتە ڕوو، یەکەمیان، مادەی حەوتەم لە ڕێککەوتننامەی لاهای لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٠٧ سەبارەت بەدامەزراندنی دادگەی دادی نێودەوڵەتیدا هات، کە ئەو سەرچاوە یاساییانە باس دەکات کە بۆ جێبەجێکردن دەشێن، لە لایەن ئەم دادگەیەوە، کە دەڵێ: ئەو مەسەلەیەی کە بەدەق هاتووە لە ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان دوو دەوڵەتدا ئەوا دادگە بەئەحکامەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە پابەند دەبێ و، ئەگەر ئەم ڕێککەوتننامەیە دەقێکی گونجاوی تێدا نەبوو، ئەوا دادگە ڕێساکانی یاسای

نێودەوڵەتی  جێبەجێ دەکا و ئەگەر ڕێسایەکی دان پێدانراو نەبوو، ئەوا بەگوێرەی پرەنسیپە گشتییەکانی ماف و دادوەری حوکم دەکا.

بەهۆی ئەوەی کە ئەم دادگەیە نەهاتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەوا ئەم پۆلێنکردنە بۆ سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی تەنیا بەهایەکی فیقهیی هەیە.

دووەمیان، مادەی ٣٨ لە نیزامی دادگەی دادی هەمیشەییی نێودەوڵەتی لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠، کە بەتەواوی لە مادەی ٣٨ لە دادگەی دادی نێودەوڵەتی کەبەشێکی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە ١٩٤٥/٦/٢٦. ئەو دەقە دەڵێ:

دادگە ئەمانە جێبەجێ دەکا:

١- ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە گشتی و تایبەتییەکان کە ڕێسای دانپێدانراوی نێوان دەوڵەتە پێك ناکۆکەکان دەگرێتە خۆی.

٢- عورفی نێودەوڵەتی.

٣- پرەنسیپەکانی یاسای گشتی کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدانراوە.

٤- بڕیارەکانی دادگە و ڕێبازی گەورە یاسازانان، بەهۆی تری دیاریکردنی ڕێساکانی یاسا دادەنرێ.

٥- ئەم دەقە ڕێگر نییە لەوەی کە دادگە دەسەڵاتی هەیە کە حوکم دەربکا ئەگەر لایەنەکان ڕازی بوون بەگەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکانی دادوەری و ویژدان.

کەواتە دوو سەرچاوەی سەرەکیمان هەیە بۆ یاسای نێودەوڵەتی:

١- سەرچاوە فەرمییەکان: کە بریتین لە پەیماننامە عورفییە نێودەوڵەتییەکانە و، بنەماکانی یاسای گشتی، کە بەسەرچاوەی ڕاستەوخۆ دادەنرێ بۆ دروستکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی.

٢- سەرچاوە یارمەتیدەرەکان: کە بریتین لە حوکمی دادگەکان و بۆچوونی یاسازانەکان و پرەنسیپەکانی داد و ویژدانی؟

باسی یەکەم

## سەرچاوە فەرمییەکان

ئـەو ڕێسا یـاسایـیـانـەیە کە بوونیـان هـەیـە و، لایـەنـی پێوەندیدار بـۆ یـەکلاکردنـەوەی نـاکۆکیـیـەکـان ڕاسـتـەوخـۆ پـەنـایـان بـۆ دەبـا و، لـە پێش سەرچـاوەکـانی ترەوە دێن. ئەم ڕێسایانە خاسییەتی سەراپاگیر و گشتگیر و ڕەزامەندییان هەیە کە دەتوانن ببن بەڕێسای یاسایی نێودەوڵەتی، کە ڕێسای مولزەمن، بەم شێوەیە باسی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و، عورفی نێودەوڵەتی پرەنسیپە گشتییەکانی یاسا.

### أ- پەیماننامەی نێودەوڵەتییەکان

پەیماننامە سەرەکیترین سەرچاوە یاسای نێودەوڵەتییە و بەم شێوەیە دەیخەینە ڕوو:

**١- پێناسە و ناساندن**

پەیماننامە هەرچۆنێك بێ لەوە دەرناچێ کە گوزارشتە لە ڕێککەوتنی نێوان کەسەکانی یاسای نێودەوڵەیی کە دەیانەوێت کارێکی یاسایی لێ بکەوێتەوە(٢).

پـەیمـانـنـامـە بـەگـریـنـگـتـرین سەرچـاوەی یـاسای نێودەوڵـەتی گشتی دەژمێردرێ کە سەرجەم ئەو ڕێسا نێودەوڵەتییانە دەگرێتەوە کە حوکمی سیستـەمـی بـەستن و مـەرجـەکـانـی جـێبـەجـێکـردنـی پـەیـمـانـنـامـە نێودەوڵـەتـیـەکـان دەگرێتـەوە لـەگـەڵ چـۆنـیـەتیی هـەڵوەشانـەوەیان. کە لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان لە ٢٣/ئایار/١٩٦٩ داهاتووە.

---

(٢) شارل روسو، المصدر السابق، ص ٣٤.

برگەی یەکەم لە مادەی دوو لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩ پێناسەی پەیماننامە هاتووە دەڵێ: مەبەست لە پەیماننامە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر بە نووسراوی، کە بۆ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی ملکەچ دەکات کە لە نووسراوێکی ڕەسمیدا یان زیاتر هاتبێ و هەر ناوێکی لێ نرابێ.

هەروەها برگەی دووەم، لە ماددەی یەکەم لە یاسای پەیماننامەی عێراقیدا هاتووە کە مەبەست لە پەیماننامە بە یەك گەیشتنی ئیرادەی دوو کەس یان زیاتری نێودەوڵەتییە «کە لە برگەی (١) داهاتووە» بەشێوەیەکی نووسراو بەمەبەستی بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی یاسایی کە بۆ ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتی ملکەچ دەبێ، جا ناولێنانی ئەو نووسراوە هەرچییەك بێ، وەك پەیماننامە، ڕێککەوتننامە، ڕێککەوتن، پرۆتۆکۆل، بەڵێننامە، یان پەیمان، یان کۆنووسی هاوبەش، یان یاداشتنامە، یان نامە و نووسراوی ئاڵوگۆڕکراو، و هەر ناوێکی تر ئەگەر مەرجەکانی ئەم برگەیەی تێدا بوو.

بەڵام ئەم ڕێککەوتننامانە، بەڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی ناژمێرێن:

أ- ئەو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ هۆز و گەلان دەبەسترێن.

ب- گرێبەستی هاوسەریی ئەندامانی خێزانی پاشا و فەرمانڕەوایان.

ج- ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەت و تاکی بێگانە، یان نێوان تاکەکانی بێگانە.

د- ڕێککەوتننامەی نێوان ڕێکخراوەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان.

هـ- ڕێککەوتننامەی نێوان ئەو هەرێمانەی کە سەربەخۆییان نییە.

و- ڕێککەوتننامەی نێوان بزووتنەوەکانی ئازاد یان بەرگری یان یاخیبووان دەیبەستن.

ر- ڕێککەوتننامەی نێوان کۆمپانیا نیشتمانی و بێگانەکان.

ز– ڕێککەوتننامەی کە لە نێوان دەوڵەت و دەوڵەتێکی تر دەبەسترێ، وەك کڕینی دەزگا و کەلوپەلی تایبەت، واتە ئەو گرێبەستانەی کە وەك کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتی نابەسترێ.

بەڵام ئەم ڕێککەوتننامایە بەڕێککەوتننامە دەژمێردرێن:

١– ڕێککەوتننامەکانی نێوان دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵس (رابطة الشعوب البريطانية).

٢– ڕێککەوتننامەی ئاینی نێوان پاپا و دەوڵەتانی کاسولیك.

٣– ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

٤– ڕێککەوتننامەی نێوان دوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی.

**٢– تایبەتمەندییەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی**

لە چەند خاسیەتێکدا خۆیان دەنوێنن کە ئەمانەن[٣]:

١– کرۆکی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە بەیەکگەیشتنی ئیرادەی دوو لایەن یان زیاتری کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتییە، کە دەبێ ئەو پەیماننامەیە نووسراو بێ. کە ئەم خاسیەتەش لە عورف و ڕێککەوتنە جێنتڵمانەکان جیای دەکاتەوە.

٢– لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك وا دەبینن کە دەکرێ پەیماننامە لەسەر بنەمایەکی زارەکی و دروست بێت و شتێك نییە لە یاسای نێودەوڵەتی کە شکلی پەیماننامە ڕێك بخات و ئەوەی کە لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا مادەی دووەم برگەی ئەلف ئاماژەی پێ کراوە، تەنیا ئامرازێکە بۆ ئەوەی لە گرفتی ناڕۆشنی و جیاوازی لە شیکردنەوەدا ڕزگارمان بکا.

کەواتە پەیماننامە، دەقی یاسایی دوو قۆڵی یان بەکۆمەڵن کە دەوڵەتان یان ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دەیبەستن و بۆ حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی ملکەچ دەکەن. کەواتە پەیماننامە ڕێککەوتننامەیەکی

(٣) د. محسن أفكيرين، المصدر السابق، ص ٣٢ ومابعدها.

نـێودەوڵـەتییە، جـاری وایـە دەگـوترێ ڕێککـەوتـنـنـامـە convention یان ڕێکەوتن Accord یان پەیمان – میثاق –trahc یان سیستەم statue یان لێدوان «ڕاگەیاندن»ی هاوبەش Joint Declaration یان یەکلاکردنەوەی کاتی (Modus vividness) یان سیستەمی بنەڕەتی بێ، یان پەیمان pact یان بروتۆکۆڵ protocol و... هتد.

٣- ڕێککـەوتـنـنـامـەی نێوان دوو یان زیاتر دەبێ لە کەسەکانی یاسای نـێودەوڵـەتـی لـێرەدا پـێویستـە ئـامـاژە بکـەیـن کـە مـادەی سێیـەم لـە ڕێکەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە کە ئەم پێناسەیەی کە لە مادەی یەکەمدا هاتووە. لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامەی کە لە نێوان دەوڵەت و کەسەکانی تری یاسای نێودەوڵەتی دەبەسترێ، یان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەی کە شێوەیەکی نووسراو بەخۆوە دەبینن کاریگەریی نابێ لەسەر:

١- بەهای یاسایی ئەو ڕێککەوتننامانە.

٢- لـە ڕووی شوێنـی جێبـەجێکردنـی هـەریـەکە لـەو ڕێسایانـەی کـە ئـەم ڕێککەوتنە دەیانگرێتە خۆ، لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەو پێیەی کە ڕێسای یاسای نێودەوڵەتییە جا سەرچاوەکەی هەرچییەك بێ.

٣- لە ڕووی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بەنیسبەت ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان دەوڵەت و کەسە یاساییەکانی ترەوە هەیە.

٤- دەبێ بـابـەتـی پـەیمانـنـامـەکـە ملـکـەچـی ئـەحکـامـەکـانـی یـاسـای نێودەوڵەتیی گشتی بێ.

٣- پەیماننامە: **هاوواتا و جۆرەکانی**

زاراوە و گوزارشتە بەکار هاتووەکانی تایبەت بەپەیماننامە، زۆر و هەمەجۆرن، هەروەها پێوەندی و تێکچوون و جیاوازییان و پۆلێنکردن و جۆرەکانیان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو[٤].

(٤) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٤٨٨ ومابعدها. د.السيد مصطفى أحمد أبو الخير، المبادي العامة في القانون الدولي المعاصر، أيتراك للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٦، ص ٦-٧.

**یەکەم: هاوواتاکانی پەیماننامە**

پەیماننامە، چەند شێوەی هەیە لە ڕووی ناو و شێوەوە کە لە دەوری یەك مانا دەخولێنەوە لەوانە:

١- پەیماننامەی – المعاهدة–Treatment واتە ڕێکەوتنی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرکیان، یان بۆ چارەسەری کێشەیەك یان ئاڵوگۆڕی پێوەندییەك، یان بۆ دانانی ڕێسا و سیستەمێك کە دەوڵەتان پەیمان دەدەن بەرێزگرتن و کارپێکردنی.پەیماننامە بەپلەی یەکەم، ڕێککەوتنی لایەنە نێودەوڵەتییەکان ئەگەر چی ئەم ڕێککەرتننامانە ناوی جۆراوجۆر شێوازی هەمە چەشنە و مەبەستی هەمەجۆری هەبێ. بۆ دیاریکردنی کرۆکی ئەم چەمکە بەشێك لە یاساناسان دەڵێن کە ئەم وشەیە بەسەر هەموو ئەو ڕێککەوتننامانە جێبەجێ دەبێ کە تایبەتن بەمەسەلەیەکی گرینگ، وەك پەیماننامەی هاوپەیمانیەتی و ئاشتەوایی و بازرگانی.

هەروەها پەیماننامە لە مانا تایبەتییەکەیدا بەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە دەگوترێت کە سیمایەکی سیاسییان هەیە و گرینگن وەك پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی.

٢- ڕێککەوتننامانە – إتفاقیة–Convention: پەیماننامە و ڕێککەوتننامە ئاسان نییە کە لێك جیابکرێنەوە، وە مادەی ٣٨ی نیزامی دادگەی دادی نێودەوڵەتی باس لە ڕێککەوتننامە دەکات وەك هاوواتای پەیماننامە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دەڵێن کە ڕێککەوتننامە لەم بارانەدا بەباشتر لە پەیماننامە دادەنرێ:

أ- کاتێ یەکێ لە لایەنەکانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەبێ، چونکە پەیماننامە بەستن پێویستی بەدەست خستنە ناوەوەی سەرۆکی دەوڵەتە، وە ڕێکخراوەکان سەرۆکی لەم چەشنەیان نییە، بۆیە

پەیماننامەیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لقەکانیش کە دەیبەستن ڕێککەوتننامەیان پێ دەوتری.

ب- کاتێ باسی ڕێککەوتننامەیەکی بەکۆمەڵ دەکرێ کە ڕێسای یاساییی نێودەوڵەتی تێدایە و وەك ڕێککەوتننامەی لاهای سەبارەت بەیاسای جەنگ و یەکلاکردنەوەی ناکۆکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ سەبارەت بەبواری جۆراوجۆرەکان.

ج- کاتێ باس لە ڕێککەوتنەکانی بواری ئابووری دەکرێ، وەك ڕێککەوتننامە گومرکییەکان... ڕێککەوتننامە بەو ڕێککەوتننامە فرە لایەنانە دەگوترێ کە هاریکاریی نێوان دەوڵەتان ڕێك دەخەن، و مەبەستیان ئەوەیە ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ ئەو مەسەلانە بکا کە جێی بایەخی کۆمەڵی نێودەڵەتیین.

٣- ڕێککەوتن- پێکهاتن- أتفاق-Accord: مانای زمانەوانیی «ڕێککەوتن» واتە کۆدەنگیی بۆچوون و تێگەیشتن لەسەر خاڵێك یان مەسەلەیەکی دیاریکراو، و بە زمانی یاسایی واتە، ئەو هەڵسوکەوت «ڕەفتارەی» کە دوو لایەن یان زیاتر بەرەزامەندیی خۆیان دەیگرنەبەر کە ئامانجی هاتنە ئارای دەرئەنجامێکی یاساییە لە نێوانیاندا و شێوە و مەبەستی جیاواز دەگرێتە خۆی، کە دەکرێ لە نێوان دەوڵەتان، یان دەوڵەت و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا بێ، یان لە نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بێ، یان دەوڵەت و تاك، یان تاکەکانەوە دەکرێ ڕێککەوتننامەیەکی هەرێمی یان بازرگانی یان پیشەسازی یان ڕۆشنبیری بێ، و دەکرێ بەو شێوەیە ببەسترێ کە پەیماننامەی پێ دەبەسترێ یان شێوازێکی تر. کەواتە زیاتر بۆ ئەو هاوپەیماننامە دوو قۆڵییانە بەکار دێ کە سیمایەکی هونەرییان هەیە.

٤- وێڕای پەیماننامەو ڕێککەوتننامە و ڕێککەوتن چەند زاراوەیەکی تر هەن وەك:

أ– پەیمان – العهد – Pact: بەو ڕێککەوتننامانە دەگوترێ کە گرینگییەکی تایبەتیان هەیە و دەیانەوێ پیرۆزییەکی پێ بدەن، نموونە پەیمانی کۆمەڵەی گەلان.

ب– بەڵێننامە – المیثاق – Chart: زیاتر بەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانە دەگوترێ کە شێوازێکی دەستووری و ڕێکخستنییان هەیە، کە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی زیاتر بەکار دێ.

ت– پەیڕەو – نظام– Statue: کە بەو پەیماننامانە دەگوترێ کە شێوازێکی دامەزراوەییان هەیە و زیاتر بۆ دروستبوونی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بەکار دێ، وەك نیزامی بنەڕەتی دادگەی دادی نێودەوڵەتی.

پ– گرێبەست– العقد– Act: کە بەو پەیماننامانە دەگوترێ کە ڕێسای یاسایی دادەنێن.

ج– جارنامە – بەیان «الأعلان، البیان»: وەك ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان،

ح– پرۆتۆکۆل – protocol: کە زاراوەیەکە بۆ کاروباری جۆراوجۆر بەکار دێ، کە دەیەوێ ڕێسای یاسایی دابنێ یان پەیماننامەیەك جێبەجێ بێ یان هەموار بکرێ یان شی بکرێتەوە یان تەواو بکرێ. یان بەگوتاری ڕەسمی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەگوترێ.

خ– یەکلاکردنەوە – التسویە– Arrangement: کە ئامرازێکی دیبلۆماسییە دەیەوێ ڕێگەی کارکردن بەپەیماننامەیەکی گشتی پێشوو ئەنجام بدات، یان پەیڕەوێکی نوێ دابنێ.

د– ڕێککەوتنی کاتی – Modus vividness

ژ– لێدوان، جاڕدان، ڕاگەیاندن، Decleration: بەو ڕێککەوتننامانە دەگوترێت کە پرەنسیپێکی یاسایی یان سیاسیی هاوبەش دووپات دەکەنەوە. وەك لێدوانی ئەتلەنتی ڕوزفلت و چرچل.

لە ڕاستیدا ئاسان نییە کە جیاوازی لە نێوان ئەم چەمکانە بکەی، چونکە لە جیاوازیی ناوەکان هیچ ئەنجامێکی پراکتیکیمان دەست ناکەوێ و زۆربەی یاساناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەڵێ ئەم زاراوانە یەك واتایان هەیە و ئارەزووکردن لە جیاوازی لە لایەن هەندێ سیاسەتمەدار کە جیاوازی لە ناو هێنان، یان یاریکردن بەزاراوەکان، ئەگەر نا دەکرێ هەموو ئەم زاراوانە بەکاربێن بۆ جێبەجێکردنی کردارێکی یاسایی و هەموویان هەمان ئیلزامییەتیان هەیە.

٥- ڕێککەوتنی شێوە ساکار - الإتفاق ذات الشكل المختصر (المبسط) - ڕێککەوتننامەی ڕاپەڕاندن: پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی سەرۆکی دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی فەرمی دەبەسترێن.

بەڵام ئەم ڕێککەوتنە شێوە ساکارانە لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە یان نوێنەرە دیبلۆماسییەکانەوە گرێ دەدرێن بەبێ دەستوەردانی سەرۆکی دەوڵەت. ئەم ڕێککەوتنە کە بەچەمکی ئەمریکی executive agreementی پێ دەگوترێ بەم خاسیەتانە دەناسرێن(٥):

١- خێرایی لە ئەنجامدان، چونکە بەهەنگاوەکانی دانوستان و واژووکردنی ئەنجام دەدرێ، زۆرجار بە نامە یان بەیان یان یادداشتێك یان ڕاگەیاندنێکی تۆمارکراو دەردەچێ و بەسەرجەم ئەو هەنگاوانەدا ناڕوا کە پەیماننامەی پێدا تێ دەپەڕێ تەنیا بەواژووکردنی و قبووڵکردن یان ڕەزامەندی Approbation دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.

٢- ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە ئێستا زۆر بەکاردێ بەتایبەت لە بواری ئیداری و هونەری و پێوەندیی دیبلۆماسی و سەربازی و ڕێکەوتنەکانی ئاگربەست و وەستاندنی شەڕ و ڕێککەوتنەکانی شێوە

(٥) بڕوانە: د. عصام العطية، المصدر السابق، ص١٠٨- ١١١.

تەکنیکی وەك گومرکی هەوایی و پۆستە و زۆر جار دەستووری وڵاتان ئەم ڕێککەوتننانە دیاری دەکات.

٣- دەکرێ ئەم ڕێککەوتنە خاسیەتی دوالیزمی هەبێ، بۆ لایەنێك پەیماننامە بێ و بۆ لایەکی تر ڕێککەوتنی شێوە ساکار بێ.

٦- ڕێککەوتنی شەرەف (إيفاق الشرف) Agreement Gentlemam:
ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە، بێ هیچ ئیلتیزامێکی یاسایی کە یاسانـاسی ئەنگلوسکسۆنی پێی دەڵێ ئیلتیزاماتی شەڕەف کە ئیلتیزامێکی یاسایی نییە بۆ لایەنەکان. بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە لایەنەکان بەیەکەوە پێوەست دەکا. نموونە بەڵێننامەی ئەتڵەسی یان ڕاگەیاندنی ئەمریکی - بەریتانی لە لایەن روزفلت و تشرشل چل چل لە ١٩٤١/٨/١٤ کە پرەنسیپی هاوبەشی سیاسەتی هەردوو دەوڵەت دەگرێتە خۆ. ئەم ڕێکەوتننامەیە کە لە سەر شێوەی لێدوانی هاوبەش دێ کە بۆ دووپاتکردنەوەی پرەنسیپێکی یاسایی یان سیاسەتێکی هاوبەش دەگرێتەوە و لەم بارەدا دەوڵەت بەرپرس نییە. ئەگەر سیاسەتیان پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە شەرەفییە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەدەگمەن ڕێك دەکەوێ کە لایەنەکان پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم ڕێککەوتنە ڕەفتار بکەن، بەهۆی ئەوەی کە مەسەلەکە پێوەست دەبێ بەشەرەف و سومعەی ئەدەبیی ئەو لایەنە لە بواری نێودەوڵەتیدا، بەڵکو وایە کە سەرۆك و حکوومەت و وەزیری دەرەوەی دەوڵەتان پابەند دەبن بەجێبەجێکردنی ئەوەی کە ئەوانی پێش خۆیان ڕێککەوتننامەی شەرەفیان بەستووە ئەمەش بۆ پاراستنی سەنگی سیاسەتی نێودەوڵەتییان بەشێوەیەکی گشتی.

**دووەم: پۆلێنکردنی پەیماننامە**

لە ڕووی شکلی و بابەتییەوە، چەند دابەشبوونێك هەیە، لە گرینگترینیان:

أ- لەلایەن شکڵییەوە: پەیماننامەی دوانەیی Bilateral کە لە نێوان دوو کەسی یاسای نێودەوڵەتی دەبەسترێ و پەیماننامەی بەکۆمەڵ Multi lateral کە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دەبەسترێ.

ب- لە لایەنی بابەتییەوە: دابەش دەکرێ بۆ:

١- پەیماننامەی سیاسی: کە ڕێککەوتنە هاوپەیمانییە سەربازییەکان و هاوکاریی هاوبەش و پێوەندییە دیبلۆماسییەکان و... هتد، دەگرێتە خۆ.

٢- پەیماننامەی ئابووری: وەك پەیماننامەکانی بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕاگەیاندن و... هتد.

٣- پەیماننامەی لەسەر بابەتی تایبەت: وەك هاریکاریی هونەری، ڕۆشنبیری، یاسایی. ئەم شێوە پۆلێنکردنانە لە ڕووی فیقهییەوە هیچ بەهایەکی یاساییان نییە لە ڕووی بارودۆخی پراکتیکیەوە.

ج- لە ڕووی سروشت و جێکەوتی یاساییەوە: دابەش دەبن بۆ[٦]:

١- پەیماننامەی گرێبەست - تایبەت Trait's Contacts: پەرەگراف بەو پەیماننامەیە کە لە نێوان دوو دەوڵەت یان ژمارەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدری سەبارەت بەکارێك یا بەرژەوەندییەکی دیاریکراو و تەنیا لایەنەکانی ئەم گریبەستە پێیەوە پابەند دەبن، وەك پەیماننامەکانی هاوپەیمانیەتی و ئاشتەواییکردن و دیاریکردنی سنوور و بازرگانی و قەرەبووکردن و... هتد. ئەم پەیماننامە تایبەتانە وەك سەرچاوەیەکی ڕێسایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، ئەژمار ناکرێن، بەڵکو دەکرێ وەك هۆیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ جێگیربوونی ڕێسایەکی نێودەوڵەتی بێ، ئەوەش لە حاڵەتێك ئەگەر هاتوو ئەم جۆرە گرێبەستە تایبەتییە لەسەر مەسەلەیەك لە نێوان چەند دەوڵەتێك دووبارە بووەوە و دەبێتە عورفێك

(٦) د. حسن الجلبی، القانون الدولی العام، المصدر السابق، ص٥٤.

که دەوڵەتان پێیەوە پابەند دەبن وە ئیلزامییەت لە عورفەکە وەردەگرن.
نموونــە ڕێسای ڕادەست نــەکـردنــەوەی پــەنــابــەرە سیـاسیـیــەکـان کـە بەبەردەوامی لە پەیماننامە تایبەتییەکاندا دووبارە بووەوە، سەرئەنجام بوو بەعورفێکی نێودەوڵەتی.

٢- پەیماننامە دانەرییەکان - گشتییەکان - الشارعە Traits Lois.

ئەم پەیمانەیە کە لە نێوان کۆمەڵە دەوڵەتێکی زۆردا دەبەسترێ ئەم دەوڵەتانەش ڕێك دەکەون لەسەر دروستکردنی چەند ڕێسایەکی گشتی یان سیستەمێك کە هەموو دەوڵەتان پێیەوە پابەند دەبن هەتا ئەوانەش کە ئەندام نین، واتە تەنیا بەسەر ئەو بارەدا جێبەجێ نابێ کە لە پێناویدا دروست کراوە، بەڵکو بەسەر هەموو حاڵەتێکی ئایندەیشدا جێبەجێ دەبێ، کــە وەك یــاسای نــاوەخــۆ وایــە، چــونــکــە ڕێسای یـاسایـی دادەنــێ و سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتیی گشتییە، وەك پەیماننامەی ژنێڤ بۆ یاسای مرۆییی نێودەوڵەتی و بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و... هتد.

هـەروەهـا لێرەدا ئـەو دەوڵـەتـانـەی کە ئـەم ڕێککـەوتـنـنـامـەیـان پـەسـەند کردووە. بەهۆی قبوولکردنی پێیەوە پابەند دەبن، و ئەو دەوڵەتانەی کە نـەچـوونـەتـە پـاڵـی ئـەوا پـێـیـەوە پـابـەنـد دەبـن وەك ئـەوەی نـەریـتـێکی نێودەوڵەتییە.

**٤- بەستنی پەیماننامە**

ئـەو هـەنـگـاوانـەی کـە بـەسـتـنـی پـەیمـانـنـامـەیـان پـێ دێـتـە ئـاراوە، لـە دەستووری دەوڵەتان یان لە هەندێ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی یان لە عورفی نێودەوڵەتیدا هەیە، زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ڕێککەوتننامەی ڤیەننایان بۆ یاسای پەیماننامەکان لە ساڵی ١٩٦٩دا واژوو کردووە، بـەشێوەیـەکی گشتی چوار قـۆنـاغ دیـاری کراوە، ئـەوانیش گفـتـوگـۆکـان-

دانوستاندن (المفاوضات)، نووسین و واژۆکردن (التحریر والتوقیع)، پەسندکردنی (التصدیق)و تۆمارکردنی (التسجیل)(٧).

یەکەم: گفتوگۆ – دانوستاندن– Negotiation ئامرازی قوناغی ئاڵوگۆڕی ڕا و بۆچوونە لە نێوان نوێنەرانی دوو دەوڵەت یان زیاتردا بۆ مەبەستی یەکخستنی بۆچوونەکان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەچارەسەر و ڕێکخستنی باسەکە و بابەتەکە، وە دانانی ڕێوشوێنی چارەسەر و ڕێکخستنی ئەوەی کە لە شێوەی مادەدا لەسەری ڕێك بکەون.

دانوستان لە زۆربەی حاڵەتدا لە ڕێی وەزیرانی دەرەوە یا نوێنەرە دیبلۆماسییەکان یان سەرۆکی دەوڵەت خۆیەوە ئەنجام دەدرێ.

ڕێگەپێدان – **التفویض**– pleins pouvoirs.

دوای ئەوەی دەوڵەت نوێنەری خۆی بۆ ئەنجامدان و بەستنی پەیماننامەیەك دیاری دەکا، ئەوا دەبێ بەڵگەنامەی ڕێپێدانیان بداتی و لە یەکەم بەیەکگەشتنی شاندەکاندا دەبێ ئەم بەڵگەنامەیە ئاڵوگۆڕ بکرێ ئەگەر پەیماننامەکە دووقۆڵی بوو، یان لە لای لایەنی چاودێری کۆنگرە دای بنێ ئەگەر پەیماننامەکە چەند لایەنە بوو.

هەروەها مادەی دوو بڕگەی (ج) لە یاسای پەیماننامەکانی ساڵی **١٩٦٩** پێناسەی ڕێگەپێدان دەکا بەوەی کە: بەڵگەنامەیەکە لە دەسەڵاتی تایبەتەوە لە دەوڵەت دەردەچێ بۆ دیاریکردنی کەسێك یان چەند کەسێك کە نوێنەرایەتیی دەوڵەت بکەن لە دانوستاندن بۆ گرێدانی پەیماننامەیەك یان قبووڵکردنی و چەسپاندنی، یان ڕەزامەندی نیشاندانی دەوڵەت بۆ ئیلتیزامکردن بەپەیماننامەیەك یان ئەنجامدانی هەر کارێك بەرامبەر

(٧) بڕوانە: د. احمد الوفا، القانون الدولي والعلاقات الدولية، دار النهضة العربية، القاهيرة، ٢٠٠٦ ص٥٤ ومابعدها، د. محمد الحميد ود. مصطفر سلامة حسين، قانون الدولي العام، مركز الكتب الثقافية للنشر و التوزيع، ١٩٨٨، ص٢٧، د.محمد سعيد الدقاق، مصادر القانون الدولي، من كتاب القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٢١ ومابعدها.

پەیماننامەیەك: هەروەها ڕێگەپێدان مەسەلەیەکە بۆ یاسای ناوەخۆی هەر دەوڵەتێك و هەر کەسێك دەبێتە نوێنەری دەوڵەت لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١– ئەگەر بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانی داواکراوی هەبوو.

٢– ئەگەر لە بارودۆخەکەدا ئەوە ڕوون بووەوە کە نیازی دەوڵەت وایە کە ئەو کەسە ببێتە نوێنەری دەوڵەتەکەی.

٣– سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکوومەت و وەزیری دەرەوە و سەرۆکی نێردراوە دیبلۆماسییەکان و نوێنەرانی دەوڵەت لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و نوێنەرانی دەوڵەتەکانیان.

بڕوانە مادەی ٧ی برگەی ٥ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا لە ساڵی ١٩٦٩.

هەروەها ئەگەر کەسێك هەر کارێکی کرد و ڕێگەی پێ نەدرابوو لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە ئەوا کارەکەی هیچ جێکەوتێکی یاسایی نابێ ئەگەر دواتر دەوڵەتەکە ڕێگەی پێ بدات. وە ئەو کاتە لەو ڕۆژەی کە کاری کردووە، هەڵسوکەوتەکانی مولزەم دەبن وەك ئەوەی کە ڕێگەپێدانی دواتر، وەك ڕەزامەندیی پێشینەیە.

دووەم: نووسین (پڕۆژە)ی پەیماننامە «ڕەشنووس – مسودة»

ئەگەر وتووێژەکە گەیشتە پلەی گەیشتنی بۆچوونەکان ئەوا پەیمانەکە دەنووسرێتەوە، لایەنەکان واژووی دەکەن لەسەری و، دەکرێ بڵێین کە نووسینەوەکە بووەتە مەرجێکی کلاسیکی کە عورفی نێودەڵەتی لەسەری ڕاهاتووە. لە کاتی نووسینی پەیماننامە چەند مەسەلەیەك دێتە پێش کە بریتین لەمانەی خوارەوە(٨):

أ– زمانی پەیماننامە: گرینگترین مەعالمی شێوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ئەو زمانەیە کە پێی دەنووسرێ، ئەگەر ڕێککەوتنەکە لە

---

(٨) د. حامد سلطان، المصدر السابق، ص١٦٠ ومابعدها. ود.عصام العطية، المصدر السابق، ص١١٩ وما بعدها.

نێوان دوو لایەن بوو بەهەردوو زمان نووسرا بوو، ئەوا هەردوو زمان شوێنەوار (جێکەوتی)ی یاسایی خۆیان هەیە لە کاتی تەفسیرکردندا. بەلام ئەگەر رێککەوتنامەیەکی چەند لایەن بوو، ئەوا لەم کاتەدا رێککەوتن لەسەر یەکێك لە زمانە رەسمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت کە ئەویش ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و چینی و ئیسپانییە.

ب- پێکهاتەی پەیماننامە: پەیماننامە لە رووی شێوە و پێکهاتەوە بۆ سێ حاڵەتی ناوخۆیی دابەش دەبێ.

١- ناونیشانی پەیماننامە: کە لە لایەنەکان لەسەری رێك کەوتوون و لە رێککەوتننامەی دووقۆڵیدا وێنەی بەڵگەنامەی هەر دەوڵەتە ناوی خۆی لە پێشتر دەنووسێ. نموونە رێککەوتنی عێراق ئێران بۆ ئەو وێنەیەی لای عێراق دەبێ.

٢- دیباچە «پێشەکی»: پێشەکیی پەیماننامەیە و پێویستیی دەرچوون هۆیەکانی دانانی- «الأسباب الموجبة» بۆ بەستنی پەیماننامە و ئامانجەکان و ناوی لایەنەکانی تێدا دەنووسرێ، کە هەندێ جار بەناوی دەوڵەتان، یان ناوی سەرکردەکان، یان ناوی حکوومەتەکان وە هەندێ جاری دەگمەنیش ناوی گەلان دەنووسرێ. وە بەگوێرەی رای پەسەندکراو پێشەکی بەشێکە لە پەیماننامە و سیفەتی ئیلزامی وەك ناوەرۆك و پاشکۆکان هەیە.

٣- ناوەرۆك «تێکست»، متن - الأحكام - کە شێوەی دەروازە و مادە و برگە بەخۆوە دەگرێ. نموونە بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە (١١١) مادە پێك دێ و بۆ ١٩ دەروازە دابەش کراوە و ئەگەر بە دوو زمان زیاتر نووسرایەوە، ئەوا بالایی دەدرێتە یەکێکیان وەك زمانی سەرەکی، هەروەها کە پەیماننامە بەهەموو ئەو زمانە دەنووسرێتەوە

که وڵاتانی بەشداربوو بەهەمان هێز هەیانە، هەروەها باش نییە که پەیماننامە بەزۆر زمان بنووسرێتەوە، چونکە ئەستەمە هەڵبژاردنی زاراوە لە چەند زمانێك بەشێوەیەك بێت کە هیچ گرفت لە شیکردنەوەی دروست نەکات و لە کاتی تووشبوونی گرفت ئەوا سوود لە وەزیفەی ڕاوێژکاری دادگەی دادی نێودەوڵەتی وەردەگرێت. کە ئەم دادگەیە ئەرکی بەیەکلاکردنەوەی ئەو ناڕۆشنی و گرفتانەی کە لە شیکردنەوەی ڕێککەوتنامەکانە دێن ڕادەپەڕێنێ.

٤- کۆتایی: کە چەند کارێکی شکلی دەگرێتە خۆی کە گرینگن لەوانە:

بڕوانە مادە **١١** لە یاسای پەیماننامەکانی عێراق ساڵی **١٩٧٩**.

- ئەو ڕێکارانەی کە پەیماننامەکە بەهۆیانەوە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.
- مێژووی جێبەجێکردن.
- ماوەی جێبەجێکردن و ڕێگەکانی درێژکردنەوەی.
- ڕێگەکانی هەموارکردن و چاوپێداخشاندنەوەی.
- ڕێگەکانی کۆتایی پێهێنانی.
- ڕێگەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان کە لە جێبەجێکردن یان شیکردنەوەی پەیماننامەکەوە دێنە پێش.
- زمان.
- بەروار و شوێنی ئاڵوگۆڕی بەڵێننامەکان.
- ئەو شوێنەی کە پەیماننامە ئەسڵییەکەی پێ دەسپێرێ ئەگەر ئەسڵی بوو.

٥- پاشکۆ- الملاحق: کە هەندێ ئەحکامی درێژکراوە و ڕێکخستنی هەندێ کاروباری هونەری وەك نەخشەو... هتد دەگرێتە خۆ، کە هەمان هێزی یاساییان هەیە کە پەیماننامە هەیەتی.

سێیەم: واژووکردن

دوای نووسینەوەی پەیماننامە قۆناغی واژووکردن دێتە پێش کە مانای ڕەزامەندیی نوێنەرەکان دەگەیەنێ کە لە دەرئەنجامی ووتوێژەوە هاتووەتە دی، هەروەها دیاریکردنی شوێن و مێژووی پەیماننامە. واژووکردنی هیچ ئیلتیزامێکی یاسایی لەسەر دەوڵەتی دروست ناکا، بەڵکو تەنیا شێوەیەکی چەسپاندن و سەلماندنی ئەوەیە کە وتوێژەکە پێی گەیشتووە، هەر شاندە پڕۆژەکە بۆ دەوڵەتەکەی خۆی دەباتەوە بۆ ئەوەی کە قبووڵ بکرێ، هەروەها واژووکردن پابەندییەکە بۆ لایەنەکان کە بەنییەت پاکییەوە پێیەوە پابەند بن و هیچ کاردانێك نەکەن کە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە بن کە ئامادەیە بۆ پەسندکردن یان تا دەوڵەت ڕادەگەیەنێ کە ئەو پەیماننامەیە پەسند ناکا(٩).

مادەی ١٢ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ئەو بارانەی دیاری کردووە کە واژووی نوێنەری دەوڵەت شوێنەواری یاسایی ئیلزامیی دەبێ بەپەیماننامە، ئەوانیش:

١- ئەگەر لە پەیماننامەکەدا هاتبوو کە بەواژووکردن ئەم پابەندبوونە دروست دەبێ.

٢- ئەگەر ئەوە چەسپا کە دەوڵەتانی گفتوگۆ، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە واژووکردن ئەم کاریگەرییەی دەبێ.

٣- ئەگەر لە بەڵگەنامەی ڕاسپاردندا ئەوە هاتبوو کە تەنیا بە واژووکردنی پەیماننامە دەوڵەت پابەند دەبێت.

٤- ئەگەر نوێنەری دەوڵەت واژوویەکی کرد کە لەسەر ڕاوێژکردن بەدەوڵەتەکەی وەستابوو، دواتر دەوڵەتەکە ڕێگەی دا بە واژۆکردنەکە و قبووڵی کرد.

---

(٩) د. حامد سلطان، المصدر السابق، ص١٦٢، ١٦٣.

بێگومان واژووکردن جگە لەم سێ حاڵەتە، پەیماننامە خاسیەتی پابەندبوون وەرناگرێ، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە پەسەند بکرێ.

ئەو کەسانەی کە بۆ واژووکردن بەڵگەی ڕێگەپێدانیان ناوێ، بریتین لە سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوە، بەڵام ئەگەر واژووکردن لە لایەن سەرۆکی دەستەی نێردراو یان کەسێکی ترەوە بوو، ئەوا پێویستی بەم بەڵگەیە دەبێ بۆ ئەوەی واژووکە بدرێتە پاڵ نوێنەری دەوڵەتەکە.

هەروەها لە هەندێ باردا واژووکردن بەپیتی یەکەمی ناوەکان دەبێ، واتە ڕێککەوتننامەی موعەللیم (Initial) واژووکردن بەناوی تەواو، کە ئەمانە واژووی کۆتایی نابێ و مولزەم نابێ و هیچ شتێك نوێنەرەکانی ناچار ناکا بۆ واژووی کۆتایی بەڵکو ئەمە دەرفەتێکە بۆ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتەکە[١٠].

چوارەم: پەسندکردن تەسدیقکردن Ratification پەسند هەڵسوکەوتێکی یاساییە کە دەسەڵاتی تایبەتمەند بەبەستنی ڕەزامەندیی خۆی لەسەری دەردەبڕێ و قبوڵکردنی پابەند بێ پێیەوە[١١].

بەمانایەکی تر ڕەزامەندیی دەوڵەتە بەگوێرەی ڕێوشوێنە دەستوورییەکان، واتە بەگوێرەی ڕێسای یاسای نیشتمانی کە پابەندبوونی خۆی بەشێوەیەکی کۆتایی پێ ڕابگەیەنێ[١٢].

حیکمەت لە پەسندا ئەوەیە کە لە لایەك دەرفەتێك بدرێتە دەوڵەت بۆ ئەوەی چاو بەپەیماننامەکەدا بخشنێتەوە ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندیدا نەگونجا، یان لە لایەکی دیکەوە بارێك دێتە پێشەوە کەوا دەکا لە بۆچوونەکانی پاشگەز بێتەوە. بەڵام کە دەوڵەت ئازادیی ڕەهای هەیە بۆ

---

(١٠) د. حامد سلطان، المصدر السابق، ص١٦٣.

(١١) د. محمد سامی عبدالحمید، المصدر السابق، ص ٣٦-٣٧.

(١٢) د. محمد سعید الدقاق، مصادر القانون الدولي، السابق، ص٢٨.

دیاریکردنی هەڵویستی لەمەڕ پەسند، ئەوا بەرپەرچدانەوەی بەبێ هۆ لەگەڵ لێهاتوویی و پرەنسیپی ڕەوشتی گشتی ناکۆکە، هەروەها کاریگەریی لەسەر بڕوایی دەبێ بەتایبەتی کە نوێنەرەکە لە سنووری دەسەڵاتیدا هەڵسوکەوتی کردبێ و دەکرێ پەسند، شێوازی ئاشکرا یان شاراوە بەخۆوە بگرێ[١٣].

هەروەها بەگوێرەی پرەنسیپی گشتی، پەسندکردن بۆ ڕابردوو کاریگەریی نییە و ناگەڕێتەوە کە لە ڕۆژی واژووکردنەوە کاریگەریی هەبێ، بەڵکو تەنیا لە کاتی ئاڵوگۆڕی پەسندکردنەوە، ئەو شوێنەوارەی دەبێ مەگەر دەقێکی ئاشکرا هەبێ بەپێچەوانەی ئەمە[١٤].

پێنجەم: تۆمارکردن Enregistrement پەرەگراف بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجی ئاشکرا گۆییی دیبلۆماسی، هەروەها بۆ ڕاگرتن لە کاری بەستنی پەیماننامەی نهێنی کە ئاشتی و تەبایی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە، وە چاودێریکردنیان بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئایا پێچەوانەی ڕێسایەکی بەفەرمانە لە ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، سەرەڕای ئەوەی کە تۆمارکردن ئاسانکاریی سەلماندنمان بۆ دەکا، ئەوا بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەرجی گرتووە کە دەبێ پەیماننامە لە لای سکرتاریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار بکرێ.

مەبەست لە تۆمارکردن، پێدانی پەیماننامەیە بەسکرتاریەتی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و تۆمارکردنی لە تۆمارێکی تایبەتی، ئەمەش لە ماددەی ٨٠ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە. بەهای یاسایی تۆمارکردن لە لای سکرتاریەتی گشتی ئەوەیە کە تۆمار نەکرێ بەتاڵ نابێ، بەڵکو دروست و مولزەمە بۆ دەوڵەتان، بەڵام ناکرێ لە لای هیچ

(١٣) د. علي صادق أبو هيف، القانون الدولى العام، المصدر السابق، ٥٤٤–٥٤٦.
(١٤) د. حامد سلطان. المصدر السابق، ص١٦٣.

لقێك له لقه‌كانی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان په‌نای پێ ببردرێ و تمسكی پێ بكرێ. هه‌روه‌ها ده‌كرێ په‌یماننامه نهێنی بێ و تۆمار نه‌كرێ، ئه‌مه‌ش به‌تاڵ نییه، به‌ڵام ناكرێ «تانه – په‌ڵپ»ی پێ بگیرێ له هیچ ده‌زگایه‌كی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان(١٥).

شه‌شه‌م: ده‌ستپێوه‌گرتن «تخفظ»

رێككه‌وتننامه‌ی ڤیه‌ننا پێناسه‌ی ده‌ستپێوه‌گرتنی كردووه به‌وه‌ی كه راگه‌یاندنێكی تاك لایه‌نه‌یه. ده‌وڵه‌تێك ده‌یگرێته‌به‌ر له كاتی واژووكردن له‌سه‌ر په‌یماننامه، یان په‌سه‌ندكردنی «تصدیق»، یان چوونه ناو و پاڵدان به‌په‌یماننامه، یان له كاتی قبووڵكردنی و به‌مه‌به‌ستی ئه‌وه‌ی كه جێكه‌وتی یاساییی هه‌ندێ ئه‌حكام بۆ جێبه‌جێكردنی ده‌وڵه‌ته‌كه دوور بخاته‌وه، یان شیكردنه‌وه‌یه‌كی تر یان گۆڕانێكی تر یان هه‌مواركردنێكی به‌رامبه‌ر بكا.

بۆ زانینی شوێنه‌وار و جێكه‌وته یاساییه‌كانی ده‌ستپێوه‌گرتن پێوسته جیاوازی بكه‌ین له نێوان هه‌ردوو شێوه‌ی په‌یماننامه‌ی دووقۆڵی و به‌كۆمه‌ڵدا(١٦).

أ– له په‌یماننامه‌ی دووقۆڵیدا: ده‌ستپێوه‌گرتن له كاتی واژووكردن یان په‌سندكردنیدا ده‌كرێ و له‌م حاڵه‌ته‌دا ده‌ستپێوه‌گرتن وه‌ك خستنه ڕوویه‌كی نوێ وایه بۆ لایه‌نی به‌رامبه‌ر كه ئه‌ویش بۆی هه‌یه په‌یماننامه قبووڵ بكات له‌گه‌ڵ ئه‌و (تخفظ )ه‌كه‌ی كه زیاد كراوه بۆی یان ڕه‌فزی بكات

ب– له په‌یماننامه‌ی به‌كۆمه‌ڵدا: ده‌كرێ «خۆگری–تخفظ» له كاتی واژووكردنی په‌یماننامه بێ یان په‌سندكردنی یان چوونه ناویه‌وه وله‌م حاڵه‌تانه‌شدا ڕه‌وا و دروست ده‌بێ به‌مه‌رجێك ناكۆك و دژ نه‌بێ

(١٥) د. سهیل حسن الفتلاوي و د. غالب عواد حوامدة، المصدر السابق، ص١١١.

(١٦) د. عصام العطیه، المصدر السابق، ص١٤٢.

لەگەڵ بابەتی پەیماننامەکە و ئەو مەبەست و ئامانجانەی کە لە پێناویدا دروست بووە وەك بازرگانی نەکردن بەکۆیلە و هەروەها دەبێ لە پەیماننامەکەدا نەهات بێ کە نابێ «تخفظ»ی لەسەر بکرێ بەشێوەیەکی گشتی یان لەسەر هەندێ دەق.

٥- هۆیەکانی کۆتاییهێنان و وەستان و لە کارخستن و جێبەجێکردنی پەیماننامە چەندین هۆ هەیە کە بەکورتی لەم لایەنە گرینگانەی خوارەوەدا کۆ دەبنەوە:

أ- هۆکارەکانی کۆتاییهێنانی پەیماننامە

چەند هۆیەك هەن - بەتاڵبوونەوە «البطلان»

یەکەم : پووچەڵکردن - بەتاڵبوونەوە «لطبلان»

تیۆری پوچەڵکردن ڕۆڵی گرینگ دەبینێ لە یاسای ناوەخۆدا و هەروەها لە یاسای نێودەوڵەتیدا گرینگیی خۆی هەیە، کە لە خوارەوە هۆیەکان و کاریگەری و جێکەوتەکانی ڕوون دەکەینەوە:

أ- هۆیەکانی پووچەڵبوون

هۆیەکانی پوچەڵکردن لە یاسای نێودەوڵەتیدا بریتین لە نەنگی، خەوشەکانی «خەوشەکانی ڕازیبوون - نەنگی لە ڕەزامەندی»، وە سەرپێچیکردنی بۆ یاسای دەستووری و تێکگیرانی لەگەڵ ڕێسایەکی بەرفەرمانی دوەلی(١٧).

١- سەلامەتی خەوشەکانی- نەنگی- ڕەزامەندی:

بۆ ڕاست و دروستیی ئەنجامدانی پەیماننامە، دەبێ ڕەزامەندی و ئارەزووی پابەندبوون لە لای لایەنەکان هەبێ بەئەحکامەکانی و ئەو

(١٧) د. احمد ابو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص١٧ ومابعدها، ود.ابراهيم محمد العنابي، المصدر السابق، ص١٢٧ ومابعدها، ود.حامد سلطان، المصدر السابق، ص١٧٤ ومابعدها.

ڕازیبوونە هیچ نەنگی - خەوشێکی وەك بەهەڵە چوون - غەش (فێڵ - تەڵەکەبازی) یان گەندەڵاندنی نوێنەری دەوڵەت یان تۆپزی لێکردنی تێدا نەبێت. وە لێرەدا پێویستە بگوترێ کە بەشی دووەم لە دەروازەی پێنجەمی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩ کە پێوەستە بەبەتاڵکردنی پەیماننامە لەسەر نەنگی - خەوشەکانی ئیرادەی نووسیوە.

أ- بەهەڵەچوون «الغلط»

بەهەڵەچوون وەرگرتنی بۆچوونێکی ناڕاستە سەبارەت بەواقیعەیەکە کە کاریگەریی هەیە لەسەر ڕازیبوونی لایەنێك کە پابەند بێت بەپەیماننامە بەپێچەوانەی گرێبەستەکان لە یاسای تایبەیدا، گرینگی بەهەڵچوون لە پەیماننامەکاندا سنووردارە، چونکە دەوڵەت زۆر بەدەگمەن دەکەوێتە هەڵەوە، ئەمەش بەو هۆیەوە کە پەیماننامە بەچەند قۆناغێکدا دەڕوا و وردبینیی وەردانەوەی زۆر دەخوازێ، واتە دەکرێ بەهەڵەنەچوون بدۆزێتەوە لە پێش قۆناغی کۆتایی کە دوای ئەوە پەیماننامە مولزەم دەبێ. بەڵام زۆر لە یاساناسان وەك «اوبنهایم و فوشی» دەڵێن کە ئەگەر هەڵە ئاشکرا نەبوو تەنیا دوای ئەنجامدانی بەستنی پەیماننامە بەشێوەیەکی کۆتایی، ئەوا ئەو دەوڵەتەی کە دەکەوێتە هەڵەوە بۆی هەیە داوای بەتاڵکردنەوەی بکا. بەم شێوەیە و چەمکی هەڵە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا دوو مانای هەیە(١٨).

١- بەهەڵەچوون لە داڕشتنی دەقی پەیماننامە، ئەگەر سیفەتی فەرمی درا بەپەیماننامەکە وە هەڵەیەکی تێدا بوو، ئەوا بەچاککردنەوە و ڕاستکردنەوە هەڵەکە چارەسەر دەکرێ.

٢- بەهەڵەچوون لە ڕەزامەندیدا، ئەگەر بەهەڵەچوون پێوەندیی بەواقیعێکی دیاریکراو یان هەڵوێستێکی دیاریکراو بێ و ئەمەش هۆکاری بنەڕەتیی ڕەزامەندیی لایەنەکان و ڕازیبوونیان بێ

(١٨) بڕوانە مادەی ٤٨ و ٧٩ لە ڕێککەتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩.

بەئیلتیزامکردن بەپەیماننامەکە.

دەبێ بگوترێ کە ئەو بەهەڵەدا چوونەی دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی پەیماننامە دەبێ هەڵەیەکی جەوهەری بێ و یان بەلانی کەم بەهەڵەدا چوونێکی گەورە بێ، هەڵەی بچووك نابێتە هۆی بەتاڵبوونەوەی پەیماننامە.

بەگشتی هەڵە دوو جۆرە، هەڵەیەکی دەروونی کە پێوەندیی بەمەسەلەی قبووڵکردن و قبووڵنەکردنی پەیماننامەوە هەیە و هەڵەیەکی مادی کە پێوەندیی بەخودی بەڵێننامەکەوە هەیە، جۆری یەکەم، دەگمەنە و لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا قبووڵ نییە جۆری دووەم، واقیعییە وەك هەڵە لە سنووردا کە پێوەندیی بەنەخشەی نادروستییەوە هەبێ یان زمانەوانی بێ، وە ئەو هەڵەیەی لە وەرگێڕانی پەیماننامەکە دەکەوێتەوە بۆ زمانی یەکێك لە لایەنەکان، یاساناسان جیاوازی دەکەن لە نێوان هەڵەی واقیعی و یاسایی و تەنیا یەکەم جێی بایەخە، بەلاّم هەڵەی یاسایی پەیماننامە نەنگی – خەوشدار ناکا؛ چونکە دەوڵەت پێویستە یاسا بزانێ و ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر و باشترین ڕێگە بۆ چارەسەری هەڵە ئەوەیە کە دەوڵەتان ڕێککەوتن بکەن و بەپاشکۆیەك ئاماژە بەهەڵە و کەمایەسییەکان بکەن کە لە پەیماننامەکەدا هاتوون(١٩).

ب– غەشکردنی (فرتوفێڵ) – الغش – التدلیس – التغریر – الخداع

فرتوفێڵ نەنگی – خەوشێکە کار لە ڕازیبوونی یەکێك لە لایەنەکان دەکا، ئەگەر هاتوو ڕەفتارێکی فێڵاویی لایەنێکی تر وای کردبێ کە هانی دابێ بۆ ئەنجامدانی بەستنی گرێبەستی. فرتوفێڵ پێش ئەوەی کە بۆ لایەنێك حاڵەتێك دێنێتە پێش کە ڕاست نییە بۆ ئەوەی پەیمانەکە ببەستێ(٢٠).

(١٩) د. محمد المجذوب، الوسیط، المصدر السابق، ص٢٢٦ – ٢٢٧.

(٢٠) د. عبدالمجید الحکیم وصاحبیە، الوجیز في نظریة الالتزام في القانون لمدني العراقي، وزارة التعلیم العالي والبعث العلمي، ١٩٨٠، ص٨٦.

هەروەها لە مادە ٤٩ی هەردوو ڕێككەوتننامەی ڤیەننا هاتووە كە دەوڵەت یان ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان، كە ڕەفتاری تەڵەكەبازانەی لایەنێكی تر هانی داوە بۆ گرێبەستن، ئەوا پاساوی غەشكردن دەتوانێ بكات بەهاوكاری بەتاڵبوونەوەی ڕەزامەندیی پابەندبوون بەپەیماننامە.

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە لە هەردوو باری بەهەڵەداچوون و غەشكردن ئەگەر لایەنێك بەردەوام بوو لە جێبەجێكردنی پەیماننامە لە دوای ئاگابوونەوە لەو خەوشە – نەنگییەی كە لە خواستیدا بووە، ئەوا وەك وازهێنان و دابەزین لە مافی بەتاڵكردنەوەی پەیماننامە لە قەڵەم دەدرێ، كە ئەم هەڵسوكەوتەی وەك ڕێگەپێدانێكی دواتری پەیماننامەكە لە قەڵەم دەدرێ، هەروەها مافی گرتنەبەری بەتاڵكردنەوەی نامێنێ كە تێوریی داخستن «نظرية الاغلاق» جێبەجێ دەبێ، كە دادگەی نێودەڵەتی جەختی لەسەر دەكاتەوە(٢١).

ج – بەشخوران– الغبن: بەشخوران لە یاسای شارستانیدا ئەو نایەكسانی و ناهاوتاییەیە لە وەرگرتن و پێداندا بۆ لایەنێكی گریبەست دێتە دی(٢٢).

كەواتە بەشخواردن لە هەندێ گرێبەستدا ناهاوسەنگەیەكە، یان ئەو جوداییە ناباوەیە كە لە سنووری ئاسایی دەردەچێ لە نێوان لایەنەكانی گرێبەستەكەدا و لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە ئایا بەشخواردن لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا دەبێتە هۆی ئەوەی كە دروستیی پەیماننامە لەكەدار بكا «گەندەڵ».

یاساناسان ئەمە بەدوور دەزانن و پێیان وایە كە ئەركی دەوڵەتە كە پێش پابەندبوون بەهەر ڕێككەوتننامەیەك دەبێ بیری لێ بكاتەوە و دیراسە بكرێ و بەحیكمەت و خوێندنەوەی دروست دەور بدرێتەوە.

---

(٢١) د. ابراهيم محمد العناني، المصدر السابق، ص١٣٤ ومابعدها.

(٢٢) بۆ زیاتر بڕوانە: د. عبدالمجيد الحكيم، المصدر السابق، ص٨٦ ومابعدها.

هەروەها ئەستەمە کە تیۆری بەشخوران لە یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێ، چونکە ئەستەمە کە دادگەیەك هەبێ وە بڕیاری بوونی ئەم بەشخورانە بدات هەروەها لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێسایەك نییە کە پلە و ڕێژەی بەشخورانی پێویست دیاری بکات کە بەهۆیەوە ڕێککەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە(٢٣).

د- لە ڕێ لابردنی نوێنەری دەوڵەت «افساد ممثل الدولة» بەرتیل - الرشوة: لە ڕێ لابردنی خواستی نوێنەری دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کە کاریگەری لەسەر خواستی دەوڵەت دادەنێ لە ڕێگەی ئەوەی کە نوێنەری دەوڵەت بۆچوونێك دەدا کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی تردایە.

هەروەکو لە مادەی ٥٠ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە کە ئەگەر گوزارشتی ڕەزامەندیی دەوڵەت بەپەیماننامەیەك لە دەرئەنجامی لە ڕێ لابردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نوێنەرانی دەوڵەتەکەیەوە هاتبێ، بەهۆی دەوڵەتێکی تر کە لە وتوێژەکەدایە، ئەوا ئەو دەوڵەتە بەهۆی ئەم لە ڕێ لابردنە دەتوانێ داوای پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەکە بکا.

هـ- تۆپزی کردن «الاکراه»: تۆپزیکردن دوو شێوەی هەیە، یان لە سەر کەسی نوێنەری دەوڵەتە «الأكراه الشخصي» خۆی بێ یان خێزانی، یان لەسەر دەوڵەتەکە خۆی بێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و یان هەڕەشەلێکردنی، بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

سەبارەت بەبەکارهێنانی تۆپزیکردن لەسەر نوێنەرانی دەوڵەت ئەوا یاساناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەیماننامەکە هێزی پابەندبوونی لە دەست دەدات دەبێتە هۆی پوچەڵبوونەوە و لە مادەی ٥١ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە کە ئەگەر ڕەزامەندیی دەوڵەت بۆ پابەندبوون بە پەیماننامەوە بەهۆی زۆرلێکردن یان هەڕەشەلێکردنەوە هات، ئەوا یاسایی

(٢٣) د. محمد المجذوب، المصدر السابق، ص٥٣٢.

نابێ، یاسای نێودەوڵەتیی کلاسیکی سەبارەت بەناچارکردنی دەوڵەت مادی بێ وەك جەنگ و دەرئەنجامەکانی یان مەعنەوی بێ وەك گوشاری سیاسی و ئابووری و.. هتد ئەوا پەیماننامەکە بەتاڵ ناکا هەر بۆیە ئەو پەیماننامانەی ئاشتیی کە لە دوای جەنگ دەبەسترێن، پەیماننامەی دروست سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی سەرکەوتوو خواستی خۆی بەسەر دەوڵەتی بەزیو دەسەپێنێ و زۆربەی یاساناسە نێودەوڵەتییە کلاسیکەکان دەڵێن ئەگەرچی جەختکردن لەسەر ئەوەی پەیماننامە دەرئەنجامی حاڵەتێکی وا لەگەڵ لۆژیك و پرەنسیپەکانی دادوەری ناکۆکە، بەڵام ڕەخنەلێگرتنی، کار لەسەر بوون و زەرووڕەتی ناکا، بەپێچەوانەوە نا ئارامی لە کاروباری نێودەوڵەتان دروست دەکا و لە ڕێز و بەهای پەیماننامە کەم دەکاتەوە و دەرفەت دەدا بەهەر دەوڵەت کە بەبیانووی زۆرلێکران لە پەیماننامە بێتە دەرەوە و، متمانەی نێوان دەوڵەتان دەدۆڕێنێ و ئەمەش کیانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە، ئەگەرچی باڵادەستی بۆ ئەم ئارامییە لەسەر حیسابی دادپەروەری کارێکە کە ڕەخنە هەڵدەگرێ لە ڕووی میسالییەوە، بەڵام مەسەلەیەکی مانا بەخشە لە ڕووی واقیعییەوە(٢٤).

سەرەڕای ئەوە زۆربەی یاساناسە کلاسیکییەکان بیانوو دەهێننەوە کە ئەگەرچی ئەمە لەگەڵ پرەنسیپە گشتییەکانی یاسا ناکۆکە، لەوانە ئۆبنهایم کە دەرئەنجامێکی لۆژیکی داننانە بەجەنگدا وەك ئامرازێکی ڕەوا لە ئامرازەکانی گۆڕانی یاسا، وە زۆربەیان دەڵێن کە دەبێ ڕێز لەو پەیماننامە بگیرێ کە بەهێز دەسەپێنرێت لەسەر دەوڵەتێك، ئەگەر نا جەنگ بەردەوام دەبێ و ناتوانرێ کۆتایی بۆ دابنرێ، سەرەڕای ئەوە کە قبووڵکردنی پەیماننامەیەکی بەم جۆرە ئارەزووکردنە بەدوورخستنەوەی مەسەلەیەکی خراپتر کە ئەویش بەردەوامیی جەنگە. بەڵام لە ڕاستیدا

(٢٤) د. محمد سامي عبدالمجيد وصاحبه، ص٧٣-٧٢.

ناکرێ پابەندی ڕێسایەکی لەم چەشنە بین کە بڵێ نابێ ناڕەزایی سەبارەت بەتۆپزیکردن هەبێ بۆ بەتاڵکردنەوەی پەیماننامە لەبەر ئەم هۆیانە[٢٥].

١- لە ڕووی یاساییەوە: ناکۆکبوونی ئەم ڕێسایە لەگەڵ پرەنسیپە گشتییەکانی تری سیستەمی یاسایی کە دەڵێ گوزارشتکردن لە خواست دەبێ سەربەست بێ، ئەگەر نا، خواست گەندەڵ و خەوشدار دەبێ و تەسلیمبوون بە مانایەکی پێچەوانە دەمانبات بۆ حاڵەتی سەرەتایی کۆمەڵی نێودەوڵەتی نەك پرەنسیپ و ڕێسا نوێیەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم، کە جەنگ حەرام کراوە پەنابردنەبەر هێز بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراو و هەروەها بوونی ئەو ڕێکخراوە نێودەڵەتیانە کە ئامانجیان جێگرتنی یاسایە لە پێوەندییە نێودەڵەتییەکاندا.

٢- ئەو ئارامییەی کە لەسەر چەسپاندنی بارێکی زاڵمانە دەستەبەر دەبێ ئەوا ئارامی و ئاسایش نییە، چونکە گەلان دەیانەوێ مافی خوراویان بگێڕنەوە بەبێ گوێدان بەکوشار و ماف زەوتکردن.

٣- زۆر لە دەوڵەتان بەتایبەتی دەوڵەتە بچووکەکان داوایان کردووە کە دان بەڕەوایی پەیماننامەیەکدا نانێن ئەگەر لە ژێر سێبەری داگیرکاریدا هاتبێتە پێش.

لە کۆتاییدا دەڵێین کە پەیماننامەیەکی دروست، ئەگەر بڵێین تۆپزیکردن پەیماننامە خەوشدار ناکات، هەروەك لە مادەی ٥٣ پەیماننامە ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩دا هاتووە کە «پەیماننامەی بەتاڵە ئەگەر بەستنی لە دەرئەنجامی هەڕەشەکردن یان بەکارهێنانی هێزەوە بەپێچەوانەی پرنسیپە گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی کە لە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

(٢٥) محمد حافظ غانم (مبادیء القانون الدولي العام)، ص ٣٨٤-٣٨٦.

هاتووه». ئێمەش بەڕای خۆمان جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەینەوە.

نابێ لە بیرمان بچێ کە لە هەموو بارێکدا دەوڵەت ناتوانێ بیانووی بەتۆپزیکردن، بۆ بەتاڵکردنەوەی پەیماننامە بەکار بێنێ مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێ و، بۆ خێر و خۆشیی مرۆڤایەتی و پێوەندییە نیودەوڵەتییەکانییەتی کە ئەو دەوڵەتانەی کە شکایەت دەکەن لە ناچارکردنیان بەواژووکردنی پەیماننامەیەك کە هەوڵ بدەن مەسەلەکە بگەیەننە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان لەگەڵ دەوڵەتانی لایەن لە ڕێککەوتنامەکە بگەنە هەموارکردنی پەیماننامەکە کە گونجاو و ڕەزامەندی بەخش بێ(٢٦).

٢- سەرپێچیکردنی پەیماننامە بۆ دەقێکی دەستووری یان یاسای ناوەخۆ

سەبارەت بەبەهای یاسایی پەیماننامەیەك کە پێچەوانەی ڕێسای دەستووری ناوەخۆی دەوڵەتێك بێ، سێ ڕێبازی شیکاریمان هەیە لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا(٢٧).

١- ڕێڕەوو ئاراستەی نێودەوڵەتی «**الأتحاد الدولي**»: ئەم ڕێبازە پێی وایە پێشێلکاریی پەیماننامە بۆ یاسای ناوەخۆ کار ناکاتە سەر دروستیی پەیماننامەکە لە ئاستی نێودەڵەتی، ئەمەش بەئامانج و ئارەزووی دەستەبەرکردنی ئارامی و ئەمان لە پێوەندییە یاساییە ڕێککەوتنەکاندا.

٢-ڕێڕەوی دەستووری « **الأتجاه الدستوري**»: ئەم ڕێبازە دەڵێ مادام کۆتی دەستووری مەرجێکە بۆ بەستنی پەیماننامە و بۆ دروستیی پەیماننامە لە ئاستی نێودەڵەتی، کەواتە هەر پەیماننامەیەك بەپێچەوانەی ئەمە ببەسترێ بەتاڵە، لانی کەم کەمەوە دەکرێ بەتاڵ بێ و دەڵێ دەبێ

(٢٦) د. محمد المجذوب، ص ٥٤٣.

(٢٧) د. محمد المجذوب، ص ١١٣ و دواتر.

لایـەنـەکـەی تـر لـە پـەیمـانـنـامـە سروشتـی و بـوونـی کـۆتـی دەسـتـووری پێوەندیدار بـەدەسـەڵاتی بـەستنی پـەیمـاننـامـە بزانـێ.

٣- ڕێبازی ناوەڕاست: کە دەبێ لە ڕەق و تەقیی ڕێڕەوی دەستووری و نەرمیی ڕێڕەوی دوەلی دوور بکەوێتەوە، کە دەیەوێ دەوری هەندێ کۆت و پێوەر بدا کە دەیانەوێ تەحەکوم و نییەتی خراپ دوور بکەنەوە، هەر بۆیە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە هەندێ پێوەر پێشنیار دەکەن وەك: پـێشێلـکردنـی دیـار و بـەرچـاو بـۆ دەقـی دەسـتـووری، ئـەوا لـەم بـارەدا بـەتـاڵە، ئەگەرنا دروستە سەرەڕای بوونی خەوش و نەنگی - خەوش.

هـەروەهـا مـادەی ٤٦ لـە ڕێککـەوتـنـامـەی ڤـیـەنـنـا دەیـەوێ چـارەیـەکـی ناوەندی دابنێ لە نێوان ئەم سێ ڕیبازەدا، کە دەیەوێ هاوسەنگی بکات لە نێوان ئاسایشی یاسایی پێوەندییە ڕێککەوتنەکان لە لایەك و ڕێزگرتن لە ڕێسای یـاسـای نـاوخـۆی تـایـبـەت بـەبـەستـنـی پـەیمـانـنـامـە لـەم ڕووەوە. ناوەڕۆکەکەی مادە ٤٦ لە بڕگە (١)دا دەڵێ ناکرێ هیچ دەوڵەتێك بڵێ کە ڕەزامەندیم بۆ پەیمانامەکە پێچەوانەی حوکمێکە لە یاسای ناوەخۆ کە پێویستە بەدەسەڵاتی بەستنی پەیماننامە وەك هۆیەك بۆ بەتاڵکردنەوەی، واتە بەڕەزامەندی نیشاندان پابەند دەبێ بەرامبەر لایەنەکانی تر. کە ئەم چارەی نزیکییە بۆ ڕێبازی یەکەم. بەڵام کۆتاییی هەمان بڕگە دەڵێ مەگەر سەرکێشییەکی ئاشکرا بێ بۆ ڕێسایەك کە گرینگییەکی پڕ بایەخی هەبێ بۆ ڕێسایەکی ناوەخۆ، هەروەها بڕگەی دوو دەڵێ سەرکێشی «لادان»ی ئاشکرا «الاخلال واضحا» ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بابەتی هەر دەوڵەتێك بەڕەفتاری ئاسایی و بەنیەت پاکی مامەڵە بکا، کە ئەمەش لە هەردوو ڕێبازی دووەم و سێیەم نزیکە. هەروەها بەگوێرەی مادەی ٤٧ ئەگەر کـۆتـێکـی تـایـبـەت لـەسەر دەسەڵاتـی نـوێنـەری دەوڵـەت هـەبـوو بـۆ گوزارشتکردن لە ڕەزامەندیی تایبەت بەپێوەستبوونی بەپەیماننامە، ئەوا بـەهـەنـد وەرگـرتـنـی ئـەم کـۆتـە لـە لایـەن نوێنـەرەوە و پشتگوێخستنـی،

پەیماننامەکە بەتاڵ ناکات، تەنیا ئەگەر دەوڵەتانی ئەندام تایبەت بەم کۆتـە ئـاگـەدار کـرابـنـەوە پـێش گـوزارشتـکـردن بـەرەزامـەنـدی لـەسەر پەیماننامەکە، لەم بارەشەوە هۆی بەتاڵبوونەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئاگەدار کردنەوەی دەوڵەتان لە لایەك و ناشیاوی لێهاتوویی نوێنەری دەوڵەت سەبارەت بەسنووردارىی دەسەڵات و تواناکانی لە لایەکی ترەوە.

٣- ناکۆکیی پەیماننامە لەگەڵ ڕێسایەکی بەرفەرمان لە ڕێسایەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ڕەوایەتیی ناوەڕۆك و هۆ:

مـەبـەست لـە ڕەوایـیـی نـاوەڕۆك و مـەبـەست لـەم بوارەدا واتـە نـەبوونی دژایـەتـیـیـە لـە نـێوان نـاوەڕۆکـی یـا مـەبـەستـی پـەیمـانـنـامـە ڕێسایـەکی بـەرفـەرمـان لە ڕێساکـانـی یـاسای نێودەڵەتی. دروستبوونی پـەیمـاننـامـە دەخـــوازێ کـــە بـــابـــەتـــەکـــەی ڕەوا و دروست بـــێ و واتـــە دەبـــێ مـــادەی ڕێککەوتنەکە، یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەی پێ بدا ، پرەنسیپەکانی ڕەوشت بیگرێتە خۆی و لەگەڵ پەیماننامە و پابەندبوونێکی پێشوەختە ناکۆك نەبێ. هـەروەك لـە مـادەی ٥٣ لـە ڕێکـکـەوتـنـنـامـەی ڤـیـەنـنـادا هـاتووە کە ئەو پەیماننامەیەی لەگەڵ ڕێسایەکی بەرفەرمان (قاعدة أمرة– jus cogens)دا لـە یـاسای نـێودەڵـەتـی نـاکۆکـە بـەتـاڵـە هـەروەهـا ڕێسای بـەرفـەرمـان هـەر ڕێسایەکە کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی قبووڵی دەکا و دانی پێدا دەنێ بەو پێیە کە ڕێسایەکە ناکرێ لەکەدار و پێشێلبکرێ یان هەموار بکرێ، تەنیا ئەگەر بەڕێسایەکی یاسای گشتیی نێودەڵەتی تر نەبێ کە هەمان خاسیەتی هەبێ.

بـەم شێوەیـە ڕێسای مـەشروعییـەتی بـابـەتی پـەیمـانـنـامـە، ڕێسایـەکی سەلماوە لە ڕێسایەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی[٢٨] مادەی ١٠٣ لە بـەڵێنـنـامـەی نـەتـەوە یـەکگرتـووەکـان دەڵێ ئـەگـەر ئیلـتیزامی ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگوێرەی بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ناکۆك

(٢٨) د. محمد حافظ غانم – مبادئ.. . ص ٣٨٢.

بوو لەگەڵ هەر ئیلتیزامێکی نێودەوڵەتیی تر ئەوا پابەندبوون بەبەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەهەند وەردەگرێ.

هەمان شێوە مادەی ٦٤ بەنیسبەت دەرکەوتنی ڕێسایەکی بەرکاری نویێ دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر هەرپەیماننامەیەك پێچەوانەی ئەم ڕێسایە بێ بەتاڵە و کاری پێ ناکرێ.

بۆ نموونە ئەگەر پەیماننامەیەك ناکۆك بوو[٢٩]:

١- ناکۆك بوو لەگەڵ ڕێسایەك لە ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی وەك ئەوەی کە پەیماننامەیەك بنووسێ لەسەر بەکارهێنانی ناڕەوای هێز، یان ڕێککەوتننامەیەك بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵ و... هتد

٢- ناکۆك بوو لەگەڵ ڕەوشت چاکی یان پرەنسیپە گشتییەکانی مرۆڤایەتی وەك ڕێککەوتنی دوو دەوڵەت لەسەر وەرگرتنی ڕێوشوێنی بەزۆری ناڕەوا دژ بەتاك و ڕەگەزێکی دیاریکراو یان تایفەیەکی دیاریکراو، بەمەبەستی زەلیلکردن و زاڵبوون بەسەریدا، یان ئەگەر دەوڵەتێك پەیماننامەیەك بەسەر دەوڵەتێکی فەرز بکا کە چەند مەرجێکی تێدا بێ کە دەستدرێژی و غەدرێکی بێ پەروای بۆ مافە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتێکی تر تێدا بن. وەك ڕێککەوتننامەی جەزایری ١٩٧٥/٣/٦ی نێوان سەدام حسێن و شای ئێران کە لەسەر حیسابی کورد ئەنجام درا.

٣- ئەگەر پەیماننامەیەك ناکۆك بوو لەگەڵ پەیمانێکی پێش وەخت کە لایەنێك پێیەوە پابەند بێ، ئەوا بەگوێرەی مادەی ٢٠ لە بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان و مادەی ١٠٣ لە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك لە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەبێ پابەندی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بن.

٢- شوێنەوار و کاریگەری پووچەڵبوونەوەی پەیماننامە:

---

(٢٩) د. علي صادق أبو هيف، ص٥٣٥-٥٣٦.

دەقەكانی هەر پەیماننامەیەكی بەتاك «پووچەڵ» نامولزەمن، بەڵام لەوانەیە پەیماننامەیەك ماوەیەك جێبەجێ ببێ بەهۆی دركنەكردن بەپووچەڵی بەهۆی لایەنەكانی، كەواتە ئایا كاریگەرییەكی دەبێ، لەم ڕووەوە دوو ڕێسای گرینگمان هەیە(٣٠).

لە لایەك هەر لایەنە بۆی هەیە داوا لە لایەنەكەی تر بكا كە بەگوێرەی بۆ لوان بگەڕێتەوە بۆ باری پێش كاركردنی پەیماننامەكە، هەروەك ئەوەی كە پەیماننامە جێبەجێ نەبوو بێ «فیكرەی گەڕانەوەی حاڵەت بۆ باری پێشووی كە هەیبووە». بێگومان ئەو كارانەی كە كراون بەنیەت پاكی پێش وروژاندنی پوچەڵی نارەوا نابن بەهۆی پووچەڵی پەیماننامە، هەروەها ئەو لایەنەی كە تووش بووە بەفرتوفێڵ و تۆپزی و بەرتیل، سوود لەو پووچەڵیە وەرناگرێ.

لە لایەكی تر هەروەك لە مادەی ٤٥ی ڕێككەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩دا هاتووە دەوڵەت مافی دەستگرتن بەهۆیەك لە هۆیەكانی پووچەڵبوونەوەی پەیماننامە یان كشانەوە یان كارپێنەكردنی لە دەست دەدا، لەو هۆیانە وەك دەستگرتن بەحوكمەكانی یاسایی ناوەخۆ یان بەو ناوەی كە نوێنەری دەوڵەت لە كۆتەكانی سەری سنووری بەزاندووە، یان بەهۆی بە هەڵەدا چوون یان فرتوفێڵ و بەرتیل یان بەهۆی پێشیلكردنی یان بوونی گۆڕانێكی بنەڕەتیی بارودۆخ، ئەمانەش بەگوێرەی مادەكانی «٤٦– ٥٠یان٦٠–٦٢». ئەگەر هاتوو بەئاشكرا پەیماننامەكەی قبووڵ كرد كە ڕاست و دروستە، ئەگەر بەهۆی ڕەفتاری وای نیشان دا كە دروستی پەیماننامەكە و بەردەوامبوونی و جێبەجێكردنی قبووڵ دەكا.

دووەم: كۆتاییهێنان بەپەیماننامە بەڕەزامەندیی لایەنەكان.

بێگومان هەر یەكێ كارێكی یاسایی بكا مافی كۆتاییهێنان بەوكارەی هەیە، بەڵام كۆتاییهێنان بەپەیماننامە دەبێ بەڕەزامەندیی لایەنەكان بێ.

(٣٠) د. محمد المجذوب، ص١٧٤–١٧٥.

لـەمـەشدا شکـلـێکـی تـایـبـەتـی نـیـیـە بـۆ ڕەزامـەنـدی لایـەنـەکـان لـەسەر کۆتاییهێنانی، دەکرێ پەیماننامەیەکی هاوشێوەی یەکەم کۆتایی بێت «تیۆریی کاری پێچەوانە، کە تیۆریەکە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دانی پێدانـانـی»، یـان کـۆتـایـیـهێـنـانـی شاراوە بـێ وەك پـەیـمـانـنـامـەی دواتر، ئاشکراییی لابردنی یەکەم باس ناکا، بەڵام دەقی وا دەگرێتە خۆی کە دژە لەگەڵیدا. هەروەها مادەی ٥٤ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەنناساڵی ١٩٦٩دا هاتووە کە بۆ کۆتاییهێنان بەپەیماننامەیەك یان کشانەوە لێی، بەگوێرەی حوکمەکانی و بەڕەزامەندیی لایەنەکان، دەبێ:

١- بەگوێرەی حوکمەکانی پەیماننامەکە بێ.

٢- یان لە هەر کاتێکدا دەبێ بەڕێککەوتنی لایەنەکان بێ دوای گفتوگۆ لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام.

سێیەم: جێبەجێبوونی پەیماننامە

ئەگەر لایەنەکانی پەیماننامە هەموو ئیلتیزامەکانیان جێبەجێ کرد، ئـەوا پـەیمانـنـامـە کـە جـێبـەجـێ بـووە، کـە ئـەمـەش هـۆیـەکـە سروشتی کۆتاییهێنانە بەپەیماننامە.

چوارەم: مەحاڵی جێبەجێنەبوونی پەیماننامە.

حاڵەتی وا دێتە پێشێ کە وا بکا جێبەجێبوونی پەیماننامە مەحاڵ بێ، ئەمەش بەهۆی لەناوچوون یان نەمانی کۆتاییی ئەو شتە دەبێ کە دەبێ جێبەجێ بکرێ، نموونە نقوومبوونی کەنداوێك یان وشکبوونی ڕووبار یـان تـێکشکـانـی پـرد یـان فـڕۆکـە یـان مـردنـی تـاوانـبـار پێش تـەسلیم کردنەوەی... هتد، هەروەك لە مادەی ٦١ بڕگەی یەکەمدا هاتووە. بەڵام بەهۆی سەرپێچیی بەرچاوی لایەنێك بۆ ئیلتیزام بەگوێرەی پەیماننامە بێتە پێش یان هەر ئیلتیزامێکی تر، ئەوا ئەو لایەنە بەرامبەر لایەنەکانی تر دەبێ پابەند بێ، هەروەك لە بڕگەی ٢ لەمادەی ١٦١ هاتووە.

پێنجەم: بەهۆی خواستی تاك لایەنە.

پەیماننامە لە دەرئەنجامی خواستی لایەنەکان دێتە ئاراوە، بۆیە بەگوێرەی ئەحکامی پەیماننامەکە یان لە ڕێگەی ڕێککەوتنی دواتر دەتوانن پەیماننامەکە کۆتایی پێ بێنن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە حوکمی تاك لایەنە چۆنە؟ ئەگەر لە پەیماننامەکەدا دەقێکی وا هەبوو ئەوا گرفتێك نییە، بەڵام کە دەقێکی وا نەبێ ئەوا کشانەوەی تاك لایەنە کارێکی نارەوایە و بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی لە ئەستۆی ئەو دەوڵەتەدایە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر کاتێ دەوڵەت ویستی لە پەیمانە بکشێتەوە، ئەمەش بڕوا و متمانە و ئاسایشی دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاژاوە لە ئاستی نێودەڵەتیدا(٣١).

لە مادەی ٥٦ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە کە ئەگەر لە پەیماننامەدا دەقێك نەهاتبێ، نابێ بەخواستی تاك لایەنە کۆتایی بەپەیماننامە بێ، تەنیا لە دوو حاڵەتدا نەبێ:

١- ئەگەر ئەوە سەلمێنرا کە لایەنەکانی نیازیان بووە کە بتوانن بەتاك لایەنە کۆتایی پێ بێنن.

٢- ئەگەر بتوانرێ لە سروشتی پەیماننامەکە ئەوە درك پێ بکەین نموونە پەیماننامەی هاوپەیمانیەتی.

وە لە هەردوو حاڵەتدا ئەو لایەنەی کە کۆتایی پی دێنێ یان دەکشێتەوە لە پەیماننامە دەبێ لایەنەکانی تر ئاگەداری بکاتەوە.

شەشەم: ڕوودانی گۆڕانی گرینگ و بنەڕەتی لە بارودۆخەکەدا

لە بنەڕەتدا دەوڵەت پابەند دەبێ بەپەیماننامەیەك، ئەگەر ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا هاتووەتە دی بەرجەستەی بکا و گونجاوە بۆ ئەو

---

(٣١) د. أحمد أبو الوفا، القانون الدولي والعلاقات الدولية، المصدر السابق، ص١٢٣-١٢٤.

بارەی کە بەردەوام جێبەجێ دەبێ، بەڵام کە مەبەستی پەیماننامەکە لە دەست چوو یان ئەو بارودۆخە گۆڕا کە گرێبەستەکەی هێناوەتە پێش و بەشێوەیەك گۆڕاوە کە بەردەوامی دەستپێگرتن بەم پەیماننامە زەحمەتە و زیان بە بەرژەوەندی لایەنێك دەگەیەنێ، لەم بارەشدا کە هەموو لایەنەکان هەستیان کرد بەپێویستی چاوپێداخشانەوەی یان هەموارکردن یان کۆتاییپێهێنانی بەو پەیماننامەیە، بەگوێرەی بارودۆخی هاتووە پێش، ئەوا گرفتێك نییە، بەڵام گرفت لەوەدایە ئەگەر لایەنێك ئەم هەستەی هەبوو ئەوانی تر نەیانبوو لەم بارە ئایا بەتەنیا دەتوانرێ لە هەموو یان بەشێکی ئیلتیزامەکە خۆی ئازاد بکا و چۆن؟ یاساناسان دەڵێن هەر پەیماننامەیەك کە ماوەی دیاری نەکرابێ و مەرجێکی ئاشکرای تێدا نەبێ کە لە کاتێکی دیاریکراودا مافی خۆ کشانەوەت پێ بدات، ئەوا مەرجێکی نا ئاشکرا لە خۆ دەگرێ کە پێویستە بەردەوام پابەند بین پێیەوە ئەگەر ئەو بارودۆخەی کە لە پێناویدا پێك هاتووە، وەك خۆی مایەوە(٣٢).

بەڵام دەگوترێ کە ئەم پاساوە نامەقبووڵە، چونکە لە لایەك فێڵ یان گریمانەیەکی واقیعی لە خۆ دەگرێ، لە لایەکی تر لایەنەکان پێشبینی هیچ گۆڕانێك لە بارودۆخدا ناکەن، خۆ کە ئەو پێشبینییە بکەن ئەوا بەو شێوەیەی کە دەیانەوێ دەتوانن چارەسەری بکەن، جگە لەوەی کە ئەم بۆچوونە دەرگە بۆ خوێندنەوەی تایبەتی و کەسی بۆ پەیماننامەکە دەکا و خراپ بەکاری دێنێ بۆ جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی. بۆیە ڕێبازی نوێ بەرەو ئەوەیە کە تیۆریی گۆڕانی بارودۆخ وەك ڕێسایەکی یاسایی بابەتی وایە کە بەهۆیەوە دەکرێ لایەنێکی پەیماننامە، لەبەر هۆی دادپەروەری و بەمەرجی دیاریکراو دەکرێ گۆڕانی باردۆخ وەك هۆیەك بۆ کۆتاییهێنان بەپەیماننامە کە لە قەلەم بدا و بیورووژێنێ(٣٣).

---

(٣٢) د. السيد مصطفى احمد ابو الخير، المصدر السابق، ص ٧٥ ومابعدها.
(٣٣) د. أحمد أبو الوفا الوسيط.... ص ١٨٠.

بۆیە دەکرێ گۆڕانی گرنگ لەو بارودۆخەدا کە پەیماننامەکە لە پێناو ئەنجام دراوە، ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بەپەیماننامە کە ئەمەش پێی دەوترێ مەرجی مانەوەی شت لەسەر باری خۆی، و گۆڕانکاری تێ دەکەوێ هەروەها لە هەندێ جار بارێکی نادادپەروەر دێنێتە پێش یان مەحاڵ دەبێ هەموو یان بەشێك لە ئیلتیزامەکە جێبەجێ بێ. بۆیە مەرجی گۆڕانی گرینگ لە بارودۆخدا هاوسەنگییەك بۆ ڕێزگرین لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی دێنێتە دی و ئەمەش دوو کێشە دروست دەکا(٣٤).

١– ئەم تیۆرە وەك پەردەیەك بۆ نییەت یان مەبەستێکی ناڕەوا بەکار بێ کە ببێتە هۆی سەرپێچی لە پرەنسیپی وەفاکردن بەپەیمان «گرێبەست شەرعییەتی هەردوو لایەنە یان پرەنسیپی پیرۆزی گرێبەست» هەروەها مەترسی دروست بکا، بۆیە وا باشە تاك لایەنە کۆتاییهێنان بەپەیماننامە نەورووژێنرێ ئەگەر لایەنەکان ڕێك نەکەوتن، بگرە دەکرێ شێوازی وەك تەحکیم – سەرپشکی– و ناوبژیوان و کاری پیاوچاکان یان پەنابردن بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و دادگەی دادی نێودەوڵەتی هەڵبژێردرێ.

٢– گۆڕانی بارودۆخ لەوانەیە هەندێك بۆشاییی یاسایی لە نێوان پێوەندیی لایەنەکاندا بێتێتە دی. کە پەیماننامەیەك سیستەمێکی یاسایی لە نێوانیاندا دروست بکا، بەڵام گۆڕانی بارودۆخ ئەو سیستەمە ناهێڵێ بەهۆی نەمانی پەیماننامە کە بەبێ ئەوەی نیزامێکی تر جێی بگرێتەوە کە لەگەڵ بارە نوێیەکە ڕابێ. بۆیە چارەسەری ئەمە ئەوەیە کە بەوتوویژ و دانوستان بەمەبەستی چاوپێداخشاندنەوە، ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، وە داڕشتنێکی نوێ بکەن بۆ دەقێك کە لەگەڵ بارودۆخی تازەدا ناگونجێ، وەك لە بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان، مادەی ١٩دا هەیە، بەڵام لە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەیەکی لەم چەشنە نییە.

(٣٤) د. أحمد أبو الوفا، الوسیط... ، ص١٨١ – ١٨٢.

ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩ لە مادەی ٦٢دا هاتووە کە گۆڕانی بارودۆخ هۆیەکە بۆ کۆتاییهێنان بەپەیماننامەیەك ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا بوو:

– ئەگەر گۆڕانەکە بەسەر شتێکدا هاتبێ و کە بۆ بەستنی پەیماننامەکە لە کاتی گرێبەستەکەدا هەبووبێ.

– دەبێ گۆڕانەکە گرینگ و بنەڕەتی بێ.

– دەبێ لایەنەکان چاوەڕوانییان نەکردبێ.

– دەبێ بوونی ئەو بارودۆخە بنەچەیەك بێ بۆ قبووڵکردنی لایەنەکان بەئیلتیزام بەپەیماننامەکە.

– ئەگەر گۆڕانەکە ڕیشەیی بێت و لە چوارچێوەی ئیلتیزامی لایەنەکاندا بەشێوەیەك کە جێبەجێکردنی ئەستەم و نادادوەر و گران بێ بۆ لایەنەکە.

بەڵام نابێ تیۆریی گۆڕانی گرینگ وەك هۆیەك بۆ کۆتاییهێنان یان کشانەوە لە پەیماننامەیەکدا لەم حاڵەتانەدا پشتی پێ ببەسترێ:

١– ئەگەر پەیماننامەکە بۆ سنوور بوو.

٢– یان گۆڕانە گرینگە کە لە بارودۆخەکەدا بەهۆی سەرپێچی لایەنەکە خۆیەوە بەپابەند بوون بەپەیماننامەکە یان هەر ئیلتیزامێکی تری نێودەوڵەتی بۆ هەر لایەنێکی پەیماننامەکە هاتبێتە دی.

حەوتەم: پچڕاندنی پێوەندیی دیبلۆماسی و قونسوڵی.

پێوەندیی دیبلۆماسی بەڕێککەوتنی دوو دەوڵەت دەبێ و، لە زۆر تاك بەتاك لایەنە کۆتاییی دێ کە لایەنی تر ئاگەدار دەکاتەوە، وە پچڕانی پێوەندیی دیبلۆماسی کارێکی ڕەوایە و دروستە لە هەر کاتێکدا بێت وە ئەو دەوڵەتە هیچ بەرپرسیاریەتییەکی لەسەر نییە، بەڵام کارێکی مەترسیدارە و دەوڵەت پەنای بۆ نابات مەگەر هۆی زۆر بەهێز و گرینگ هەبێ، وەك

ناكۆكی یان دەستدرێژیكردن بۆ سەری یان بۆ سەر بەرژەوەندییەكی، یان بەهۆی ناڕەزاییەكی توند لەسەر كارێك كە دەوڵەتی بەرامبەر، كردوویەتی و حاڵەتی گۆڕانی سیستەمی حوكم لە یەكێك لە دەوڵەتەكان بەهۆی شۆڕش و دەوڵەتەكەی تر ڕەت دەكا كە دان بەو حكوومەتەدا بنێ. بەڵام مەرج نییە پچڕانی پێوەندیی دیبلۆماسی پچڕانی پێوەندی قونسولی بەدوادا بێ و ئەمە نابێتە هۆی كۆتاییهێنان بەپەیماننامەی نێوانیان یان وەستان یان لە كارخستنی(٣٥).

هەر بۆیە بەگوێرەی مادەی ٧٤ و ٦٣ لە هەردوو ڕێككەوتنامەی ١٩٦٩ و ١٩٨٦، پرەنسیپی گشتی ئەوەیە كە پێوەندییە ڕێككەوتننامەیییەكان و پێوەندییە دیبلۆماسییەكان و قونسوڵییەكان لە ڕووی پرەنسیپەوە بەهیچ پێوەستییەكی یاسایی پابەند نابن. وە لە مادەی ٦٣دا هاتووە كە پچڕانی پێوەندیی دیبلۆماسی و قونسولی لە نێوان لایەنەكانی پەیماننامەیەك كاریگەری لەسەر ئەو پێوەندییە یاساییە نابێ كە پەیماننامەكە بنیاتی ناوە، مەگەر ئەو پێوەندییە دیبلۆماسی و قونسوڵییە پێویستییەك بێ بۆ جێبەجێكردنی پەیماننامەكە.

هەروەها ماددەی ٧٤یش كە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە پچڕان و نەبوونی پێوەندیی دیبلۆماسی و قونسولی لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتردا، نابێتە هۆی نەبەستنی پەیماننامە لە نێوانیاندا و بەستنی پەیماننامەش خۆی لە خۆیدا كاریگەری نابێ لەسەر باری تایبەتی پێوەندی و دیبلۆماسی و قونسولی نێوانیان.

لە خوێندنەوەی ئەم دەقەوە ڕێسایەك و ڕیزپەڕێك - جیاییەك - «استناء» دەبینین كە بریتییە لە:

١- وەك ڕێسایەكی گشتیی پچڕانی پێوەندیی دیبلۆماسی و قونسوڵی هیچ

(٣٥) د. محمد سامي عبدالحميد القانون الدبلوماسي، من كتاب القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٣٠٧-٣٠٨.

کاریگەریی لەسەر مانەوەی ئیلتیزامکردنی لایەنەکان بەجێبەجێکردنی پەیماننامەکە نابێ و ئەمەش سێ هۆکاری هەیە:

أ- ئەم دەقە گوزارشتە لە چەمکی وەفاکردن بەپەیماننامە «الوفاء بالمعاهدات»، کە پێویستە خاسییەتی ئیلتیزامی پەیماننامە ڕووبەڕووی هەر لە رینێك ببێتەوە کە لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا دێتە دی.

ب- ئارەزووکردنی لە بەرقەرارکردنی ئارامی و ئەمان لە پێوەندییە یاساییە نێودەوڵەتییەکان، کە قونسوڵییەکان بەهۆی پابەندبوونی پەیمانەکەوە دێتە دی و پچڕانی پەیوەندییە دیبلۆماسی کاریگەرییان نابێ.

ج- ئەگەر پچڕانی پێوەندییە دیبلۆماسی و قونسوڵی ببێتە هۆی وەستانی پێوەندییە دیبلۆماسییە ئاساییەکانی نێوان دەوڵەتان و دیارنەمانی هۆیەك کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت پەنا بۆ دەوڵەتی تر یان تەنانەت ئامرازی ڕاستەوخۆش دەبا کە بۆ ناردنی هەموو نامە و پێوەندییەکان پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە.

٢- ڕیزپەڕەکەش ئەوەیە کە بەشێوەیەك پچڕانی پێوەندییەکانی دیبلۆماسی و قونسوڵی کاریگەری لە سەر پەیماننامەیەك بەجێ بێڵێت، ئەگەر هاتوو بەهۆی بوونی ئەو پێوەندییە پەیماننامەکە جێبەجێ بێ. لە ڕاستیدا بوونی ئەم حاڵەتە وەك ڕێساکە گرینگە.

لە گرینگترین ئەو پەیماننامانەی کە کاریگەرییان نابێ بە پچڕانی پێوەندیی دیبلۆماسی، قونسوڵی، پەیماننامەکانی تایبەت بەسنوور و پەیماننامەگەلی فرەلایەنەن(٣٦).

هەشتەم: کۆتاییهێنان بەپەیماننامە بەهۆی پێشیلکردنیەوە (انهاء

(٣٦) د. سهیل حسین الفتلاوی وصاحبه، المصدر السابق، ص١٣٥.

المعاهدة خرقها» ئەگەر لە ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵیدا ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێ نەکرد ئەوا لایەنەکەی تر بۆی هەیە کۆتایی بەپەیماننامەکە بهێنێت کارکردن بەبەشێکی یان هەمووی ڕابگرێ. بەڵام لە ڕێککەوتننامەیەکی فرەلایەندا ئەگەر لایەنێك پەیماننامەکەی پێشێلکرد، ئەوا لایەنەکانی تر بۆیان هەیە یان بەردەوام بن یان کۆتاییی پێ بێنن «هەڵی وەشێننەوە» جا هەموو یان بەشێکی بەرامبەر ئەو لایەنەی کە پێشیلی کردووە، بەو پێیەی کە بارودۆخەکە دەیخوازێ. هەروەك لە مادەی ٦٠ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە.

نۆیەم: جەنگ

جەنگ پچڕانی تەواوەتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە و حاڵەتی جەنگ بێگومان گونجاو نییە بۆ مەبەستی پەیماننامە و جەنگ هۆیەکە بۆ کۆتاییهێنانی بەڵام وەك شۆڕش وایە بۆ دەستووری ناوەخۆ، هۆیەکی ناسروشتییە، بگرە هۆیەکە لە دەرەوەی یاسا دانراو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حاڵەتی نائاساییمان هەیە سەبارەت بەجەنگ و کاریگەریی لە سەر پەیماننامە(٣٧).

گرفتی واقیعی بەنیسبەت جەنگەوە لەوەدایە کە لە لایەك لە وانەیە دەوڵەت جەنگ هەڵبگیرسێنێ لە سەر لایەنی تر وەك هۆیەك بۆ خۆ ڕزگارکردن لە پەیماننامەیەك کە لە بەرژەوەندیدا نییە و نایەوێ، لە لایەکی تر جەنگ لەگەڵ بەردەوامی پێوەندیی دۆستانە ناکۆکە کە لە نێوان دەوڵەتاندا پێویستە هەبێ، کە ئەمەش پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەپلەی یەکەم دەیرەخسێنن، بێگومان حاڵەتی یەکەم وامان لێ دەکا کە بڵێین بەیاننامەکە بمێنێ «بەپێچەوانەی مەبەستی دەوڵەت»، بەڵام وەرگرتن بەچارەی دووەم بێگومان بۆچوونی ترمان پێ دەدا(٣٨).

---

(٣٧) شارل روسو، المصدر السابق، ص٧٥.

(٣٨) د. احمد ابو الوفاء، الوسيط... ، ص ١٨٧.

بۆ ئاسانکردنی باسەکە، لەم ڕووەوە دەبێ لەسەر ئەو ڕایە بڕۆین کە پەیماننامە، بەگوێرەی کاریگەریی جەنگ لەسەریان، بەپێی بابەتەکانی دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێك، هەندێکیان کاریگەریی جەنگ لە سەریان بەپێی بابەتەکانی دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێك، هەندێکیان کاریگەر نابن بەجەنگ و هەندێکیان جەنگ کاریگەری دەوەستێنێ و هەندێکیان کۆتایی بەجەنگ دێنن(٣٩).

١- سەبارەت بەپەیماننامەی دووقۆڵی، ئەوا بەهەڵگیرسانی شەڕ کۆتایی پێ دێ یان دەوەستێ، ئەگەر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بە سترا بێ لە کاتی ئاشتیدا لە نێوان دوو دەوڵەتە بە شەڕهاتووەکە، وەك پەیماننامەیەکی تایبەت بەبازرگانی و پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی یان ئەوانەی سیمایەکی سیاسییان هەیە یان پەیماننامەی هاریکاری، ئەگەر نییەتی دوو لایەنەکە و خواستیان مەبەستێکی پێچەوانەی نەبێ. بەڵام کە بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی لە کاتی جەنگدا ڕێك خرابێ ئەوا بەبەرپابوونی جەنگ کۆتاییی پێ نایەت، وەك پەیماننامەی تایبەت بەمامەڵەکردنی لەگەڵ دیل و بریندار و پاراستنی خەڵکی سیڤیل و... هتد.

هەروەها بەرپابوونی جەنگ کار ناکاتە سەر ئەو پێگە بابەتییەی کە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی یان دووقۆڵی دروستی کردووە، وەك دیاریکردنی سنوور، وازهێنان لە هەرێمێك یان ئەو پەیماننامانەی کە بۆ مافی یاوەری «هاوشانیەتی-حقوق الارتفاق»ن، بەمەرجێك ئەو پەیماننامانە هەموو ئەرکان و مەرجەکانیان دروست بن و لە ژێر کاریگەریی بەتۆپزی و پێچەوانەی ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی نەبەسترا بن.

---

(٣٩) د. محمد طلعت الغنیمی، قانون السلام، ص٤٧٩ وما بعدها، ود.محمد سامی عبدالحمید ود.مصطفی سلامه حسین ص٩٩ وما بعدها.

٢- بەنسبەت پەیماننامەی چەند لایەنە، ئەوا جێبەجێکردنی دەوەستێ بەنیسبەت ئەو دەوڵەتانەی لە جەنگدان ئەگەر پێوەندیی بەرێکخستنی پێوەندیی لایەنەکانەوە نەبێ لە کاتی جەنگدا «بێگومان جەنگ کاریگەریی نابێ لە سەر پەیماننامەکە بەنیسبەت ئەو دەوڵەتانەی کە لە جەنگدا نین یان پێوەندیی ئەمان لەگەڵ هەریەکە لە دەوڵەتە بەشەرهاتووەکان»، بەڵام ئەو پەیماننامانەی کە پێوەندیی لایەنەکان رێك دەخەن، لە کاتی جەنگداو، وەك رێککەوتننامەکانی یاسای مرۆییی نێودەوڵەتی و رێککەوتننامەکانی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩، ئەوا دەمێننەوە و لە جێبەجێکردنی بەردەوامدا دەبن، چونکە لە بنەرەتدا بۆ یەکخستنی ئەم بارە هاتووەتە ئاراوە.

دەیەم: هاتنە ئارای رێسایەکی بەرفەرمان نوێ، لە رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی وەك پێشتر باسمان کرد کە رێسای بەرفەرمان ئەو رێسایەیە کە ناکرێ، بەپێچەوانەی ئەو رێککەوتن بکرێ ئەگەر بەرەزامەندی کۆمەڵی نێودەوڵەتی نەبێ بەگشتی. بۆیە لە مادەی ٦٤ی رێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە، هەروەك کە ئەگەر رێسایەکی بەرکاری نوێ لە رێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دەرکەوت، ئەوا هەر پەیماننامەیەك کە دژی ئەم رێسایە بێ پووچەڵ دەبێتەوە و بەکارپێکردنی کۆتایی دێ.

ب- لەکاروەستان «وقف»ی جێبەجێکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی.

گرینگترین هۆیەکانی وەستانی پەیماننامەیەك لە جێبەجێکردندا هەمان ئەو هۆیانە دەگرێتەوە کە بۆ نەهێشتن و بەسەرچوونی پەیماننامە پێشتر باس کران، بۆیە دەکرێ پەیماننامە لەم حاڵەتانەدا لە کارکردن بوەستێ(٤٠).

١- بەرەزامەندیی لایەنەکانیی یان بەگوێرەی دەقێك لە پەیماننامەکەدا.

---

(٤٠) شارل روسو، ص٧٢ ومابعدها ود. غازي حسن صباريني، ص٦٧ ومابعدها، ود.أحمد أبو الوفا، ص ١٨٩ ومابعدها.

٢- بەبەستنی پەیماننامەیەکی دواتر.

٣- بەهۆی پێشێلکردنی پەیماننامە.

٤- بەهۆی گۆڕانێکی گرینگ لە بارودۆخ.

٥- بەهۆی مەحاڵبوونی جێبەجێکردن.

٦- بەهۆی پچڕانی پێوەندیی دیبلۆماسی و قونسوڵی.

٧- بەهۆی جەنگ.

ج- جێکەوتەکانی کۆتاییهاتنی پەیماننامە یان وەستنی کارپێکردنی لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩ و ١٩٨٨ هەروەها لە مادەی ٧٠دا هاتووە کە:

١- لایەنەکان ئازاد دەبن و دەبورێن لە پابەندبوونی بەردەوام بەجێبەجێکردنی پەیماننامەکە.

٢- هیچ ماف یان پابەندبوون یان بارێکی یاسایی زیانی پێ ناگات بەهۆی جێبەجێکردنی پەیماننامە پێش نەمانی پەیماننامە.

هەروەها وەستانی پەیماننامە ئەم کاریگەریانەی دەبێ:

١- لایەنەکان دەبورێنن لە پابەندبوون بەجێبەجێکردنی لەو ماوەیەدا.

٢- هیچ کاریگەریی نابی لەسەر پێوەندیی یاسایی ئاسایی نێوان لایەنەکان بەگوێرەی پەیماننامە.

٣- لایەنەکان نابێ هیچ کارێك لە کاتی وەستانی پەیماننامەکە لەجێبەجێکردن، کە ببێتە هۆی گرفت بۆ دەستپێکردنەوەی کارکردن بەپەیماننامەکە.

د- ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێوستە بگیرێنەبەر بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییەی کە لە کاتی کۆتاییهاتن یان وەستانی پەیماننامەیەکی نێودەڵەتیدا دێتە ئاراوە.

بێگومان واژووکردنی پەیماننامە و بەستن، ڕێڕۆکردنی هەنگاوی سەرەتایین لە ژیانی پەیماننامەدا، دوای ئەوەی گرفتەکانی تایبەت بەتەفسیرکردنی و جێبەجێکردن دێننە پێشەوە و ئەگەر لایەنەکان لەسەر ئەمە ڕێك نەکەون ئەوا مافی هیچ یەکێکیان نییە کە سوور بێت لەسەر ڕاست و دروستیی خۆی لە تەفسیرکردن و جێبەجێکردنی، لێرەوە گرینگە کە دەقێك هەبێ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کەلە پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا دێنە ئاراوە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ١٩٦٩ و ١٩٨٦ بەدوو قۆناغ چارەی بۆ ئەو ناکۆکییانە داناوە کە لە ئەنجامی پووچەڵبوونەوە یان کۆتاییهاتن یان وەستان و لەکارخستنی جێبەجێکردنی پەیماننامە دێتە ئاراوە.

١- بەگوێرەی مادەی ٦٥ ئەو لایەنەی کە باس لە پووچەڵی یان کۆتاییهاتن یان وەستانی پەیماننامەکە دەکا، دەبێ لایەنەکەی تر ئاگەدار بکات وە هۆیەکانی گرتنەبەری ئەو هەڵوێستەی دیاری بکا و ماوەیەك ڕێزی لێ بگرێ «سێ مانگ»، هەروەها پەنا بباتە بەر ئامرازی چارەسەری ئاشتییانە کە لە مادە ٣٣ بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، وەك «ناوبژیوانی و کاری پیاوچاکان و... هتد».

٢- لە مادەی ٦٦ تەواوکەری گەرەنتیی ئەمانەدا هاتووە کە ناکۆکییەکانی تایبەت بەڕێسای بەرفەرمان، بداتە دادگەی دادی نێودەوڵەتی، ئەگەر لایەنەکان ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی ناوبژیوان هەبێ، بەڵام بەنسبەت هۆیەکانی تر، ئەوا دەکرێ چارەسەر بکرێ بەناردنی داواکاری بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کەواتە مادەی ٦٦ دوو چارەسەری داناوە:

١- چارەیەکی یاسایی کە دەیەوێ بگاتە چارەسەرێکی کۆتایی و بابەتی، بۆ ناکۆکیی تایبەت بەڕێسای بەرفەرمان و، بەبڕیاری دادگەی دادی

نێودەوڵەتی یان دادگەی تەحکیم «ناوبژیوانی».

٢- چارەیەکی سیاسی سەبارەت بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی تەوفیقی «گونجاندن» بۆ هۆیەکانی تری کۆتایی هێنان یان وەستانی جێبەجیکردنی پەیماننامە، بەبێ گەیشتن بەچارەیەکی کۆتایی، چونکە لێژنەی تەوفیق ڕاپۆرت پێشکێش دەکا کە لایەنەکان ئیلتیزام ناکات ئەگەر چی چارەسەری دۆستانە پێشکێش دەکا.

هـ- پووچەڵبوون یان کشانەوە یان وەستانی بەشێك لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی.

مادە ٤٤ لە ڕێککەوتننامەکانی ١٩٦٩ و ١٩٨٦دا نووسیویەتی کە داوای پووچەڵکردنی یان وەستان یان کشانەوە لە پەیماننامە وەك ڕێسا بۆ هەموو پەیماننامەیەك دەبێ ئەگەر دەقێکی پێچەوانە نەبێ یان لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێك نەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی ئەم مادەیە دەکرێ دەقەکانی پەیماننامەیەك لە یەك جیابکرێنەوە، واتە هەڵوەشاندنەوە یا کشانەوە یان لە کار وەستانی پەیماننامەیەك چەند دەقێك بگرێتەوە بەمەرجێك:

١- بتوانرێ دەقەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە، لە بواری جێبەجێکردندا لە کۆی پەیماننامەکە.

٢- ئەگەر لە ڕێگەی پەیماننامەکەی خۆیەوە یان بەهەر ڕێگەیەکی تر ئەوە سەلمێنرا کە قبووڵکردنی ئەو بەندانە «دەق»، بۆ ڕەزامەندی لایەن یان لایەنەکانی تر بنەمای پابەندبوون نەبووە بەپەیماننامەکە.

٣- پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگیرێ کە جێبەجێکردنی ئەوەی کە ماوە لە پەیماننامەکەدا نادادپەروەری نەهێنێتە ئاراوە.

٤- ئەو خاڵانەی سەرەوە بەسەر ئەو بارانە جێبەجێ نابن کە تۆپزییان کردووە بەرامبەر بەنوێنەری دەوڵەت یان ڕێکخراوێك، یان دەوڵەت

خۆی «ڕێکخراو»، یان تایبەت بەپەیماننامەیەك کە پێچەوانەی ڕێسایەکی بەرکار بێ لە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی.

و- لە دەستدان، نەمانی مافی داواکردن بۆ پووچەڵکردن یان کۆتاییهێنان یان ڕاوەستان یان کشانەوە لە پەیماننامە.

بەگوێرەی مادەی ٤٥، لە دوو حاڵەتدا ناتوانێ دەست بگری بەهۆکانی پووچەڵکردن یان کشانەوە یان لە کار وەستانی پەیماننامەیەك کە ئەوانیش بریتین لە:

١- ئەگەر بەڕاشکاوانە ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە پەیماننامەکە دروست یان دەبێ بەردەوام بێ لە بەدیهێنانی.

٢- یان کە بەشاراوەیی ئەوەی نیشاندا و لە ڕەفتاری دەرکەوت کە ڕازی بووە یان وازی هێناوە لە مافی خۆی.

**٦- جێبەجێکردنی پەیماننامە**

ڕێسایەکی گشتیی چەسپاو ئەوەیە کە لایەنەکانی گرێبەست دەبێ پابەند بن بەڕێزگرتن و جێبەجێکردنی ئەو ئیلتیزاماتانەی کە لەو پەیماننامەی بەستوویانە دێتە ئاراوە و ئەمەش لە یاسا و کاری نێودەوڵەتی و مادەی ٢٦ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا **١٩٦٩دا** هاتووە کە دەبێ بەنییەت پاکییەوە پەیماننامە جێبەجێ بێ و ئەمەش سێ لایەن دەگرێتەوە. کە یەکەمیان، بنەمای یاسایی هێزی پابەندبوونە بەپەیماننامە، دووەمیان، پێوەندیی بەکاریگەریی هێزی پابەندبوونەوە هەیە بەرامبەر بەلایەنەکان و سێیەمیان، ئەو گەرەنتییانەیە کە کەفالەتی جێبەجێکردنی پەیماننامە دەکەن.

یەکەم: بنەمای یاساییی هێزی ئیلزامی بۆ پەیماننامە

خاسیەتی ئیلزامی بۆ پەیماننامەکان، دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕێسای عورفی کە پابەندبوون لە ئەستۆی لایەنەکاندا دیاری دەکا، چونکە

ئـامـانجی ئـەم ڕێسایـە دەستـەبـەرکردنی ڕێزگرتنی پـەیمانـنـامـەیـە، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕێسا گرینگەکانی یاسای نێودەوڵەتیی هـاوچەرخ کە جـەخت دەکـاتـەوە لـەسەر جێبـەجێکردنی ڕاستگۆیـانـە بـۆ بـەجێهێنـان و پابەندبوون بەپابەندبوونەکانی پەیماننامە و سەرچاوەکانی تری یاسای نـێودەڵـەتـی وەك مـادەی دووەم بـڕگـەی دوو لـە بـەڵـێنـنـامـەی نـەتـەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر دەکا.

لەم ناوەدا هەندێك وا دەبینن کە پرەنسیپی هێزی ئیلزامی پەیماننامە، لەسەر بنەمای ترس لە دەرئەنجامەکانی و دەرچوون لە پەیماننامەکە وەستـاوە، بـەتـایـبـەت مـەتـرسی بـەشوێنـکـەوتـن «الملاحـقـة»، وە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی و ئەو قەرەبووکردنەوەی کە بەهۆیەوە دێتە ئـاراوە. هـەنـدێکی تر وا دەبینن کـە ڕێزگرتنی پـەیمانـنـامـە پێویستـە بـۆ دەستەبەرکردنی چاکە و خێری گشتیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئارامی و ئەمانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەهێزکردن و پشتگیریی هەموو لایەنەکانی هاریکاریکردنی نێودەوڵەتی «التعاون الدولي». کە ئەمەش یەکێکە لە پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێسای عورفی نێودەوڵەتی.

بەگشتی بنەمای هێزی ئیلزامیی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە چەند ڕێسا و پرەنسیپێکدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە(٤١).

١- ڕێسای پیرۆزیی ڕێککەوتننامەکانی نێوان دەوڵەتان «قاعدة قدسية الاتفاقات بين الدول»، واتە دەبێ ڕێز لە ئەحکامەکانی پەیماننامە بگیرێ و جێبەجێ بکرێ و پێیەوە پابەند بن تا بەیەکێك لە ڕێبازەکانی نەمانی پەیماننامە کۆتاییی پێ دێ.

٢- گرێبـەست یـاسایـە بـۆ لایـەنـەکـانـی ڕێکـکـەوتـنـەکـە «العقد شريعة

(٤١) د. حامد سلطان، ص ١٨٠، د. علي صادق ابو هيف، القانون الدولي العام، ص٥٥٦ ومابعدها.

المتعاقدين – الأتفاق قانون المتعاقدين – مبدا الوفاء بالعهد – المتعاقد عند تعاقدة – المتعاهد عبد تعاقدة– pacta sunt servanda»
وەك ئەوەی کە لە یاسای شارستانیدا هەیە کە هێزی پاپەند بوونی گرێبەستە «القوة الملزمة للعقد». کە نابی بەخواستی تاك لایەنە هەڵبووەشێنرێتەوە، کە وەك ڕێسایەکی بنەڕەتییە لە هەموو سیستەمە یاساییەکاندا کە تێیدا ڕێزگرتن لە پەیماننامەش لە یاسای نێودەوڵەتیدا لە سەرووی خواستی دەوڵەتانی گرێبەستەکەیە. هەر بۆیە هیچ سیستەمێکی یاسایی بەبێ ئەم سیستەمە نییە و لە ڕووی پراکتیکیشەوە گومانێك لەم پرەنسیپە نییە و دروستیشی لە لایەن دادگەی نێودەوڵەتی و نیشتمانی سەلمێنراوە، هەر بۆیە بۆ دەوڵەت نییە بەبیانووی قورسی پەیماننامەکە یان بەتۆپزی سەپاو لە ژێر کاریگەری بارێکی تایبەت پاشەکشە بکا لە جێبەجێکردنی، چونکە دەوڵەت دەبێتە کۆیلەی گرێبەستنەکەی بۆ ئەوەی ئاژاوە و ململانێ و جەنگ دروست نەبێ.

٣– پرەنسیپی ڕەزامەندیی بەستراو پابەندی «مبدا الرضا مقید او ملزم» بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە ڕەزامەندی یان ڕێککەوتن ئیلتیزامی نێودەوڵەتی دروست دەکا و ڕەزامەندی بنەمای ئیلتیزام و پابەندبوونی نێودەوڵەتییە.

٤– پرەنسیپی نییەت پاکی «مبدأ حسن النية bons fieds».

پرنسیپێکی چەسپاوە لە یاسای ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، واتە دەبێ بەدڵسۆزی جێبەجێ ببێ.

دووەم: جێکەوت و کاریگەریی هێزی ئیلزامیی پەیماننامەکان

لەم باسەدا کاریگەریی پەیماننامە لەسەر ئاستی لایەنەکانی پەیماننامەکە و کەسانی تر پرەنسیپی ڕێژەییی پەیماننامەکان باس دەکەین.

أ- بەنیسبەت لایەنەکانی پەیماننامەکە

هەروەك باس کرا لە ڕووی سروشتی یاسایییەوە ئیلتزامییەتی هەیە و لە ماددەی ٢٦ی ڕێککەوتنامەی ڤیەننادا هاتووە، و لە ڕووی پرەنسیپی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی پەیماننامە دەبێ لایەنەکان بەنییەت پاکی جێبەجێیان بکەن وەك لە مادەی ٢٦ و برگەی دووەم لە مادەی دووی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و، لە ڕووی مەودای جێبەجیکردنی ئەحکامەکانی نابێ هیچ لایەنێك بەبیانووی دەستگرتن بەیاسای ناوەخۆ پەیماننامە جێبەجێ نەکا، وەك لە مادەی ٢٧ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە و دادگەی دادی نێودەوڵەتی دووپاتی کردووەتەوە. وە لە ڕووی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پەیماننامە لە ناوەخۆی دەوڵەتدا، چەند ڕێبازێکیان هەیە لەوانە(٤٢).

١- تیۆریی دووانەیی یاسا کە دەڵێ دەبێ دوای پەیماننامەکە، یاسایەکی ناوخۆ دەربچێ، حوکمەکانی پەیماننامە بگرێتە خۆی بۆ ئەوەی لە ناوەخۆی وڵاتدا جێبەجێ ببێ.

٢- ڕێبازی یەکانە یاسا: کە دەڵێ پێویست نییە یاسا دەربچێ، چونکە تەنیا بەبەستنی پەیماننامە دەبێتە یاسایەکی ناوەخۆ و دەبێ جێبەجێ ببێ، چونکە سەروەریەتیی زیاتر لە دەوڵەتێك بڕیاری لەسەر داوە.

٣- بۆچوونی زانا برتان، وەك ڕێبازێکی میانڕەوی ناوەند لە نێوان دوو ڕێبازەکەی پێشوو، دەڵێ پەیماننامە جێبەجێ نابێ لە ناوەخۆی دەوڵەتدا ئەگەر پەسەند نەکرێ، کە لە لایەن پەرلەمانی ئەو وەك یاسای ناوەخۆی لێ دێ.

بۆیە ئەم هۆیانەی خوارەوە ناکرێ بورووژێنرێن بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ پەیماننامە هاوڕێك نین(٤٣).

---

(٤٢) د. حامد سلطان، ص ١٨٠ و دواتر، و د.أ براهيم محمد العناني، ص١٠٤.

(٤٣) د. احمد أبو الوفا الوسيط...، ص ١٤٧.

- گۆڕانی سیستەمی دەوڵەت یان سەرۆکایەتی یان حکوومەت و ئەگەر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لایەنێك بوو لە پەیماننامەکە، ئەوا گۆڕان لە پێکهاتەیدا بەکشانەوە یان دەرکردن یان وەپاڵدان، یان گۆڕان لە سەرۆك و دەزگاکانیدا. هەموو ئەوانە بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە پرەنسیپی بەردەوامی دەوڵەت یان ڕێکخراوە کە دەبێ هەبێ.
- خستنە ڕوو و دۆزینەوەی ئەوەی کە پەیماننامەکە هاوڕێك نییە لەگەڵ دەستوور یان ڕێسای یاسایی لە ناو دەوڵەتدا، مەگەر جیاوازییەکە زۆر ڕوون بێ و ئەمەش پابەندییە بەپرەنسیپی بالادەستیی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوەخۆ.
- بەرچاوکەوتنی ئەوەی کە لایەنێك دەڵێ پەیماننامەکە ناکۆکە لەگەڵ پەیماننامەیەکی تر کە لەگەڵ کەسی تر بەستوویەتی، ئەمەش بەپابەندبوونی بەپرەنسیپی ڕێژەییی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها بەنسبەت چوارچێوەی هەموو دەوڵەت و سنووری هەرێمی ئەوا بەسەر هەموو هەرێمەکەدا جێبەجێ دەبێ، مەگەر نییەتی پێچەوانە لە ناو پەیماننامەکە هەبێ، یان بەشێوازی تر بسەلمێنرێ. و لە ڕووی زەمنییەوە کە تایبەتە بەئەوەی کە کەی جێبەجێ دەبێ و ماوەی چەندە و، جێبەجێبوونی بەشێوەیەکی کاتی، وەنەگەڕانەوەی ئەحکامەکانی بۆ دواوە «تەنیا لە کارێکدا کە نییەتیان وا بێ، مادەی ٢٨ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا».

ب- کاریگەریی پەیماننامە بەنیسبەت کەسی تر «پرەنسیپی ڕێژەیی» پەیماننامەکان

ناوەڕۆکی ئەم پرەنسیپە ئەوەیە کە پەیماننامەی نێودەوڵەتی لە ڕووی پرنسیپەوە تەنیا ماف و ئەرك لە نێوان لایەنەکانیدا بەرجەستە دەکا، کە ئەمەش پرەنسیپێکی بنەڕەتییە لە یاسای پەیماننامەکان، وە پەیماننامە

وەك ڕێسایەکی بنەڕەتی بۆ سەر هەمووان بەڵگە نییە «ليس لها حجية تجاه الكافة»، کە ئەمەش بۆ سێ بنەمای سەرەکی دەگەڕێتەوە کە ئەویش پرنسیپی باڵادەستیی خواستە «مبدأ سلطان الأرادة» واتە کە بەخواستی خۆت نەبێ پابەند نابێ، هەروەها پرنسیپی ڕەزامەندی «مبدأ التراضی» واتە تەنیا ئەوانەی گرێبەستیان کردووە، پابەند نابی و، پرەنسیپی یەکسانی لە سەرەوەریەتیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حاڵەتی ڕیزپەڕ هەن کە لەوانەیە کاریگەری دابنێن بۆ بەرژەوەندی یان دژی بەرژەوەندی کەسی تر(٤٤).

١- مەرجدانان بۆ بەرژەوەندی کەسێکی تر «الأشتراط لمصلحة الغير»

هەروەك لە یاسای ناوەخۆدا هەیە و، لە بواری دووەمیشدا ئەگەر نییەتی لایەنەکان وا بووکە ماف بدەنە کەسێکی تر و ئەمیش قبووڵی کرد ئەوا هیچ ڕێگرێك نییە، وەك لە مادەی ٣٦دا هاتووە، بەڵام بەگوێرەی مادەی ٣٦ لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا نابێ لایەنەکان ئەو مافە هەڵبووەشێننەوە یان بیگۆڕن، بەبێ ڕەزامەندیی ئەو کەسەی کە مافەکەی بۆ دانراوە.

٢- مەرجی پێش وەخت بۆ لە بەرچاوگرتنی دەوڵەت «الشرط الأكثر رعاية».

هەندێ پەیماننامەی ئابووری، بازرگانی، کەشتیەوانی، قونسوڵی، گومرگی، نیشتەجێبوونی بێگانەکان و ڕێککەوتننامەکانی کار دەنووسێ کە لەسەر بنەمای مامەڵە لەگەڵ یەکترکردنی وەك یەك، دوو دەوڵەت پەیمان دەدەن کە لە ئایندە هەر یەك لەوانە هەر پەیماننامەیەکیان لەگەڵ کەسی سێیەم بەست و هەر جیاووکێك درا بەو دەوڵەتە، ئەوا یەکێ لەو دووانەی یەکەم کە لایەن نییە لە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ کەسی سێیەم هەمان جیاووك و مافی دەبێ و سوود لە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامە دەبینێ کە لایەن نییە تێیدا، بەبێ ئەوەی بچێتە ناو ئەو ڕێککەوتننامەیەوە.

(٤٤) د. حامد سلطان، المصدر السابق، ص ١٨٣ ومابعدها، او د. عصام العطية، المصدر السابق، ص١٧٣ ومابعدها.

٣- ئەو پەیماننامەی کە دواتر دەوڵەت دەچێتە پاڵی «الأنضمام اللاحق»

لەم حاڵەتدا پەیماننامەی داخراو هەیە کە دەقی تێدا نییە کە ڕێگە بدات دەوڵەتی تر قبووڵ بکات بۆیە پێویستی بەدانوستان هەیە لەگەڵ لایەنەکان بۆ قبووڵکردنی. پەیماننامەی کراوە کە دەقی تێدایە ڕێگە دەدا کە کەسی تر بێتە ئەندام تێیدا، هەروەها مافی هەموو دەوڵەتانە کە ببنە ئەندام لە پەیماننامەی بەکۆمەڵدا، مەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەمەی تێدا بێ.

٤- ئەو پەیماننامانەی کە بارێکی هەمیشەیی ڕێك دەخەن

هەموو دەوڵەتان دەبێ ڕێز لەو پرەنسیپانە بگرن کە بۆ ڕێکخستنی بارێکی بەردەوام و هەمیشەیی هاتووەنەتە ئاراوە، لە پەیماننامە شارعەکاندا کە جێی بایەخی کۆمەڵی نێودەوڵەتیین، کە ئەو دەوڵەتەی بەشدار بووە و بەشدار نەبووە لە دانانیاندا بەهایەك وەردەگرێ. وەك ئەو سیستەمە یاساییانەی کە تایبەتن بەبێ لایەنی هەمیشەیی یان هەرێمێك کە سیفەتی بەردەوامی هەیە. لە ڕاستیدا بنەمای ئیلتیزامکردنەکەش لەم حاڵەتەدا تەنیا پەیماننامەکە نییە، بگرە ڕێسایەکی عورفیی گشتیی موجەڕەدە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەبێ ڕێز لە بارودۆخی نێودەڵەتیی ئارامبەخش بن.

٥- ئەو پەیماننامانە کە ئەرك «ئیلتیزام» دەخەنە ئەستۆی کەسانی تر

ئەم ڕێسایە بەو مانایە نییە کە ناکرێ پەیماننامە سەرچاوەی زیان گەیاندن بێ بەئەوانی تر، چونکە لە سروشتی ژیانی نێودەوڵەتی وایە کە ئەو پێوەندییانە کە لە نێوان یەکە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبن، دەکرێ زیان بەبەرژەوەندی یەکە کۆمەڵایەتییەکانی تر بگەیەنن، وەك ئەو پێوەندیانەی کە لە نێوان تاکەکاندا دروست دەبێ[٤٥].

---

(٤٥) د. حامد سلطان المصدر السابق، ص١٨٥.

بەڵام ڕێسای گشتی ئەوەیە کە ئیلتیزام دروستکردن لەسەر ئەستۆی ئەوانی تر بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان نابێ، هەروەك لە مادەی ٣٥ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننادا هاتووە کە ئەو کاتە ئیلتیزام دەبێ لەسەر ئەستۆی کەسی تر کە نییەتی لایەنەکان بۆ ئەمە هەبێ و ئەو دەوڵەتەی تر بەئاشکرایی قبووڵی کردبێ.

سێیەم: گەرەنتییەکانی جێبەجێکردنی پەیماننامە

جێبەجێنەکردنی پەیماننامە لە لایەن هەر لایەنێکەوە بەکارێکی ناڕەوا لە قەڵەم دەدرێ و، بەرپرسیاریەتیی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی و دەبێ قەرەبووی ئەو زیانە بکا کە لەمیانەی سەرپێچیکردنەوە هاتووەتە پێش و، زۆر جار پەیماننامە دەنووسێت کە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکان لەسەر جێبەجێکردنی پەیماننامە بەڕێگەی ناوبژیوانی «تحکیم» یان یەکلاکردنەوەی دادوەری بۆ دیاریکردنی بەرپرسیار و بوارەکانی بەرپرسیاری و چۆنیەتیی قەرەبووکردنەوە.

بیری گەرەنتی لە سەردەمی فیرعەونەکانەوە هەبووە و لە ئێستادا بەشێوەیەکی هاوچەرخ کۆمەڵە گەرەنتییەك هەیە کە دەستەبەری جێبەجێکردنی ئیلتیزاماتی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان دەکەن(٤٦).

بەڵێنی دەوڵەتێك یان کۆمەڵە دەوڵەتێك کە لایەن نین لە پەیماننامەیەکدا گەرەنتی دەدن بەبەکارهێنانی دەسەڵات و هێز یان بۆ ناچارکردنی دەوڵەتێك بۆ بەجێهێنانی ئیلتیزامەکەی.

١- داگیرکردنی بەشێك لە هەرێمی دەوڵەتێك بۆ ئەوەی بەڵێنەکە بەجێ بێنی، ئەمە زیاتر لە پەیماننامەی ئاشتەواییدا هەیە.

٢- دیاریکردنی داهاتی دەوڵەت بۆ وەفاداربوونی بەقەرز.

٣- بوونی دەقێك لە پەیماننامە کە لە ژێر سەربەستیی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ بێ.

---

(٤٦) د. محمد الجذوب، المصدر السابق، ص ٥٥٦- ٥٥٧.

٤- لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا چەند ئامرازێکی گرینگ هەن بۆ گەرەنتیی جێبەجێکردنی پەیماننامە، بۆ نموونە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست دەداتە دەزگاکانی، بۆ کەفالەتی جێبەجێکردنی دەقەکانی.

**٧- شیکاریکردنی پەیماننامە**

بێگومان حوکمەکانی پەیماننامە لە لایەن لایەنەکانەوە بۆچوونی جیاواز وەردەگرن لەمەڕ دروستیی مانای دەقەکانی یان دیاریکردنی مەدلوولەکانی یان دیاریکردنی مەبەستە هاوبەشەکان کە لایەنەکانی ڕێککەوتننامە دەیانەوێ لە کاتی بەستنی پەیماننامە بەرجەستەیان بکەن، ئەو بۆچوونە جیاوازانە لە بواری نێودەوڵەتیدا بەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ بن، لایەنەکان لەوانەیە پەنا بۆ چەند ئاراستەیەك ببەن لەوانە، دەستەی ناوبژیوان، دەستەی دادوەری بۆ تەفسیرکردنی ئەحکامەکان بەگوێرەی پرەنسیپەکانی تەفسیرکردنی، هەروەها لەوانەیە لایەنەکان بۆ خۆیان دەقەکان تەفسیر بکەن. لەم حاڵەتەدا سەربەستیی ڕەهایان هەیە(٤٧):

- دەکرێ تەفسیرکردنە کە بگونجێ یان نەگونجێ لەگەڵ پرەنسیپە گشتییەکانی تەفسیر.
- یان ڕێك دەکەون لەسەر تەفسیرێکی جیا، وە بەڕێککەوتنێکی نارەسمی دەگەن و ئەو تەفسیرەی کە لەسەری ڕێك کەوتوون جێبەجێ دەکەن.
- یان ڕێك دەکەون بەتەفسیرکردنی ئەو دەقەی کە ناکۆکن بەهۆی ڕاگەیاندنێك یان پرۆتۆکۆڵێکی پاشکۆ.
- یان ڕێك دەکەون لەسەر تەفسیر و تۆمارکردنی ڕێککەوتنەکە لە پەیماننامەیەکی دواتردا کە بەهەمان ئامرازی ڕێککەوتنە ئەسڵییەکە لە دایك دەبێ و پێی دەوترێ تەفسیری ڕەسمی.

---

(٤٧) د. مأمون مصطفى، المصدر السابق، ص ٧٨-٧٩.

هەروەها ڕێككەوتننامەی ڤیەننا لە مادەكانی ٣١، ٣٢، ٣٣دا باسی لە ڕێسا ئەسڵی و تەواوكاریەتیی تەفسیركردنی پەیماننامە كردووە كە پرەنسیپە سەرەكییەكانی تەفسیركردنی پەیماننامە بریتین لە:

١- تەفسیركردنی پەیماننامە بەنیەت پاكی و بەگوێرەی دەقی ئاسایی لە دەستەواژەكانی پەیماننامە لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا، لە ژێر ڕۆشناییی بابەت و مەبەستەكانی.

٢- تەفسیركردنی پەیماننامە لە چوارچێوەی تایبەت بەپەیماننامە، وێڕای دەقی پەیماننامەكە و دیپاچە و كورتكراوەكانی ئەمانەش دەگرێتەوە.

أ- هەر ڕێككەوتنێكی تر كە بۆ تەفسیر یان جێبەجێكردنی ئەحكامەكان كردوویانە.

ب- هەر ڕێڕەوێكی تر كە لایەنەكان بۆ جێبەجێكردنی پەیماننامە بۆ تەفسیركردنی پێی لەگەڵە.

ت- هەر ڕێسایەكی نێودەوڵەتی كە پێوەندیی بەبابەتەكەوە هەیە و دەكرێ لە پێوەندیی لایەنەكاندا جێبەجێ بكرێ.

هەروەها بۆ تەفسیری دادوەری چەند ڕێسایەك هەیە كە دادگەی دوەلی لەسەریان كار دەكا لەو ڕێسایانە:

أ- پێویستە بە نیەت پاكی تەفسیر بكرێن.

ب- دەقە ڕوونەكان تەفسیركردنیان ناوێ.

ج- زاراوەی ئاسایی ئەو مانایەیە كە باوە، مادام ئەوە نەسەلمێندرێ كە نیەتی لایەنەكان مانایەكی ترە.

د- كارپێكردنی دەق باشترە لە پشتگوێخستنی.

هـ- ئەو دەقانەی كە كۆت لەسەر سەروەیەتیی دەوڵەت دادەنێن دەبێ بەبەرتەسكی تەفسیر بكرێن.

و- تـەفسیـری پـەیمـانـنـامـە لـە چـوارچـێوەی ئـەو ئـامـانجەدا دەبـێ کـە لایـەنەکان ویستوویانە بیهێننە دی.

ز- دەکرێ کاروباری لێژنەی ئامادەکاری وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی دیاریکردنی ناوەڕۆکی خواستی لایـەنـەکان بەکار بهێنرێ.

٨- **هەموارکردن و گۆڕانی پەیماننامە**

هەمیشە لە بەستنی پەیماننامەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە پێویستیی هـەنوکـەیـیـی ڕێکـخستـنـی پـێوەنـدی یـان بـارێکی دیـاریکراو هـەیـە کە لایەنەکان دەیانەوێ بێهێننە دی و مادام ژیان پێویستی بەجوولەیەکی بەردەوامە، کەواتە کارێکی گونجاوە کە پەیماننامە دەکرێ هەمووار بکرێ بۆ ئەوەی باشترین سوود ببەخشێ بەلایەنەکان.

یـاسانـاسانی نێودەوڵەتی چەند زاراوەیـەکیـان بـەکار هـێناوە، لـەوانە کـرداری پـاکـکـردنـی پـەیمـانـنـامـە، یـان چـاوپـێداخشـانـدنـەوە، بـەڵام ڕێککـەوتـنـنـامـەی ڤـیـەننـا هـەمـوارکردنی بـەکار هـێناوە. لایـەنـەکانی پەیماننامە دەتوانن هەموو یان بەشێکی هەموار بکەن، ئەوەش کاتێ کە گۆڕانێك لەو بارودۆخە دێتە دی کە پەیماننامەکەی تێدا بەستراوە، بەهۆی گـۆڕانـی هـاوسەنگـیـی هـێزی سیـاسی و ئـابـووری و سەربـازیـی نێوان لایەنەکان. ئەو کاتە دەقەکانی پەیماننامە لەگەڵ باری نوێ ناگونجێن، پـێویستـە هـەمـوار بـکرێن، وە گرفـتـیش دێـتـە پـێش بـەتـایـبـەت بـۆ ئـەو پەیماننامانەی کە کاتی دیاریکراویان نییە(٤٨).

هەروەك ڕێساکانی هەموارکردنی لە مادەی ٣٩ و ٤٠، وە ڕێساکانی گۆڕان لە مادەی ٤١ لە ڕێککەوتننامەدا ڕوون کراونەتەوە.

٢- داب «عورف»ی نێودەوڵەتی

داب لـە یـاسای نـاوەخۆدا لـە ڕووی زمـانـەوانییـەوە بـەڕاهـاتـنـی خـەڵك دەوتـرێ لـەسەر ڕەوشتـێك و دووپـاتـکردنـەوەی ئـەو ڕەوشتـە بـەدرێژاییی

(٤٨) د. السيد مصطفى احمد ابو الخير، المصدر السابق، ص ٦٢.

ماوەیەکی زۆر، بەجۆرێ بڕوایەکی گشتیی ئەوتۆ دروست بکا کە ئەو ڕەوشتە شایانی پەیڕەویکردن بێ(٤٩).

لە یاسازانشدا، داب بەو کۆمەڵە ڕێبازە دەگوترێ کە بەهۆی دووپاتکردنەوەی ئەو جۆرە ڕەوشتەی سەرەوە دێنەکایەوە و دروست دەبن و بڕوایەکی گشتی بەخەڵك دەسەلمێنن کە ئەو ڕێبازە سەپاوەیە و پەیڕەوی کراوە(٥٠).

عورفی نێودەوڵەتی سەرچاوەی ڕاستەوخۆی دووەمی دروستکردنی ڕێسای یاسای نێودەوڵەتییە، هەندێ یاساناسان بەگرینگترین سەرچاوەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیی دای دەنێن؛ چونکە زۆربەی ڕێسا دوەلییەکان لە عورفەوە هاتوون، هەروەها ئەو ڕێسایانەی کە لە پەیماننامەیەکدا جێ دەگرن، زۆربەی جار گوزارشتن یان داڕشتنی ئەوەنە کە لە عورفەوە جێیان گرتووە پێش بەستنی پەیماننامە، هەروەها عورف، چونکە ڕێساکانی گشتگیرن و بۆ هەموو دەوڵەتان مولزەمن، بۆیە دەکەوێتە سەرووی پەیماننامەوە. لە کاتێکدا هێزی ئیلزامیی پەیماننامە تەنیا بۆ ئەو دەوڵەتانەیە کە بەستوویانە و، ئێستاکەش یاسای گشتیی نێودەوڵەتی پشتیوانیی ئەم ئاراستەیە دەکا، زۆربەی ئەو ڕێساو ئەحکامانەی کە پێوەندی نێوان دەوڵەتان ڕێك دەخەن لە کاتی ئاشتی و جەنگ و بێ لایەنیدا لەسەر ئەو عورفە وەستاون کە لە نێوان دەوڵەتاندا جێی گرتووە(٥١).

داب لە یاسای نێودەوڵەتیدا ،ڕەفتارێکی نێودەوڵەتییە کە لە ڕاهاتن و دووپاتکردنەوەی هەڵسوکەوتێك خۆی دەنوێنێ کە لەسەر ڕێبازێکی دیاریکراو بەشێوەی ئەنجامدانی کارێك یان نەکردنی و هەستکردن

(٤٩) د. سعدی بەرزنجی، تیۆری گشتیی یاسا، ١٩٨٩، ل١٦١.

(٥٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٥١) د. حسن الجيلي، المصدر السابق، ص٥٥.

بەپابەندبوون بەو ڕەفتارە دێتە ئاراوە. واتە وەك ماف و ئەركێك دێتە پێش كە یاسا كەفاڵەت و پارێزگاریی لێ دەكا و بەپرسیاریەتیی یاسایی دەسەپێنێ، بەسەر لادەردا. لەمەوە مەرجە كە بۆ دروستبوونی داب دوو ڕایەڵی سەرەكی هەبێ(٥٢).

١- ڕایەڵی مادی «الركن المادي»: بریتییە لەو كۆمەڵە ئەحكامە یاساییەی كە بەهۆی دووپاتبوونەوەی، ئیلتیزامی دەوڵەتانیان لەسەر دروست دەبێ، كە ڕێساكانی لە بیروڕای زۆربەی دەوڵەتاندا خاسیەتی ئیلتزامیان وەرگرتووە. ڕاهاتن لەسەر نەریتێك كە لە هەڵسوكەوتی دەوڵەتان دووپات بێتەوە و، ئەم ڕەفتارەی كە عورفەكە پێك دێنێ پێویستە گشتی بێ، واتە زۆربەی دەوڵەتان لەسەری بڕۆن، لێرەدا، گشتی مانای تێكڕا نییە، چونكە دەكرێ دابێكی نێودەوڵەتی تایبەت بێ وەك ئەو دابەی پێوەندیی چەند دەوڵەتێكی دیاریكراو ڕێك دەخا كە لە ڕووی شارستانییەوە لێك نزیكن یان هاوبەشی هاوڕەگەزن، وەك ئەوەی كە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەكی هەرێمیدان، هەروەها دەبێ داب دووپاتكراوە بێ وە پێشینەی هەبێ و ماناكەی دەق بكرێ و، لە ڕووی كاتەوە لەوانە بەسەدە یان بەچەند ساڵێك بێتە دی، یان لە كۆمەڵگەی هاوچەرخدا كە پەیوەندییەكان زۆر و خێران، توخمی كات گرینگیی كەم بووە و لەوانەیە بەكاتێكی كەم بێتە دی.

٢- ڕایەڵی مەعنەوی «الركبان المعنوي»: بریتییە لەو بیروباوەڕەی كە لە لای دەوڵەتان هەیە، بەوەی كە ئەو هەڵسوكەوتەی كە دەیكەن یان جێبەجێی دەكەن پەیڕەوی لێكردنی یاساییە و ئەم ڕایەڵە لە ڕووی كاتەوە لە پێش ڕایەڵی مادییە و زۆر گرینگە بۆ دروستبوونی عورف كە لە نەریت «العادة» و موجامەلەی نێودەوڵەتی، جیای دەكاتەوە. دەكرێ

(٥٢) د. محمد طلعت الغنيمي، المصدر السابق، ص٣٦٥ ومابعدها، د.محسن افكيرين، المصدر لسابق، ص١٣٨.

ڕێسا عورفییەکان لە بواری نێودەوڵەتیدا بەچەند ئامرازێك بسەلمێنین کە مانای بەردەوامیی دەوڵەتان بەگوێرەی ڕێسای یاسایی بگەیەنێ، لەوانە ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە دەسەڵاتەکانی ناوخۆی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرن و دابی نێودەوڵەتیان لێ دروست دەبێ، لەوانە ئەو نێردراوە دیبلۆماسی و ڕێنماییە فەرمییانەی کە لە دەوڵەت دەردەچن و ئەو ڕینمایی و فەرمانانەی کە لە کاتی جەنگدا لە دەوڵەتەوە بۆ سەرکردە و لەشکر دەنێردرێن، هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەتەوە دەردەچن و حوکمی دادوەری ناوەخۆ تایبەت بەو مەسەلانەی کە پەیوەندیی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە. هەروەها لە ئاستی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کە بەشداری لە دروستکردنی داب دەکەن، دەکرێ نموونە بەبڕیاری دادگە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بەڕێساکانی بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی و داننان بەحکوومەت و دەوڵەتان و شیکردنەوەوەی پەیماننامەو... هتد هەیە، هەروەها پەیماننامە گشتی و تایبەتییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو ڕەفتارانەی کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و... هتد، دەردەچن.

داب وەك سەرچاوەیەکی یاسای نێودەوڵەتی لایەنی باشی هەیە کە ڕێساکانی نەرمن و قبووڵی پێشکەوتنی بەردەوام دەکەن کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی یاسایی پراکتیکیدا دەگونجێ، بەڵام لایەنی خەوشی ئەوەیە کە ڕێساکانی سنووریان دیاریکراو نییە و نادیاری و هێواشی تێدایە(٥٣).

٣- پرەنسیپەکانی یاسایی گشتی

یاساناسان هەوڵی زۆریان داوە بۆ دیاریکردنی مانای ڕاستەقینەی پرەنسیپەکانی گشتیی یاسا، بەڵام ڕای سەرەکی بۆ دیاریکردنی ئەم

(٥٣) بۆ زیاتر بڕوانە د. عبدالحسین القطفي، المصدر السابق، ص١٦٠.

مەبەستە ئەوەیە کە بەیەکگەیشتنێك دەکا لە نێوان پرەنسیپەکانی گشتیی یاساو نێوان ئەو فەلسەفە گشتییەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە. کەواتە پرەنسیپی یاسای گشتی ئەو ئایدیانەیە کە لە بیری گشتیدا بۆ بوون «وجود» هەیە، یان بۆچوونی گشتی هەبوونی ژیان، لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کە دەبێتە هۆی لێ دەرهێنانی کۆمەڵێك ڕێسای یاساییی دانراو کە ڕەفتاری کەسەکان لەو کۆمەڵەدا ڕێك دەخا(٥٤).

هەر بۆیە پرەنسیپە گشتییەکانی یاسا، ئەو ڕێسا یاساییانەن کە هەڵگری مانای گشتی و شێوە جیهانین، کە یاساکانی ناوەخۆی زۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو خودان شارستانیی پێشکەوتوو لە خۆی دەگرن و لە ماددەی ٣٨ی نیزامی بنەڕەتیی دادگەی دادی نێودەوڵەتیدا هاتووە. هەر بۆیە ناوەڕۆکی پرەنسیپە گشتییەکانی یاسا، دەکرێ لە پرەنسیپە گشتییەکانی نیزامی یاسایی ناوەخۆ یان لە پرەنسیپە گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی وەربگیرێن(٥٥).

پرەنسیپەکانی گشتیی یاسا زۆر و هەمەجۆرن، هەندێکیان نووسراو و هەندێکیان نەنووسراون، هەمانە سیمایی سیاسییان هەیە، وەك پرنسیپی سەروەریەتیی گەل، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ڕەوایی ملکەچبوونی دەوڵەت بۆ یاسا، هەروەها هەندێکیان سیمایەکی ئابوورییان هەیە، وەك پرەنسیپی موڵکییەتی تایبەت پارێزراوە، یاسا هەرمانە «وەزیفە» کۆمەڵایەتییەکەی دەپارێزی هەروەها هەیانە سیمای یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیە، وەك پرەنسیپی نابێ کەس پاساو بەنەزانینی یاسا بێنێتەوە، وە هەیە سیمای ڕەوشتییان هەیە وەك نابێ بەخراپی بەکار بێ و

---

(٥٤) د. سمير عبدالسيد تناغو، النظري العامة للقانون، منشاة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٦، ص ٢٤٦– ٢٤٧.

(٥٥) بۆ زیاتر پێناسەکردنی بڕوانە: د. منذر الشاوي، المدخل لدراسة القانون الوضعي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩، ص ١٩٦ ومابعدها.

هەیە سیمایەکی شێوە دارِشتنی هەیە، وە هەیە سیمایەکی هەیە کە پاڵ دەدا بەلۆژیك یان سروشتی شتومەکەکانی یان داخوازی«العدالة» وەك پرەنسیپی کەسێ شتیکی نەبی ناتوانێ بیبەخشێ «فاقد الشيء لايعطه» و پرەنسیپەکانی گشتیی یاسا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن لە ژیانی یاساییدا(٥٦).

کە وەك مەعالمێك وایە کە ڕێنیشاندەرە بۆ پێگەی ڕێسای یاسایی هاوکاریی ڕێکخستنیان دەکا بەگوێرەی بۆچوونی ئاراستەکەری دیاریکراو، جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی گشتیی یاسا، وەك سەرچاوەیەکی یاسای نێودەوڵەتی، دەبێ گشتگیر بن، واتە پرەنسیپەکانی هاوبەش بن لە نێوان نیزامە جۆربەجۆرەکانی یاساییدا، نەك لە دەوڵەتێکدا و مەرج نییە هەموو پرنسیپێکی یاسایی ناوەخۆ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ بێ، دەبێ جیاوازییە هەیکەلییەکەی لە بەرچاو بگیرێ، بۆ نموونە لە سیستەمی یاسای ناوەخۆدا هەموو کەس بۆی هەیە سکاڵا لە دادگە بکا بەبێ وەرگرتنی لایەنی دووەمی داوایەکە، بەڵام لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەبێ لایەنەکان ڕازی بن و ئینجا پەنا بۆ دادگەی نێودەوڵەتی ببرێ، هەروەها وەك سەرچاوەیەك لە یاسای نێودەوڵەتیدا دوای ڕێسای ڕێککەوتن و عورفی جێبەجێ دەبێت، واتە هاوکارە بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانە پڕ بکاتەوە کە لەوانەیە لە ڕێسای یاسای نێودەوڵەتیدا هەبن، کە لەوانەیە لە مەسەلەیەکدا نە ڕێسای ڕێککەوتن و نە عورفیمان هەبێ و لە یاسای نێودەوڵەتیدا، نموونەی ئەو پرەنسیپانە وەك پرەنسیپی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و، نیەت پاکی لە وەفاداری بۆ ئیلتیزامە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها قەرەبووکردنەوە بۆ هەر پێشێلکارییەکی نێودەوڵەتی و... هتد(٥٧).

---

(٥٦) بۆ زیاتر بڕوانە: د. عبدالحي الحجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، الجزء الأول، جامعة الكويت، ١٩٧٢، ص٤٩٣.

(٥٧) د. أحمد أبو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام ، ص ٢٠٦ص ٢٠٩.

دەکرێ پرەنسیپە گشتییەکانی یاسایی لە بواری نێودەوڵەتیدا پۆلێن بکرێ بۆ سێ شێوە(٥٨):

پرنسیپەکان بۆ چارەسەری و شیکردنەوەی جۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك پرەنسیپی دادپەروەری خوازی و لۆژیك و عەدالەتی سروشتی.

١- ئەو پرەنسیپانەی کە لانی کەمی دادپەروەری دەستەبەر دەکەن.

٢- پرەنسیپە بابەتییەکان کە وەك بەڵگەن لە یاساکانی ناوەخۆدا و دەکرێ لە بواری دوەلیدا بەکار بێن.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ کە ئەو پرنسیپە گشتییانەی کە نەتەوە شارستانییەکان دانیان پێداناون، ئەو پرەنسیپە گشتیانە دەگرێتەوە کە لە نیزامی یاسایی سەرەکیدا هەیە لە جیهاندا هەن(٥٩).

---

(٥٩) د. محمد منصور الصاوي، المصدر السابق، ص ٥٠٥.

(٥٨) د. محمد طلعت الغنيمي، المصدر السابق، ص ٥٠٩-٥١٠.

باسی دووەم

## سەرچاوەکانی نافەرمییەکان

لە نیزامی بنەڕەتیی دادگەی دادی نێودەوڵەتیدا هاتووە کە لە کاتی نەبوونی سەرچاوەی سەرەکی، ئەوا دادگە دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ حوکمەکانی دادگەکان و ڕێبازی گەورە یاسازانان لە بواری یاسای گشتی لە سەرجەم نەتەوەکاندا، هەروەها دادگە دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپەکانی یەکسانی و ویژدانی، ئەگەر لایەنە پێك ناکۆکەکان ڕازی بوون.

**١- بڕیاری دادگەکان**

بڕیاری دادگە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان، وەك سەرچاوەیەك بۆ بەڵگە هێنانەوەی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ، وێڕای ئەوەی کە حوکمی دادگە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان هۆیەکن بۆ دروستبوونی عورف، ئەوا دادوەر و نەیارەکان «دژەکان» دەتوانن بەهۆیەوە بگەنە زانینی ڕێسایەکی یاسایی نێودەوڵەتی کە لە پەیماننامەو عورفدا نەهاتبێت، یان بگەن بەهەڵێنجانی «دەرهاوردن»، هەوەها ئەم چەشنە بڕیارانە بەشداری دەکەن لە دروستبوونی یاسای نەنووسراو تا ئەحکامەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی بەتەواوی دەنوسرێنەوە، هەروەها بۆ شیکردنەوەی ڕێسایەکی یاسایی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

**٢- بۆچوونی یاسازانانی نێودەوڵەتی**

ڕۆڵی یاساناسان بەتایبەت لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی شیکردنەوەی پرەنسیپ و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیدا گەورە و بەرچاوە، کە هاوکاری دەکات بۆ سەلماندن و شیکردنەوەی ئەحکامەکان و دۆزینەوەی لایەنەکانی کەمتەرخەمیی ئەو بوارە، وە لە مێژووی ئەم

بوارەدا یاسازانی زۆرمان هەن. لە ڕاستیدا یاسای نێودەوڵەتی لەسەر شانی یاساناسان، لە دایك بوو و پێش کەوت، وەك گروسیۆسی هولەندی و بافندروفی ئەڵمانی کە لە سەدەی حەڤدەدا ژیان. هەروەها بینکر شوکی هۆڵەندی و فاتیلی سویسری و لە چاخی نوێدا تریبل و شتروبی ئەڵمانی و ئەنزیلۆتی لە ئیتالیا و ئوبنهایم لە ئینگلترا و کالفو لە ئەرجەنتین و... هتد.

## پێڕست


پێشەکی ........ ٥

**بەشی یەکەم**

ناساندنی گشتیی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ٧

باسی یەکەم: گرینگیی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ٩

باسی دووەم: قۆناغەکانی پێشکەوتنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ١٤

باسی سێیەم: ناساندنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ١٨

لقی یەکەم: کەسی یاسایی لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا ........ ١٨

لقی دووەم: پێناسەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ٢٠

باسی چوارەم: جیاوازیی نێوان یاسای گشتیی نێودەوڵەتی و... ........ ٢٦

باسی پێنجەم: پێوەندیی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوەخۆ ........ ٣٣

باسی شەشەم: بنەماکانی پابەندبوون بەیاسای نێودەوڵەتییەوە ........ ٣٥

**بەشی دووەم**

هەندێ پێشهاتی نوێی یاسای نێودەوڵەتی ........ ٤٩

باسی یەکەم: هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی یاسای نێودەوڵەتی ........ ٥١

باسی دووەم: هەندێ گۆڕانکاری کە بەسەر یاسای نێودەوڵەتیدا هاتوون ........ ٥٤

باسی سێیەم: لقەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی ........ ٥٦

باسی چوارەم: کێماسییەکانی – کەلێنەکانی "کەموکورییەکانی"... ........ ٥٩

باسی پێنجەم: گرفتی جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی ........ ٦٢

باسی شەشەم: کارایی ڕێسای نێودەوڵەتی ........ ٦٤

**بەشی سێیەم**

سروشتی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ٦٥

یەکەم: لە ڕووی هەیکەلییەوە ........ ٦٨

دووەم: لە ڕووی بابەتییەوە ........ ٧٥

سێیەم: لە ڕووی لایەنی کەسییەوە ........ ٧٥

**بەشی چوارەم**

لقەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ........ ٧٧
باسی یەکەم: دابەشکردنی بەگوێرەی بابەتەکان ........ ٧٩
باسی دووەم: دابەشکردنی یاسای نێودەوڵەتی... ........ ١٨٨

**بەشی پێنجەم**

سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی ........ ١٢١
باسی یەکەم: سەرچاوە فەرمییەکان ........ ١٢٧
باسی دووەم: سەرچاوە نافەرمییەکان ........ ١٢٧